# ماجەراكانی سەلمانی فارسی

**رۆمان**

**یوسف عیزەدین**

**سلێمانی**
**٢٠٠٩**

**سەرپەرشتیاری پرۆژە: جەبار سابیر**

**جێگری سەرپەرشتیار: ئارام سدیق**

# **ناوی کتێب: ماجەراکانی سەلمانی فارسی**
# **بابەت: رۆمان**
# **نووسەر: یوسف عیزەدین**
# **نەخشەسازیو بەرگ: یانەی قەڵەم**
# **تیراژ: ٥٠٠ دانە**
# **چاپ: چاپی یەکەم (٢٠٠٨)**
# **چاپخانە: یاد، بازاڕی سۆز، نهۆمی سێیەم**
# **نرخ: ٢٠٠٠ دینار**
# **ژمارەی سپاردنی (٢٣٧٦)ی وەزارەتی رۆشنبیری بۆ ساڵی ٢٠٠٨دراوەتێ.**

**لەچاپکراوەکانی پرۆژەی کتێبی یانەی قەڵەم**

**زنجیرەی ژمارە (٤٥)**

**ناونیشان: یانەی قەڵەم، سلێمانی، سابونکەران، بینای هەورامان نهۆمی سێهەم. ژمارەی تەلیفۆن: ٠٧٧٠١٥٧٥٧٢٦**

Pin_clap۲۰۰۸@yahoo.com

## گەڕانەوەی جوانترین سۆزانی

رۆژی گەڕانەوەی جوانترین سۆزانی، بەڕێکەوت کەوتە ساڵڕۆژی یادەوەری گەڕانەوەی پیرترین پینەچی شار کەسالآنە یاد دەکرایەوەو خەڵکێکی زۆر لەسەر ڕێگەی کۆنی هاتوچۆی کاروانەکان رادەوەستان و چاوەڕێی گەڕانەوەی ئەو زاتەیان دەکرد کە نەلەڕۆژگاری خۆیداو نەلەهیچ رۆژگارێکی تریشدا نەگەڕابۆوە، کەسیش بەتەواویی بەسەرهاتی ئەو یادکردنەوە سالآنەیەی نەدەزانی، سەرباری ئەوەی کەهیچی ئەوتۆش لەبارەی ئەو زاتەوە نەدەزانرا کەبەپیرترین پینەچی ناسرابوو، ئاخۆ بەڕاستی ئەو کەسە پینەچی بووە، یان تەنها نازناوی بووەو بۆخۆی شتێکی تر بووە؟.

لەو رۆژەدا کەجوانترین سۆزانی شار گەڕایەوە، خەڵکەکە بەشێوەیەکی سەیر شپرزە بووبوون و پێشوەخت هەواڵی گەڕانەوەی ئەو مێینە جوانەی شاریان بیستبوو کەبەفەرمانی میر بۆکاروبارێکی تایبەت نێردرابووە مەملەکەتێکی تر، بەدرێژایی مانەوەی لەوێ، میر بەتەواوی ئارامی لەبەر بڕابوو



بەهیچ کامێك لەکەنیزەك و ژنە زۆرەکان و مێینە سۆزانییەکانی تری دابین نەکرابوو، هیچ کامیان بەدرێژایی ئەو ماوەیەی کەجوانترین سۆزانییەکە لەسەفەر بوو نەیتوانیبوو ئاڵۆش و حەزی شەهوانییانەی میر دابمرکێنێتەوە.

هەودایەکی نهێنی میر و ئەو سۆزانییەی پێکەوە گرێدابوو، هەبوون دەیانگوت گوایە میر ئاشقی ئەو دەنگە سەیر و سەمەرەو پڕ تەلیسم و نهێنی و ئاڵۆشاوییانەی بووە کەلەکاتی رابواردنیدا لەگەڵی گوێبیستی بووە، دەنگێك کەمیری گەیاندۆتە رادەی مەستبوون و تواندنەوەو جار ناجارێکیش لەکەناری شێت بوون نزیکی کردۆتەوە، گوایە ئەو سۆزانییە پێش ئەوەی دەستی بەمیر رابگات خەریکی کاری جادووگەری بووەو توانیویەتی لەڕێگەی چەشنە سیحرێکەوە هەموو دەنگی مێینە ئاڵۆشاویەکانی پێش خۆی لەخۆیدا کۆبکاتەوەو لەکاتی جووتبوونی میر لەگەڵی، هەموو ئەو دەنگانە بخاتەوە گەڕو لەزەینی میردا ساتەوەختی هاتنەدەرەوەی ئەو دەنگانە لەزاری بکەرەکانی بەرجەستەبکات، ئەو دەنگانە هەر یەك بۆخۆی حیکایەتی ساتەوەختێکی خۆی هەبوو، ساتەوەختی چێژ لێ بینینێکی جوداو جیاواز لەهەموو ئەو ساتەوەختانەی کەمیر پێش ئەو سۆزانییە بینیبوونی، ساتەوەختی ئاخ و ئۆفکردن و لەرینەوەی دەنگ و نووزەو ناڵەیەکی پەنهانی شاراوەو دەربڕینی حەزێکی شێتانەی شاراوە.

میر لەو رۆژەوە کەئەوی لێ دیار نەمابوو سەدقاتی جاران هارتر بوو بوو، لەجاران دڕندەتر و بکوژتر بوو بوو،چەندین شێوازی ئەشکەنجە و سزادان و کوشتنی نوێی داهێنابوو، تەنانەت خەیاڵی لەئەشکەنجەدانی سەرجەم ئاژەڵە کێویەکانیش کردبۆوە، بەچەشنێك کەتا ئەو دەمیش شتی لەو جۆرە بەخەیاڵی هیچ کەسێکدا نەهاتبوو.

تێکەڵبوونی رۆژی هاتنەوەی سۆزانییەکەو ساڵیادی گەڕانەوەی پیرترین پینەچی خەڵکەکەی کردە دوو بەرە، بەرەیەکی قەرەباڵغ بەرەو پێشوازی سۆزانییەکە کەوتە رێ و بەرەیەکی کەمیش کەزیاتر پیرو پەککەوتەکانی شاری "ینامێلس" بوون روویان کردە رێگەی کۆنی هاتووچۆی کاروانەکان کەساڵانێکی دوور و درێژ تاکە رێگە بوو بوو، تادواتر پاش بوومەلەرزەیەك لەلایەکی شارەکەوە چیایەك بەتەواوی لەگەڵ عەرد بووە یەك و ئیدی لەو دەمەوە ئەوێ بوو بووە رێگەی هاتووچۆی کاروانەکان.

"سەلمانی فارسی" هەرچەندە لەو دەمەدا گەنج بوو، بەڵام ئەویش یەکێك بوو لەوانەی کەلەگەڵ پیر و پەککەوتەکانی شار بەرەو رێگەی کۆنی کاروانەکان کەوتنە رێ.

کاتێك " ساتیا سیامەنسووری" ئەوەی پێشتری بۆ گێڕامەوە، فرکان فرکانی دوو مشکی نزیك خۆمان سەرنجی راکێشا و هەستایە سەرپێ و دواتر روانییە شەپۆلەکانی ئەو دەریایەی لەو ساتەوەختەدا شێتانە خۆی لەتاوێرە بەردەکانی کەنارەکە دەدا، پەنجەی بۆ شوێنێکی دیاریکراوی کەنارەکە راکێشا:



( – "تاریقی کوڕی زیاد" ئالەوێوە هێرشی کردە سەر ئەم پانتاییە جوگرافییە، هەرچەند بیر لەو ساتەوەختە دەکەمەوە هەستێکی سەیرم لادروست دەبێت، کاتێك جەنگاوەرەکانی ئاوڕ دەدەنەوە دەبینن خەریکی سووتاندنی کەشتییەکانە و کاتێکیش پێی دەڵێن ئەی چۆن بگەڕێینەوە، دەڵێت: ناگەڕێینەوە!؟

– دیارە ئەگەر وای نەکردایە سەرکەوتنی دەبووە مەحاڵ!؟

– ئەو بەسووتاندنی کەشتییەکان تەنها مەبەستی لەوە نەبوو ناچاریان بکات بەشێوەیەکی سەر سووڕهێنەر بجەنگێن و سەربکەون، بەڵکو مەبەستی بوو رابردوویان بسڕێتەوەو رووبەڕووی داهاتوویەکی نەزانراویان بکاتەوە کەتەنها خۆیان دەتوانن بەدەستی بهێنن.

– بەڵام ئەگەر سەرکەوتوو نەبوونایە...؟!

– ژێرکەوتن لەشەڕێکی وادا ئاستەمە، لەکاتێکدا ئەگەر هەر هەمووشیان بکوژرانایە، ئەوان هەر براوە دەبوون بەوەی کەشوێنێکیان نەبوو بۆی بگەڕێنەوە، سەرکەوتوو دەبوون بەوەی رابردوویەکیان نەبوو بیری لێبکەنەوە، ئەوان کەسانێك بوون لەو ئان و ساتەدا تەنها لەوێدا بوون و وابەستەی هیچ نەبوون جگە لەکێشمانکێشی مانەوەو دەستەو یەخەبوون لەگەڵ مەرگدا؟

– بەڵام دواجار هەموو ئەوانەی تۆ باسیان دەکەیت لەئێستادا مردوون و ئەمە جگە لەوەی ئەوان تا ئەو شوێنەی دەستیان

بڕیکرد کیشوەرێکیان وێران کرد و دەرئەنجامیش لەرۆژگارێکی تردا وەدەرنران.

– ئەوەی بەلای منەوە گرنگە ئەو ساتەوەختەیە کەئەوان توانیان شتێك بکەن کەلەو دەمەدا کەس چاوەڕوانی نەدەکرد، مەسەلەکە پێوەندی بەژمارەی کەسەکان و رەگەز و بیروباوەڕیانەوە نەبوو، تەنها پێوەندی بەکردەی سووتانی کەشتییەکانەوە هەبوو؟

– هەست ناکەیت هانیبال زۆر پێش ئەوان شتێکی زۆر لەوەی ئەوان سەیرتری کردووە، بەمەبەستی داگیرکردنی "رۆما" خۆی و لەشکرێکی چەند هەزار کەسی و سەدان فیلی لەکەش و هەوایەکی ساردوسڕی کوشندەدا لەڕێی ریزە چیاکانی "ئالب"وە گەیاندۆتە رۆما؟!.

– هیچ شتێك بەلای منەوە لەوەی "تاریقی کوڕی زیاد" سەیرتر نییە، ئەو توانی سووتاندنی کەشتییەکان بکاتە سەرەتا!؟ ).



## سەلمانی فارسی حەکیم

گەڕیدە "سیاوڵە شاروخی" لەسەردەمی حوکمڕانی یەکێك لەمیرەکانی سولالەی میرانییەکان گەیشتۆتە شاری "ینامێلس"، لەسەرەتای گەشتنامەکەیدا گەڕیدە باسی شارێکی چۆڵ و هۆڵمان بۆ دەکات، بەچەشنێك کە بۆخۆی پاش چەند لاپەڕەیەکی گەشتنامەکەی باس لەو بارە دەروونیی و گومانەی خۆی دەکات کەئاخۆ بەڕاستی هاتۆتە نێو شارێکی راستەقینە کەپێشتر هەبووە، یان گەیشتۆتە نێو شارێك کەتەنها لەنێو زەینی ئەودا هەیەو لەڕاستیدا نییە. بەڵام دواتر هەروەك ئەوەی گوتەکانی پێشووتری خۆی لەیاد چووبێتەوە، دەکەوێتە وەسفکردنی شارێکی راستەقینەو باس و خواس و بەسەرهاتی راستەقینەی خۆی و کەسەکانی. تادەچێتە سەر وەسفکردنی یەکێك لەمیرەکانی ئەو سولالەیەو چۆنیەتی بینینی یەکەمینجاری و چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵی و زۆر شتی تریش.

سەرەتا بەهۆی پێشکەش کردنی سەعاتێکی فەرەنگییەوە دەتوانێت لەمیر نزیك بێتەوەو لەموسافیر خانەکەیدا بەدرێژایی ئەو ماوەیەی لەو شارەدا دەمێنێتەوە بمێنێتەوە، هەر لەیەکەم ساتەوە میر سەرسام دەبێت بەو شتەی کەمیللەکانی هەڵدەسووڕێت و توانای دیاریکردنی زەمەنی هەیە، تا ماوەیەکیش کەمیر دەچێتە بەردەم سەعاتە فەرەنگییە هەڵواسراوەکە لەخۆشیاندا بەشێوەیەکی هستریانە پێدەکەنێت و دواتر وەك دەگێڕنەوە پێکەنینەکەی بۆتە گریانێکی قووڵ، گریانێکی لێوانلێو لەبەدبەختی و کڵۆڵی سولالەیەك لەو میرانەی کەبەدرێژایی مێژوویان نەیانتوانی نە لەزەمەن حاڵی بن و نەتوانیشیان بچنە نێو مێژووەوە.

میر هۆگری "سیاوڵە شارۆخی" دەبێت و دەیکاتە یاوەری خۆی و تا رۆژێکیان لەگەڵ خۆی دەیباتە نێو حەمامە تایبەتییەکەی خۆیەوە.

کاتێك بەرووتی جەستەی "سیاوڵە شارۆخی" دەبینێت، ماسوولکە هێجگار گەورەو نائاساییەکانی لەشی زۆر سەرنجی رادەکێشێت و بۆ تاوێك سەرجەم حیکایەتی پاڵەوانی داستانەکانی بیر دەکەوێتەوە کەبەچەشنی تۆکمەیی جەستەو چۆنییەتی پێکهاتنی ماسوولکەکانیان لەو دەچن، هەر بۆیە بەمەبەستی زانین، پرسیاری چۆنیەتی دروستبوونی ئەو چەشنە ماسوولکانەی لێدەکات، بەتایبەت لەملەکەتەکەی ئەودا



نەخۆی و نەهیچ کەسێکی تری کورد خاوەن لەشولارێکی تۆکمەو جەستەیەکی ماسوولکەیی نەبوون.

"سیاوڵە" باسی چەندین جۆر وەرزشی تایبەت و سەیر و سەمەرەی بۆ دەکات کەلەوڵاتی ئەودا کەسانێکی زۆر بەمەبەستی گەشەپێدان و گەورەکردنی ماسوولکەکانیان سەرقاڵی ئەنجامدانین.

تامەزرۆبوونی میر بۆ فێربوونی ئەو جۆر و چەشنە وەرزشانە وای لێدەکات هەر یەکسەر و لەنێو حەمامەکەدا بەپیاوە نزیکەکانی خۆی رابگەیەنێت، کەدەبێت دەم و دەست بەسەرپەرشتی "سیاوڵە" ئەوشوێنە تایبەتییەی وەرزشکردن دروست بکرێت و چ پێویستیشە بۆ ئەو مەبەستە دەستبەجێ ئامادەبکرێت.

میر بەسەرپەرشتی "سیاوڵە" لەو شوێنەدا کە بەماوەیەکی زۆر کەم بنیات دەنرێت دەکەوێتە مەشقکردن و لەماوەیەکی کورتدا بەپێی ئەو بەرنامەیەی سیاوڵە بۆی دادەنێت و سەرباری پێدانی ئەو ئیکسیر و دەرمانانەی کەبۆخۆی دروستیان دەکات، میری کورتە بالاّ هێندەی نیمچە دێوێکی لێدێت و بەمەش سەرەتا هێندەی بۆخۆی بوغرایە بوغراتر دەبێت و رێژەی دڕندەیەتیشی لەجاران زیاتر دەبێت.

زل و زەبەللاح بوونی میر بەماوەیەکی کەم نەك هەر دەبێتە مایەی سەرنج راکێشان و قسەوباسی خەڵکی مەملەکەت و بەتایبەتیش خەڵکی شاری ینامێلس، بەڵکو سنووری

مەملەکەتیش تێپەڕدەکات و لێرەو لەوێ وەك داستان و ئەفسانە زلبوونی ئەو میرە پێشتر کورتە باڵایە دەگێڕدرێتەوە کەدواجار ئەو زلبوونەی دەبێتە کۆسپی سێکس نەکردن و مەحرووم بوونی لەهەموو مێینیەك کەپێشتر لەبەردەستیدا بووە، ئەمەش سەرباری زۆرداریێتی خۆی هێندەی تر دڵڕەقترو زۆردارتری دەکات، هاوارو دادو بێدادی خەڵکەکەی ژێر دەسەڵاتی دەگاتە ئاستێك کەخەڵکێکی زۆر بەناچاری هەڵدێن و روو دەکەنە شوێنانی تر، هێندە نابات میر هەست بەترسناکی ئەو زلبوون و زەبەللاحییەتەی خۆی دەکات و داوا لە سیاوڵە- ی گەڕیدە دەکات وەك خۆی لێبکاتەوە، بەڵام سیاوڵە هیچی پێناکرێت و چەندین جار سوێند بۆ میر دەخوات کەبۆخۆشی بەردەوام ئەو دەرمان و ئیکسیرانەی بەکارهێناوەو بەڵام هەرگیز وەك میری لێنەهاتووەو نکووڵی لەوەش دەکات کەئەو چەشنە زلبوونەی میر هیچ پێوەندییەکی بەدەرمان و ئیکسیرەکانییەوە هەبێت.

پاش ئەوەی میر دەگاتە یەقینی ئەوەی کەتازە کار لەکار ترازاوەو "سیاوڵە" بەرانبەر بەو حاڵەتە ناوازەیەی ئەو هیچی پێناکرێت، فەرمان دەدات بیبەنە پەنایەك و بیکوژن، بەڵام ئەو دوو کەسەی فەرمانی کوشتنەکەی "سیاوڵە" یان پێ دەسپێردرێت ناتوانن بیکوژن و لەدەستیان هەڵدێت، گوایە دەڵێن سیحری لێکردوون و لەناکاو دیار نەماوە، یان هەن دەڵێن هەر دووکیانی هیپنۆتیزمە کردووەو پاش دیار نەمانی هاتوونەتەوە هۆش خۆیان.



وەك دەگێڕنەوە بۆ یەکەمینجار پاش دیارنەمانی "سیاوڵە" ناوی حەکیمێك بەناوی "سەلمانی فارسی" یەوە دەبیسترێت، کەگوایە پێشتریش باو و باپیرانی هەر بەبنەچە لەشاری ینامێلس- دا ژیاون و ئەوانیش حەکیم بوون، بەڵام دوورە پەرێزیان و بێدەنگ کارکردنیان بۆتە هۆکاری ناوبانگ دەرنەکردن و نەناسرانیان.

بەڕێکەوت کاتێك میر دەچێتە راو و جیاواز لەجاران بەپێ رێدەکات، عەرافێك دەبینێت، کەپێی دەڵێت:

( چارەسەری ئێوە لای حەکیمێکە کەناوی سەلمانی فارسی-یە، توانایەکەی سەیری لەدروستکردنی هەموو جۆرە دەرمان و ئیکسیرێکدا هەیە، دەتوانێت بەماوەیەکی کەم بتانگەڕێنێتەوە بۆ دۆخی جارانی خۆتان، باوەڕبکەن ئەو حەکیمە جارێکیان مردوویەکی زیندووکردۆتەوە، زۆر شتی دیکەشی لەبارەوە دەگێڕنەوە، وەك نەخەوتنی دوور و درێژی کەجارێکیان گەیشتۆتە مانگێك و لەوەش سەیرتر توانای رۆژوو گرتنێتی کەچەند رۆژێك تێپەر دەکات ).

میر کیسەیەك زێڕ دەداتە عەرافەکەو داوای لێدەکات بەزووترین کات لەگەڵ ژمارەیەك لەسەربازەکانی بچنە دووی ئەو حەکیمەو دەست بەجێ بیهێننە بەردەم میر.

کاتێك سەلمانی حەکیم لەبەردەم میردا رادەوستێت، زۆر بەئاسایی تێی دەڕوانێت، میر بەمە زۆر دەشڵەژێت.

( نابینی بوومەتە چ دێوە زەلامێك، نازانم چۆن سەرسام نەبوویت، بۆ هیچ تێك نەچوویت، لەکاتێکدا تۆ یەکەمجارە دەمبینیت و پێشم وانییە پێش ئێستا هەواڵی ئەو زلبوونەی منت بیستبێت!؟).

کاتێك میر لەقسەکانی دەبێتەوە، سەلمان زۆر دەشڵەژێت و بەسەرسامییەوە دەڕوانێتە میر:

( – بەڵام گەورەم ئێوە کەسێکی ئاساین و هیچ جیاوازییەکی ئەو تۆتان لەگەڵ کەسانی تردا نییە!

– دیارە ئێوە کوێرن ئەی نابینن چ دێوە زەلامێکم!؟

– من کەسێکی زۆر ئاسایی دەبینم.

– دیارە تۆ رادەبووێریت ئەگینا کەس هەیە بتوانێت نکووڵی لەو حاڵ و قەبارەو شێوەیەی من بکات، هەر هەمووی خەتای "سیاوڵە" بوو، نازانم چۆن ئەو ئیکسیر و دەرمانانەی ئەوم خواردەوە، کورتەباڵایی و لاوازییەکەی پێشووترم زۆر لەئێستام باشتر بوو، حەز دەکەم ئەوە باش بزانیت زۆر ئاستەمە بۆ پیاوێکی زۆرپەڕی وەك من بتوانێت دان بەخۆیدا بگرێت و مەحرووم بێت لەهەموو ئەو چێژ و خۆشییەی نێو گەڵی مێینەکانی، من تۆم هێناوەتە ئێرە بۆئەوەی وەك خۆمم لێبکەیتەوەو بەدەرمان و دەوایەك بمگەڕێنیتەوە بۆ دۆخی جارانم، ئەگینا ئاقیبەتت باش نابێت.

– بەڵام گەورەم پێناچێت ئێوە لەمن حاڵی بن، من زۆر بەجددی بەئێوە دەڵێم، "من کەسێکی ئاسایی دەبینم"، چونکە بەڕاستی



واتان دەبینم و پێدەچێت ئەو "سیاوڵە"یەی کەباسی لێوە دەکەن ئێوەی دووچاری تەوەهومی زل و زەبەللاح بوون کردبێت، ئەگینا ئێوە هەر میرە کورتە باڵاکەی جارانن هەر وەك چۆن جارێکیان لەدەلاقەکەیەکی تاقیگەکەمەوە بینیوومن و هیچ گۆڕانکارییەکتان بەسەردا نەهاتووە.

– ئەی بۆ ناتوانم سواری ئەسپ ببم، بۆ ناتوانم وەك جاران بپەڕم، بۆ ناتوانم بەبێ خۆنووشتانەوە بەنێو دەرکەکانی پێشووتری کۆشکەکەمدا تێپەڕبم، بۆ سەرم دەگاتە بنمیچی ژوورەکان، بۆ بنیادەمەکان هێندە لەبەرچاومدا بچووکن، بۆ هینەکەم ئەوەندە زلە بەهیچ کونێکدا ناچێت؟!.. ئاخۆ ئەمانە هەمووی خەیاڵن، باشە ئەگەر خۆم ئاوا خۆم دەبینم، ئەی بۆ هەموو ئەوەی کەلەگەڵمەو ئەوەی دەمبینێت هەست بەو زلبوونەم دەکات و تەنانەت هەن هێندەیان نەماوە بەبینینم لەترساندا زراویان بتەقێت، نازانم ئەوەی تۆ دەیڵێیت تەوەهومە یان ئەوەی من و ئەو خەڵکە دەیڵێت و دەیبینێت!؟

– گەورەم هەموو ئەوانەی کەئێوە بەو شێوەیە دەبینن کەسانێکن بوونەتە بەشێك لەئێوەو وەك هەر پارچەیەکی جەستەتان لەهەمان شوێنەوە فەرمان وەردەگرن، کاتێك "سیاوڵە" توانی قەناعەت بەئێوە بکات کەبوونەتە کەسێکی زل و زەبەللاح، بەهەمان شێوەش هەموو ئەوانەی کەوابەستەی ئێوەن قەناعەتیان کردووە کەئێوە ئەوەن کەبۆخۆتان پێتان وایە؟

– بەڵام نە"سیاوڵە" قەناعەتی بەمن کردووە کەبوومەتە دێو و ئەمنیش قەناعەتم بەهەموو ئەوانە کردووە کەدەزانن بوومەتە دێو.

– خۆی زیرەکێتی ئەو زاتە لەوەدا بووە کەبەبێ ئەوەی هیچتان پێبڵێت وای لەئێوەکردووە کەقەناعەت بکەن بوونەتە بوونەوەرێکی زل و زەبەللاح، نهێنی ئەم هەستەی ئێوە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەرمان و ئیکسیرانەی کەدەرخواردی داون، بەشەکەی تریشی رەنگە سیحر بێت، یان رەنگە...؟!

– نازانم من ئێوەم هێنایە ئێرە تاچارەیەکم بۆ بدۆزنەوە، نەك بەفێڵ و تەڵەکەبازی هەوڵی هەڵخەڵەتاندن و فریودانم بدەن.

– بەڵام قوربان من هیچ ئامادە نیم لەحزووری جەنابتاندا درۆ بکەم، ئەمە جگە لەوەی من بۆخۆم نەهاتوومەتە ئێرەو ئێوەن کەبەدووی منتاندا ناردووە، لێتانی ناشارمەوە تەوەهوم ترسناکترین نەخۆشییەو بێجگە لەقەناعەت و هاتنەوە سەر هۆشتان هیچ چارەیەکی نییە، دەکرێت لەم کاتەدا ئاوێنە بکەینە دادوەر، رەنگە ماوەیەکی زۆر بێت هیچ لەئاوێنەتان نەڕوانیبێت؟

– ئاوێنەکان زۆر لەوە بچووکترن دێوە زەلامێکی وەك من بتوانێت خۆی تێدا ببینێت!؟.

– باشە ئێستا لەم ئاوێنە گچکەیەی کەهەمیشە لەگیرفانمدا هەڵیدەگرم بڕوانەرە خۆت، ئەو دەم لەڕاستی ئەوەی پێمگوتن دڵنیا دەبن...).



کاتێك سەلمانی حەکیم گچکە ئاوێنەکەی لەگیرفانی دەرهێناو دایە دەست میر و میر لەخۆی روانی، لەپڕ هەستایە سەرپێ و ئاوێنەکەی دا بەعەرداو داوای هێنانی چەندین ئاوێنەی دیکەی کرد، هەرچی ئاوێنەی کۆشکەکە هەبوو هێنرایە بەردەست میر و لەیەکە یەکەیانی روانی و بینی ئەو هەر پیاوەکەی جارانە و هیچ شتێکی تێدا نەگۆڕاوەو بەتووڕەییەوە رووی کردە هەموو ئەوانەی کەلەوێدا بوون:

( باشە ئێوە نابینن هەر وەك خۆمم و هیچ نەگۆڕاوم).

پیرە پیاوێك لەنێو ئامادەبوواندا هاتە پێشەوەو بەوپەڕی رێزەوە گوتی:

( گەورەم ئێمە دەمێکە تەنها ئەو شتانە دەبینین کەئێوە دەیبینن و ئاستەمە شتێك ببینین کەئێوە نەیبینن).

## سوڵتان سلێمانی قانوونی

کاتێك سوڵتان سلێمانی قانوونی بەخۆی و لەشکرەکەیەوە گەیشتنە نێو شارەکە، ماوەیەکی دوور و درێژ بەو هەموو قەڵا و کۆشك و تەلارانەی کەلەڕووی جوانی بیناسازییەوە لەهیچ شوێنێکی دیکەدا نەیبینیبوون سەرسام دەبێت، بەشێوەیەکی سەرسووڕهێنەریش لەسەرجەم شوێن و جێگەیەکی دیکەی نێو شاردا هەمان دیمەنەکانی یەکەم ساتی بینینی لێکچووانە دووبارە دەبنەوە. سەرەتا هەست بەو لێکچوونە ناکات، بۆیە وادەزانێت لەنێو شارە وێلگەیەکدا خۆی و جەنگاوەر و دەست وپێوەندەکانی ونبوون و هەرچەند بڕۆن هەر دەچنەوە بەردەم هەمان شوێن و جێگەکانی پێشووتر، بەڵام دواتر لەڕێی راوێژکارەکەیەوە لەوە حاڵی دەبێت ئەوە فێڵێکی کۆنی رەگەزێکی بەشەر بووە کەبە میدییەکان ناسراون و بۆ چەواشەکردنی داگیرکارانی شارەکانیان و ئاسان نەناسینەوەی شوێن و جێگەکانیان، شێوازێکی لەو چەشنەی بیناسازییان داهێناوە کەتا ئێستا کەس پەی بەلوغزی کارەکەیان نەبردووەو



نەتوانراوە لاسایی بکرێتەوە و لێکچوونێکی لەو چەشنەی بیناسازیش هەڵی ناسینەوەی شوێنەکان لەدەست داگیرکاران دەدا، ناکرێت بەبینینی کۆشك و تەلار و قەڵاکان لەوە حاڵی بن، هەر شوێنەی کێی تێدا نیشتەجێیە، کامەیە کۆشکی پاشا، کۆشکی سەرەك وەزیران دەکەوێتە کوێ و زیندان لەنێو کام قەڵادایەو بنکەو بارەگای جەنگاوەرە تایبەتییەکانی پاشا کامەیەو سەرجەم جێگە گرنگەکانی دیکەش لەکوێدان؟!.

سوڵتان و جەنگاوەران و دەست و پێوەندەکانی پاش گەڕانیان بەنێو زۆربەی کۆشك و تەلار و قەڵاکاندا، دەبینن هەر هەمووی چۆڵەو سەرجەم کەلوپەل و شمەکەکانی نێوشیان خۆڵی رۆژگارێکی زۆر دەمێك لەمەوپێشی لەسەر نیشتووەو بگرە زۆر لەوە زیاتریش هەندێك شتومەك و کەلوپەل بەدەست تێوەردانیان دەوەرن.

"سوڵتان سلێمانی قانوونی" دەڵێت:

( هەر بەتەواوی لەتارماییە شاری نێو حیکایەتەکان دەچێت؟!).

پاش ئەوەی سوڵتان ئەم قسانەی لەزار دێتە دەر، راوێژکارەکەی دەڵێت:

( قوربان ئەگەر سەرنجت دابێت بەبێ ئەوەی کەس رووبەڕوومان بێتەوەو تەنانەت کەسیش لەسەر رێگەمان ببینین هاتینە نێو ئەم شارەوە، لەوەش سەیرتر پاش ونبوونی شەو و رۆژێکمان لەنێو تەمتووماندا خۆمان لەسەر رێگەی ئەم شارە بینییەوە، بەبێ ئیرادەی خۆشمان ملی رێگەمان گرتە بەرو

بەدرێژایی ڕێگەش کەسمان یەك وشەمان لەزار نەهاتە دەر، هەر دەتگوت مردووین، یان خەتووین و لەخەوندا بەرەو شارێکی نەزانراو دەچین!؟).

سوڵتان بەقسە ئاساییەکانی راوێژکارەکەی بەشێوەیەکی بەرچاو دەشڵەژێت، تەنانەت دەبێتە مایەی سەرسامبوونی سەرجەم ئەو جەنگاوەر و دەست و پێوەندانەی کە بەدرێژایی ناسینی سوڵتانیان، بەو شێوەیە نەیانبینیوەو تەسەووریشیان نەکردووە سوڵتانێك کەنیوەی دنیای داگیرکردووەو هیچ کاتێکیش سڵی لەهیچ جەنگ و کوشت و کوشتارێك نەکردۆتەوەو هەزارانی هەر بەشمشێری خۆی کوشتوەو یەکە بەیەکەی کوڕە یاخییەکانی بەدەستی خۆی کەوڵکردووە، دایکی خۆی لەبەر هۆیەکی نادیار لەسەر بەرزترین منارەوە فڕێداوەتە خوارەوەو چاوی چەندین کەسی نەیار بەخۆی، بەسووژن دەرهێناوە و شیشی داغکراوی بەکونی زەکەری نەیارانیدا کردووە، لەگەڵ دەیان شتی سەیرو سەمەرەی تریش کەبەئەقڵی هیچ کەسێکدا نایەت و ئەو ئەنجامی داوە، کەچی بینینی شارێك هێندە بیشڵەژێنێت!؟.

سوڵتان بەتاسان و حەپەسانێکی ناسروشتییەوە، لەساتەوەختێکدا کەلەدەرکەی گەورەی کۆشکێکی هاوشێوەی ئەوانی تر دەچێتە ژوورەوەو بەدووبارە بوونەوەی هەمان چەشنە تەختی پاشایەتی نێو کۆشکەکانی پێشووتر و سەرجەم شتەکانی نێویشی لەوە دڵنیا دەبێت نەك هەر دەرەوە بەڵکو



ناوەوەی شوێنە لێکچووەکانیش لەڕووی چەشن و شێوەی شتەکانی نێوییەوە لەیەکتر دەچن، لەساتەوەختێکدا کەهەمووان چاوەڕێی راڤەکارییەکی سوڵتانن بۆ هەموو ئەو سەیر و سەمەرەیەی دەیبینن، زاری بەش دەکاتەوە دەڵێت:

( تۆبڵێی لەڕاستیدا شارێکی واهەبووبێت یان لەئێستادا هەبێت و لەم کاتەدا ئێمە لەنێویدا بین، یان ئەوەی دەیبینین تەنها وەهمەو لەڕاستیدا نییەو ئێمەین تەسەووری دەکەین..یان ئەگەر هەبێت و بەڕاستی ئێمە هاتبینە نێوی، دەبێت نهێنی ئەم چۆڵبوونەی لەچیدا بێت؟!).

لەو دەمەدا راوێژکاری سوڵتان بەزمانێکی لووسی لێوانلێو لەفێڵ و حیلەبازی، بەتۆنێکی هێمن و لەسەرەخۆ دەڵێت:

( قوربان رەنگە سەیر بێت گەر بڵێم ئەمە یەکەمینجارە شتێکی وامان بەسەردا دێت و رەنگە پێوەندی بەخۆ سەرقاڵکردنی ئەم دواییانەی ئێوەوە هەبێت بەنووسینی شیعرەوە، کەواتە ئەگەر ئێوە بووبێتنە شاعیر یان مەبەستتان بێت ببنە شاعیر، ئەوە قەدەریشتان لەقەدەری سوڵتانێکەوە دەبێتە قەدەری شاعیرێك، رەنگە پێچەوانەی ئەمەش راست بێت، بۆخۆشتان دەزانن قەدەری شاعیران و موریدانیان بینینی ئەو شتانەیە کەکەسە ئاساییەکان نایبینن، یان بینینی ئەو شتانەیە کەلەڕاستیدا نین، ئێوە باش دەزانن شاعیران سەوداسەری دنیای وەهم و خەیاڵن، عاشقی ئەو ڕێگانەن کەدەچنەوە سەر وێڵگەکان، شەیدای دنیایەکن لەوێنە و دیمەنە نابەرجەستەکان.. بەڵام تازە

قسەکردن لەسەر ئیختیاری ئێوە بۆ شیعر و پێوەندی ئەوە بە کوژرانی حوڕەم خاتوونی دوایەمین ژنتانەوە، بەدەستی کوڕە گەورەکەتان و زۆر وردەکاری تر رەنگە تا لەم شوێنە نەچینەدەر باسکردنی هیچ سوودێکی نەبێت، بەبۆچوونی بەندەی موخلیسشتان باشترین چارە لەئێستادا ئەوەیە یان بەزووترین کات بەبێ گەڕان بەشوێن لوغز و نهێنییەکانی ئەم شارە، جێی بهێڵین.. یان ئەگەر لێشتان بۆتە مەراق و ناتانەوێت بەبێ ئەوەی شتێکی لەبارەوە بزانن جێیبهێڵن، ئەوە دەبێت فەرمان بدەن سەرجەم دەست و پێوەندەکانتان بەشوێن کەسێك یان کەسانێکی نێو ئەم شارەدا بگەڕێن ئەگەر هەبن، تالەڕێی ئەوانەوە شتێك حاڵی ببن و سەوداسەربوونتان بۆ زانینی نهێنی و پەنهانەکانی ئەم شوێنە دابمرکێتەوە).

سوڵتان کەدیارە لەو دەمەدا بەبیستنی ناوی حوڕەم خاتوونی ژنی کوژراوی زامەکانی کولابۆوە، بەدەنگێکی خنکاو و پڕ لەئازاری کەسێکی زامدارەوە، بەتاسەی دوا داواکاری برینداریێك بۆ دوا قوومە ئاوێکی پێش گیان لەدەستدانی، بەنرکەو ناڵە ناڵێکی نامۆ و نائاساییەوەو بەتۆنێکی لەرزۆك دەڵێت:

( بگەڕێن لەبنی عەردیشدا بێت، کەسێکم بۆ بیبیننەوە).

بەڵام پاش گەڕانی شەو و رۆژێکی دەست و پێوەندەکان و پشکنینی سەرجەم کۆشك و تەلار و قەڵا و شوێن و جێگەو خانووەکانی نێو شارەکە، هیچ کەسێك نابیننەوەو دەگەڕێنەوەو هەواڵی چۆڵی شارەکە بەسوڵتان رادەگەیەنن و ئەویش فەرمان



دەدات جارێکی تریش هەموو شوێن و جێگەکان بپشکننەوە نەبادا شوێنێکیان لەیادکردبێت، لەو دەمەدا یەکێك لەدەست و پێوەندەکان، لەپڕ دەڵێت:

( قوربان تەنها یەك شوێن نەگەڕاوین، ئەویش گۆڕستانی شارەکەیە، باوەڕیش ناکەم کەس لەوێدا هەبێت!؟).

سوڵتان بەگوێبیستی ئەم قسەیە زۆر تووڕە دەبێت و زۆر بەتوندی بەسەریدا دەخووڕێت:

( ئەی من نەمگوت هەموو شوێنێکی شار بگەڕێن، چما بەڕای ئێوە گۆڕستان شوێن نییە!؟).

ئەمجارە تیمێکی تایبەت لەجەنگاوەرە تایبەتییەکانی سوڵتان بەفەرمانی سوڵتان بەرەو گۆڕستان دەکەونە ڕێ و پاش ماوەیەکی دوور و درێژ، پیرەمێردێك لەگەڵ خۆیان دەهێننەوە.

کاتێك سوڵتان دەڕوانێتە سیمای پیرەمێردەکە، سەرسام دەبێت بەسیما نائاساییەکەی و هەرچەند دەکات باوەڕ ناکات ئەوەی لەبەردەمیدا راوەستاوە کەسێکی زیندوو بێت، لەنیگاکانیدا چەندین زەمەنی تێکچڕژاو و تێکەڵ دەبینێتەوە، لەڕەنگ و بۆیدا رووکاری "سامانا"یەك بەدی دەکات لەو جۆرانەی کەلەهیندستان بینیوونی، بەتەواوی هەست دەکات ئەوەی لەبەردەمیدا راوەستاوە، کەسێکە لەدەرەوەی بوونی خۆیدا هەیەو رەنگە لەیەك کاتدا لەچەندین شوێنی تریشدا هەبێت، لەئەنجامی وردبوونەوەی بەردەوامی دەگاتە ئەو گریمانەی کەڕەنگە ئەو بوونەوەرەی لەبەردەمیدا راوەستاوە بوونەوەرێك

بێت پاش فەنا بوون و نەمانی جارێکی تر بەمەبەستێك گەڕابێتەوە دنیا، واهەست دەکات یەکەمجارە بەرانبەر بەبوونەوەرێکی خاڵیی لە سەرجەم ئەو شتانەی زیندووەکان گیرۆدەی دەبن راوەستاوە، وادەزانێت بەرانبەر خەیاڵێك یان فیکرێکی ساف و بێگەرد راوەستاوە کەدەمێکە خودی کەسەکە وەك جەستە مردووە و ئەگەر ئەوەی لەبەردەمیشدا راوەستابێت جەستە بێت، ئەوە مەگەر جەستەی کەسێکی مۆمیاکراو بێت، ئەگینا مەحاڵە جەستەی کەسێکی زیندوو بێت.

لەو کاتەدا کەسوڵتان رۆچۆتە نێو قووڵایی تێفکرینەکانی، کەسێکی نزیك لێوەی بەگوێیدا دەچرپێنێت :

( گەورەم ئەم شارە هیچ باڵندەو ئاژەڵ و تەنانەت سەوزایی و درەختێکیشی تێدا نییە، بێجگە لەوەی هیچ سەرچاوەیەکی ئاویشی تێدا نییە، تا زووتر جێبهێڵین باشترە ئەگینا رەنگە هەموو ئەو خۆراك و مەتارە ئاوانەی پێمانە لەراوەستانمان لەم شوێنەدا تەواو ببێت و دواتریش دڵنیانین ئاخۆ لێرەوە دەچینە سەر شارێکی ئاسایی لەوانەی کەتائێستا بەنێویدا رەت بووین، یان دەچینەوە سەر شارێکی هاوچەشنی ئەمەی ئێستا..گەورەم ئەگەر گوێ لەبچووکی خۆتان بگرن، حەز دەکەم پێتان بڵێم ئەم شارە نەفرەت لێکراوە، شوێنێکی ترسناکەو پێموایە شوێنێکی سیحر لێکراویشەو پێدەچێت لەئان و ساتێکدا هەموو خەڵکەکەی نێوی بەدەردو دوویەك مردبێتن، یان لەترسی شتێك هەڵهاتبێتن، یان خودا دەزانێت رەنگە هەر لەڕاستیدا ئەم شارە



نەبێت و ماندووبوون و رۆژگارێکی دوور و درێژی سەفەر و شەڕ و جەنگ، ئێمەی گەیاندبێتە ئەو حاڵەی ئێستا و پێمان وابێت لەنێو شارێکی ئاوا سەیر و سەمەرەداین).

سوڵتان بەبێگوێدانە قسەکانی کەسە قسەکەرەکە لەسەرەخۆ بەپیرەمێردەکە دەڵێت:

( ئەگەر هێشتاکە توانای قسەکردنت ماوە بۆمان بدوێ و باسی ئەم شارەو نهێنی چۆڵبوونیمان بۆ بکە ).

لەکاتێکدا کە سوڵتان چاوەڕێی گوێبیستی وەڵامی پیرەمێردەکەیە، دیمەنی رۆژگارێکی بەسەرچووی ئەو پیرەمێردەی دێتەوە پێش چاو، رۆژگارێکی دوور و درێژی چلەکێشان و رۆژووگرتنی دوور و درێژ، رۆژگارێکی ئەودالْ بوون بەشوێن زانینی نەزانراوەکاندا، رۆژگارێکی تەڕوتووشی ژێر بەفر و کڕێوەو باران، رۆژگارێکی وشك و برنگی ژێر تین و تاوی قرچە گەرمایەکی سووتێنەر..پیرەمێردەکەی دێتە پێش چاو بەنێو شارێکدا دەگەڕێت عەردەکەی ژیلەمۆی ئاگرە، ئاسمانی گەواڵە هەورن لەدووکەڵ، سەرجەم مرۆڤەکانی پێش هاتنی ئەو سووتاون..پیرەمێردەکەی دێتە پێش چاو لەنێو دارستانێکدا بەرەبەیان زۆر بەقووڵی هەناسە هەڵدەمژێ و چاوی بڕیوەتە خۆر، هێندە نابات دەست دەکاتە گریان و فرمێسك بەچاوانیدا دێتە خوار و لەخوداوەند دەپاڕێتەوە تا لەگوناهەکانی سولالەیەك لەباوانی پێش خۆی خۆش بێت و بیانبەخشێت.. دیمەنێکی دیکەی پیرەمێردەکەی دێتە پێش

چاو لەکاتێکدا ئەودالّی کۆکردنەوەی زۆرترین دەنگی باڵندەو باڵەفڕەی مێرووەکانە لەنێو خۆیدا، ئەو دەبینێ لەساتەوەختی خۆ پاکژکردنەوەیدا لەنێو رووبارێکی رووندا، ماسییە رەنگاوڕەنگەکانی دێتە پێش چاو چۆن تۆێژە چرچەکانی جەستەی پیرەمێردەکە بەدەم لێدەکەنەوەو سەرجەم جەستەی لەکاژێکی چرچ و لۆچ و ناشرین دادەماڵن و لەژێریدا چینە پێستێکی نوێ وەدەردەکەوێت و پیرەمێرد گەنج دەبێتەوەو وەك خەونێك دەڕوانێتە هەموو ئەوەی کەلەدەوریدا دەگوزەرێ، دەبینێت چۆن هیچ باڵندەو ئاژەڵێکی کێوی سڵی لێناکەنەوەو وەك یەکێك لەخۆیان تێی دەڕوانن.

سوڵتان نغرۆی بینینی زۆر شتی سەیر و سەمەرەی پیرەمێردەکەیە، کاتێك هەست بەدەنگێك دەکات کەلەناخییەوە دێت و هاواری لێدەکات و پێی دەڵێت گوێڕادێرە. پێش ئەوەی گوێی لەهیچ شتێك ببێت دەڕوانێتە پیرمێردەکە کەلەو کاتەدا لەنێو تابووتێکدا راکشاوە، سوڵتان بەتووڕەییەوە سەیری راوێژکار دەکات و پێی دەڵێت:

( کێ ئەم بنیادەمەی خستۆتە نێو ئەم تابووتەوە؟!).

لەوەڵامدا راوێژکار بەسەرسامییەکەوە دەڵێت:

( بەڵام گەورەم بۆ خۆتان ئاگادارن هەر لەسەرەتاوە ئەم پیاوە لەنێو تابووتدا هێنرایە ئێرەو ئەی ئەوە نەبوو هەر بۆ خۆشتان گوتتان لەنێو هەر شتێکدا بێت بەلامەوە ئاساییە گرنگ ئەوەیە قسان بکات، توانای وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی منی هەبێت،



توانای گێڕانەوەی هەبێت، ئەی نەتانگوت تەنانەت بەوەش قایلم بۆخۆی شتێکم بۆ بگێڕێتەوە کەخۆی مەبەستییەتی و دەیەوێت بۆم بگێڕێتەوە، رەنگە ببێتە بابەتی یەکێك لەو قەسیدانەی کەنەمنووسیوون.. من دەمەوێت گوێم لەدەنگی بێت، دواجار تەنها شتێك کەلەم دنیایەدا لەناو ناچێت دەنگە، بۆخۆم ئەمەم لەزاری حیکایەتخوانێکەوە بیستووە کەپاش ئەوەی رۆژانێکی دوور و درێژ ئەو دەمەی لەبەردەم شوورەکانی شاری ڤیەننادا چاوەڕێی دەرفەتێك بووین بۆ هێرشبردنە سەر شارەکە، ئەو شەوان بەگێڕانەوەی حیکایەتەکانی سەرسامی دەکردم، شەوێکیان پێم گوت:

" ئەم هەموو حیکایەتەت لەکوێوە بیستووە".

لەوەڵامدا گوتی:

" هەموویم لەدەنگەکان بیستووە، ئەو دەنگانەی گوێی ئاسایی نایانبیستێت، دەنگی ئەو مردووانەی پاش مەرگیان بۆ هەتا هەتایە دەنگیان لەدنیادا جێ دەمێنێت، دەنگی ئەو مردووانەی پاش رۆح کێشانیان ئاسوودە دەبن و بەئازادی لەهەموو شوێنێکدا هەموو نهێنییەکانی خۆیان ئاشکرا دەکەن و تا ئەبەد هەموو ئەو شتانەی لەنێو یادەوەرییەکانیاندا وێنە و دیمەنن لەشێوەی دەنگ و سەدادا رەها دەبن، ئێمەی حیکایەتخوان لەو جۆرە کەسانەین کەدەتوانین گوێبیستی هەموو ئەو دەنگانە بین کەکەسە ئاساییەکان نایانبیستن و هەر گێڕانەوەی ئەوانەشە کەدواتر ئێوە پێی سەرسام دەبن"..گەورەم ئێوە زۆر شتی

تریشتان گوت کەلەئێستادا لەبیرم نەماوە، بەڵام بۆ خۆتان ئاگاداری هەموو شتێکن و رەنگە تەنها بەهۆی ماندووبوونی بەردەوامتانەوە کەمێك تووشی لەبیرچوونەوە بووبێتن).

سوڵتان بەبیستنی هەموو ئەوەی کەبیستی دەتگوت لەدنیایەکی ترەوە گەڕاوەتەوەو سەرسامە بەوەی کەبۆ یەکەمینجارە گوێبیستی دەبێت.. هەستی دەکرد هێور هێور واخەریکە دەبێتە بوونەوەرێکی خورافی و باڵی لێدەڕوێت و رەنگە بۆ تاوێکیش مەبەستی بێت بەسەر ئاسمانی ئەو شارە ئەفسووناوییەدا هەڵبفڕێت، ئەو شارەی کەپێدەچوو ببێتە دوا مەنزڵی هەموو سەفەرەکانی، یان دوا مەنزڵی هەموو ژیانی و ئیدی لەوێدا لەنێو هەموو ئەو یادەوەرییانەی پێشووتر و ئێستای بۆ هەتا هەتایە بمێنێتەوە، یان بمرێت و دەنگی تاسەر لەبۆشایی ئەو شارەدا حیکایەتی ئەو بۆ هەر حیکایەتخوانێك بگێڕێتەوە کەبەو شارەدا تێپەڕببێت، رەنگە ئەو تازە نەتوانێت لەم شارە بچێتەدەرو قەدەرێك ئەوی هێنابێتە ئێرە تا چیدی هێرش نەباتە سەر هیچ شارێکی تر و بەهەزاران کەس نەکوژێت، دەیان کچۆڵەی تازە مەمکگرتوو نەکاتە کەنیزەك و هەر شەوەی سواری یەکێکیان نەبێت، رەنگە ئەمە دوا شوێنێك بێت کەئەو توانیبێتی پێی بگات، رەنگە ئەم شوێنە بەو بەردی ئەلحەدە بچێت کەناهێڵێت مردوو لەگۆڕەی هەڵسێتەوەو دوای زیندووەکان بکەوێت و دەبێتە ئەو لەمپەرەی کەئەو بۆ هەتا هەتایە لەژیان جیا دەکاتەوە.



کاتێك لەپیرەمێردەکە نزیك بۆوە رووکاری کەسێکی مۆمیاکراوی بینییەوە، کەسێك کەبەمەبەست و ویست و ئارەزووی خۆی ویستوویەتی وەك جەستەیەك بمێنێتەوە تا لەرۆژگارێکدا کەسانێك بەدیی بکەن و بەدیارییەوە وەك ئێمە دابنیشن و هەوڵ بدەن قسەیەکی لەزار بێتەدەرو گوێبیستی بەسەرهات و حیکایەتەکانی خۆی و زەمەنەکەی بن.

پێش ئەوەی لەگەڵ پیرەمێردە راکشاوەکەی نێو تابووتەکە بدوێ، چاوێکی بەچواردەوری خۆیدا گێڕا، راوەستانی بێجووڵەی سەرجەم ئەوانەی بەدەوریەوە بوون بێجگە لەراوێژکارەکەی سەرنجی راکێشا.. راوێژکارەکەی هەناسەی دەدا، چاوەکانی تیشك و بریق و باقی ژیانی لێدەباری، بێجگە لەو هەموو حەز و مەکرو فێڵ و تەڵەکانەی کەتێیدا پەنهان بوون.

سوڵتان بەپیرەمێردەکەی گوت:

( بێ ترس لەبەردەم منی سوڵتاندا بدوێ، دەمەوێت خەیاڵەکانت تێکەڵ بەخەیاڵەکانم ببێت، دەمەوێت وەك حیکایەتخوانەکان گوێم لەدەنگت ببێت، دەمەوێت بەهۆی دەنگی تۆوە گوێبیستی سەدان دەنگی دیکە بم، دەنگی ژنە کوژراوەکەم، دەنگی کوڕە کوژراوەکانم، دەنگی هەموو ئەوانەی بەدەستی خۆم کوشتن، دەنگی هەموو ئەو رۆژگارەی بێجگە لەزریکە و ناڵەو نرکە و پاڕانەوەو هاواری ئەو کەسانەی بەئازارە بەسوێکانیانەوە دەتلانەوە، هیچی دیکەی تێدا نەبوو.

دەمەوێت لەتۆوە گوێبیستی زەمەنێکبم، زەمەنێك کەڕەنگە بەڕاستی هەبووبێت، یان لەڕاستیدا نەبووبێت و بەشێك بێت لەخەیاڵەکانی تۆ...).

هیچ دەنگ و سەدایەك لەپیرەمێردەکەوە نایەت و سوڵتانیش بەچەشنی کەسێك لەقووڵایی خەونێکەوە بدوێت، بەبڵمە بڵم دەکەوێتە گێڕانەوەی هێرشێکی بۆ هیندستان:

( پاش ئەوەی چەندین شار و گوند و شوێنم خاپوور کردو هەزاران کەسم کوشت، سەدان نێو گەڵی کچۆڵەی هیندیم تاقیکردەوەو چێژم لەتەسکی زێیان بینی، ئەو تەسکییەی لەگەڵ هەر تەکاندانێکدا تادەهات تەسکتر و تەسکتر دەبۆوە، بەشێوەیەك هەستت دەکرد هاکا زەکەرت دەتەقێ، رۆژگارێکم لەچێژ بینین لەهەموو ئەو نێوگەڵە سەیر و سیحراویانە بینی کەهەموویان لەتەسکییاندا هاوبەش و بەچێژیش جیاواز بوون، زێ هەبوو رەنگێکی تایبەتی لەبەرچاودا بەرجەستە دەکردیت، هەبوو دەنگێکی دەهێنایە گوێت، هەبوو مێشکی ساف دەکردیت و تووشی نەشئەیەکی سیحراوی سەیری دەکردیت و هەموو خەمەکانی دنیای لەبیر دەبردیتەوە، هەیان بوو حەزی کوشتنی تێدا دەبزواندیت و پاش تاقیکردنەوەی ئەو چەشنانەش دەبوو کەسێك یان چەند کەسێك بکوژم. زێ هەبوو بۆنی هەنگوین و گوڵ و گوڵزاریان بیر دەخستیتەوەو بەم شێوەیە بەدرێژایی ماوەیەك زێ بوو بووە ئەو مەراقەی کەڕۆژانە حەزێکی نوێی بۆ کەشفکردنی تازە بابەت و نەبینراوەکانیان



تێدا دەبزواندم، تا تووشم بوو بەتووشی ئەو ژنە جادووگەرەی کەبەپێی خۆی هاتە لام و گوتی:

"سوڵتانم دەمەوێت لەگەڵم بخەویت و چۆنت دەوێت ئاوا سوارم ببیت".

راستیەکەی هەردەم تالیبی زێیە کوننەکراوەکان بووم، بەڵام سیحری جوانی ئەو ژنە جادووگەرە بەچەشنێك کاری تێکردم، هەردەتگوت هەرزەکارێکم و هێشتاکە هیچم نەکردووەو نازانم لەو دنیایەدا چی دەگوزەرێت، بەشەوق و حەزێکی سەیرەوە پەلم گرت و بردمە ژوورە تایبەتیەکەم کەبۆ گایینی مێینەکان تەرخانمکردبوو، بەڵام هەر ئەوەندەی هینەکەم چووە نێو هینەکەی و پێوەی لکا، ئیدی بەهیچ نەدەهاتە دەرو دەتگوت گەماڵێکم و سواری دێڵە سەگێك بووم، ئێستاش کەبیر لەو رۆژە دەکەمەوە هەموو گیانم دەکەوێتە لەرزین و ترسی ئەو ساتەوەختەم دێتە پێش چاو، لەو کاتەدا نەمدەزانی چی بکەم، هاوار لەدەست و پێوەندەکانم بکەم و بەو چەشنە بمبینن، یان بیکوژم و دواتر بەهەڵدڕینی ئەو شوێنەی زەکەرمی تێدا عاسی بوو بوو هینەکەم بهێنمە دەر، بەڵام لەکردنی هەموو ئەوانە دەترسام و ناچار لێی پاڕامەوەو گوتم:

"چیت دەوێت بۆت دەکەم بەمەرجێك لەم نەگبەتییە رزگارم بکەیت..چییە ئەوەی خەیاڵی لێدەکەیتەوە بۆتی دەکەمە واقیع، تەنها دەست بەردارم ببەو ریسوام مەکە، دەزانم تۆ جادووگەریت و هەموو شتێکت پێ دەکرێت".

پاش پاڕانەوەو لاڵانەوەیەکی زۆر، بەوپەڕی عەیارییەوە گوتی:
" ئەگەر مەبەستت بێت پاش ڕێگەدان بەهێنانە دەرەوەی شتەکەت لەنێو شتەکەم.. بمکوژیت!؟.. ئەوە دڵنیابە تووشی بەدبەختی و کلۆڵییەك دەبیت کەهەرگیز لەژیانی هیچ سوڵتانێکی دیکەدا شتی وا ڕووی نەدابێت، بەڵام ئەگەر نەمکوژیت و داواکاریەکەشم بێنیتە دی ئەوە ئاسوودەترین و خۆشگوزەرانترین سوڵتانی سەر زەمین دەبیت و لەپاش من چێژ لەهەزاران مێینەی تر دەبینیت، بەڵام گەر پێچەوانەی ئەوەی من دەیڵێم شتێکی تر بکەیت، گرنگترین شت لەدەست دەدەیت، ئەویش توانای چێژ بینینتە لەهەموو ئەو نێوگەڵانەی لەئێستاو داهاتوودا دێنە بەردەستت".
گوتم:
"داواکاریەکەت هەرچییەك بێت هەر یەکسەر بۆتی دەهێنمە دی وبەڵێنی پیاویشت پێ دەدەم کەناتکوژم و لەهیچ کاتێکیشدا هیچ خراپەیەکت بەرانبەر ناکەم".
گوتی:
" تەنها داواکاری و مەتڵەبێکم هەر ئەوەندەیە بەزووترین کات ئەم وڵاتە جێ بهێڵیت و جارێکی تریش بیر لەداگیرکردنی نەکەیتەوە، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو دەبێت خەیاڵ لەداگیرکردنی هیچ شوێنێکی دیکەی دنیاش نەکەیتەوە ، دەبێت لەپانتایی مەملەکەتەکەی خۆتدا بمێنیتەوەو شوکر بیت بەو پانتاییەی کەحوکمی دەکەیت".



گوتم:
" بێ قەید و شەرت هەر ئەمڕۆ..هەر ئێستا جێی دەهێڵم و جارێکی تریش هیچ شوێنێکی دیکەی دنیا داگیرناکەم و هەر ئەمرێکی تریشت هەبێت یەکسەر جێبەجێ دەکرێت".
ئەوە بوو ژنە جادووگەرەکە پاش خوێندنەوەی چەشنە وێردو دوعایەك، زەکەرە هەڵئاوساوەکەم گەڕایەوە دۆخی جارانی و هینەکەی ئەویش خاوبۆوەو قورتار بووم لەو بەڵایە، بەڵام هەر پاش ئەوە بێ هیچ گوێدانە بەڵێنەکەم و ئەوەی پێشتر گوێبیستی بوو بووم، کوشتم و هیندستانیشم جێ نەهێشت تا بەزۆر خەڵکەکەی بەترسناکترین شێوە دەریانەپەڕاندم، ئیدی لەوڕۆژەوە بوومە بەدبەخترین سوڵتانی دنیا، سەرباری ئەو نەهامەتییە یەك لەدوای یەکانەی دووچارم دەبوو، نەشمدەتوانی چێژ لەهەموو ئەو نێو گەڵانە ببینم کەدەهاتە بەردەستم، ناچار دەبووم بەتایبەت ئەو کاتانەی لەبەردەم زێیەکی ناوازەو جواندا دۆش دادەمام بدەمە پڕمەی گریان، منێك کەبەدرێژایی ژیانم نەگریابووم، دەبوو بگریم بۆ هەموو ئەو چێژبینینەی کەلەدەستمدا، دەبوو بگریم بۆ هەموو ئەو نێوگەڵانەی کەهەست بەلەزەتیان ناکەم و هەموو پێداکردن و هێنانە دەرەوەو لێکخشاندن و تەکاندانەکانم، هەموو دەم تێخستن و لێسانەوەکانم، هەموو هەڵبەزین و دابەزین و هێنان و بردنەکانم، بێمانان لەکاتێکدا هیچ تامێکم پێ نابەخشن، منێك کەلەو ساتانەدا خۆم شەلاڵی ئارەق دەکرد، دەمزانی بێهوودە

خۆم دەخلافێنم، بێهوودە کات بەسەر دەبەم، بێهوودە دەمویست لەبەرچاوی مێینە گایراوەکاندا هەر نێرینە شەهوانییەکەی جاران بم، منێك کەئیدی چێژم لەهیچ نەدەبینی، تەنها لەپێناو پاراستنی هەیبەت و ناو و شوهرەتی گانکەرانەی خۆم، دەبوو ئەو کارە بکەم و وەك جاری جاران دەیان جار هەر مێینەیەك بهێنم و ببەم، دەبوو لەژێرمدا نرکەی بێت، بنالێنێت و بپاڕێتەوەو بلێت:" توخوا بەسە، هینەکەم تەقی، بڕستم لێبڕا، ئیدی پێمهەڵناگیرێت، توخوا بهێنەرە دەر، توخوا رەحمێکم پێبکە ئیدی ناتوانم".

پێش هەڵهاتنم لەهیندستان لەدەمی عەرافێکەوە هەموو ئەوەم بیست کەپێشتر ژنە جادووگەرەکە پێی گوتبووم و هەرچەندە هەر ئەو دەم پەشیمان بوومەوەو ناردم بەشوێن چەند ساحیر و ساماناو پیاوانێکی پیرۆزی ئەو شوێنەو کێشەکەی خۆمم بۆ باسکردن بەڵام هەرهەموویان جەختیان کردە سەر ئەوەی تازە کار لەکار ترازاوەو ئەوەی کەگوتراوە دەبێت روویدات، تازە بەر گەورەترین نەفرەت کەوتبووم، نەفرەتێك کەهەموو ژیانی سەر و ژێر کردم، ئیدی هەموو ئەوەی کەهەمبوو بێمانا بوو، ئامادەبووم هەمووی ببەخشم بەرانبەر یەك ساتەوەختی چێژ بینین، یەك ساتەوەختی مووچڕك و هەژان... ).

لەو دەمەدا سوڵتانیش بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێت لەپاڵ تابووتی پیرەمێردەکەدا راکشابوو، لەحاڵێکدا بوو کەنەیدەتوانی لەشوێن خۆی ببزوێت.. ئەودەمەی کەگوێی لەدەنگی کەسێك



بوو، دەنگێکی جیاواز لەهەموو ئەو دەنگانەی کەپێی ئاشنا بوو، لەبەر خۆیەوە گوتی:

( بێگومان ئەوە دەنگی پیرەمێردەکەیە).

دەنگەکە گوتی:

( من ناوم سەلمانی فارسی- یەو دوایەمین نەوەی سولالەی یەکەمین سەلمانی فارسی- یم).

سوڵتان بەپەرۆش و دەنگێکی شپرزەوە گوتی:

( تا ئێستا ناوی یەك سەلمانی فارسی- م بیستووە، نەشمزانیوە لەویش زیاتر سەلمانێکی فارسی تر هەبووبێت، جا چ جای سولالەیەك ).

دەنگەکە بەهەمان ریتمی جارانی بەردەوام بوو:

( ئەو سەلمانی فارسی- ییەی تۆ باسی دەکەیت و لەدنیادا ناسراوە، حەوتەمین کەسی سولالەی سەلمانی فارسی- یەکانە، لەهەموو سولالەکەشدا سێ سەلمانی فارسی شوێنی قسەو باسن و ئەوانی دیکە تەنها هەڵگری هەمان ناو بوون، ئەگینا کەسانی ئاسایی بوون. تەنها سەلمانی فارسی یەکەم و حەوتەم و دوایەمین سەلمانی فارسی- یش کەخۆمم دەکرێت بێنە نێو دنیای حیکایەتەکانەوەو شایانی ئەوەن ماجەراو بەسەرهاتی ژیانیان بگێڕدرێتەوە).

سوڵتان گوتی:

(باشە سەرەتا ماجەرەکانی کامیانم بۆ دەگێڕیتەوە).

## ماجەرای سەلمانی فارسی یەکەم

سەلمانی فارسی لەشاری ینامێلس، شاری دێرینی میدییەکان چاوی بەدنیا هەڵهێناوەو نەلەبنەڕەتدا ناوی سەلمان بووەو نەبەڕەگەزیش فارس بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەو ناوەوە چۆتە نێو مێژوویەکی پان و بەرینەوە، ئەم پیاوە کوردە گەنجێتی خۆی لەنێو شاری ینامێلس– دا بردۆتە سەر، کەلەو سەردەمەدا لەژێر دەسەڵاتی یەکەمین میری میرانییەکاندا بووەو لەڕووی باوەڕی ئایینیشەوە بەشێوەیەکی سەرەکی خۆر پەرست بوون، سەرباری بوونی ئایینێکی دیکەی بت پەرستنیش کەلەو کاتەدا ژمارەیەکی زۆری کوردی ئەم شارە بەیەکەمین میری میرانییەکانیشەوە باوەڕیان پێی هەبووە.

سەلمانی فارسی یەکەم، پاش ئەوەی دەبێتە جەنگاوەری میر و لەهێرشێکیدا بۆ سەر قەڵای "پێنمۆش"ی رۆم ئازایەتییەکی بێوێنە دەنوێنێت، میر دەیکاتە سەرەك جەنگاوەرانی تایبەتی خۆی و هێدی هێدی بەکاریگەری میر شازادی یەکەمی میرانییەکان، دەبێتە بت پەرست و وەك ئەوان هەفتانە قوربانی



پێشکەشی بتەکان دەکات و لەبەردەمیاندا کرنۆش دەبات و بۆ هەر داواکاری و نیازێك کەهەیبێت، لەبەریان دەپاڕێتەوەو لەئاست کاهینەکاندا سەری نەوازش دادەنوێنێت و دەبێتە یەکێك لەباوەڕدارە سەر سەختەکانی بت پەرستن، ئەمەش هێندەی تر لە میری نزیك دەکاتەوەو تادێت پلەو پایەی زیاتری پێ دەبەخشرێت.

پێوەندی سەلمانی فارسی و میر شازاد لەو دەمەدا گەیشتۆتە ئاستێك حیکایەتخوانان لەبارەیەوە حیکایەتیان رێکخستووەو شاعیرانیش کردوویانەتە بەیت و لاوك و حەیران و بەمەش هێندەی تر دەسەڵاتی میر شازاد پتەوتر بووەو هەر زوو میر هەستی بەتوانای ئەفسووناوی سەلمان کردووە، بەتایبەت کاتێك کەلەجەنگێکدا بەچاوی خۆی بینیویەتی چۆن هەموو ئەو تیرانەی کەجەستەیان بڕیوە، هیچ کاریان تێ نەکردووەو تەنانەت بەخۆشی نەزانیوە، کاتێکیش پاش کۆتایی جەنگەکە میر پێی دەڵێت:( نازانم چۆن هێشتاکە ماویت؟!).. بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەشی دەست بۆ تیرە چەقیوەکانی نێو جەستەی دەبات، لەوەڵامدا دەڵێت:

( نازانم بۆ بەهیچ تیر و رم و شیر و تیغێك نامرم، زامەکەشم زۆر بەئاسانی سارێژ دەبێت، هەر لەمنداڵییەوە هەستم بەو حاڵەتە نائاساییەی خۆم کردووە بەتایبەت کاتێك منداڵێکی چەتوون خەنجەرێکی لەلاغەبرغەم دا، هەستم بەهیچ ئازارێك نەکرد و زۆر بەئاسانیش خەنجەرەکەم دەرکێشایە دەرو هێندەی نەبرد

زامەکەم سارێژ بۆوەو بەماوەیەکی زۆر کەمیش شوێنەواریشی نەما).

هاورێییەتی میر و سەلمان لەو سەردەمەدا بوو بووە داستان و دەماو دەمی دەکرد، کرابووە حیکایەت و پاشا و کراڵ و پیاوماقووڵەکانی مەملەکەتەکانی تریش گوێبیستی دەبوون، خەڵکی ئاسایش باسی ئەو پیاوەیان دەکرد کەبەهیچ ناکوژرێت و بچێتە هەر جەنگێکەوە ئەو جەنگە براوەیە، هەر ئەمەش بوو وای لە سەلمان کردبوو کەهەردەم لەپێشی پێشەوەی سووپاکەی میرەوە بەسواری ئەسپە رەشەکەیەوە رووبەڕووی دوژمن ببێتەوەو بێسڵەمینەوە تاقووڵایی نێو جەرگی سوپای بەرانبەر رانەوەستێت، ئەم حاڵەتە هێزێکی ئەفسووناویشی پێ بەخشیبوو، بەتایبەت پێش ئەوەی سووپاکەی میر هێرش بکاتە سەر هەر شوێنێك کەمەبەستی بووایە، ناوبانگی سەلمان و توانا سیحرییەکەی دەگەیشتە گوێی دوژمنان و سەرسامی دەکردن، زارەترەك دەبوون و دەشڵەژان، گەرچی ئەو یەك کەسی نێو سووپاکەی میر بوو، بەڵام حیکایەت و گێڕانەوەکان بەچەشنێك گۆڕانیان بەسەردا دەهات، کە وادەزانرا زیاد لەکەسێکی لەو چەشنە لەنێو سوپای میردا هەیەو ئاستەمە سوپایەکی لەو چەشنە کەژمارەیەك لەجەنگاوەرەکانی قابیل بەکوشتن نەبن ببەزێن.

سەرەتای تێکچوونی پێوەندییان، پێوەندیی بەکچێکی چاو شینی پرچ زەردی بەژن و باڵا زەریفی ئەو شارەوە هەبوو، کەمیر



هەر لەو رۆژەوەی لەنێو گەورەترین باخی هەناری شارەکەدا دەیبینێت، شێتانە ئاشقی دەبێت و بۆ جارێکی تریش کەلەسەر کانی ژنان بەڕووتی دەیبینێت، شێلگیرانە بڕیار دەدات کەبیکاتە ژنی خۆی، بەڵام کچە کەلەنیازی میر حاڵی دەبێت، رۆژێك دەچێتە سەر سەرەڕێی کۆڕەوی میر، ئەو دەمەی خۆی و پیاوەکانی و بەیاوەری سەلمان دەیانەوێت بچنە راو، کچە پڕ دەداتە رەشمەی وڵاخی میر و پێیدەڵێت:

( دڵنیام ئاستەمە لەدنیادا پیاوێکی وەك ئێوە بەشەهامەت و نەجیبزادە هەڵکەوێت و ئێوە ئاشقی هەر کچێك بن بەپێی خۆی دێتە لاتان و لەبەرپێتاندا دەکەوێت، هەرچەندە وامنیش هەر ئێستا لەبەر پێتاندا دەکەوم، بەڵام بۆ ئەوە نا کەبمخوازیت و ببمە دڵخوازت، بەڵکو بۆ ئەوەی دەستبەردارم ببیت، دیارە ئەگەر هۆکارەکەشی بزانن دڵنیام زویر نابن و بگرە زۆریش خۆشحاڵ دەبن، راستییەکەی من حەزم لەشۆڕەسواری ئازاو جەنگاوەری موخلیسی ئێوە سەلمانی فارسی– یە).

سەلمان– ێکی بێخەبەر لەم کەین و بەینەی میر لەگەڵ ئەو کچە، زۆر دەمێکە ئەویش لەناخەوە ئاشقێتی و لەناوەوەڕا بۆی دەسووتێت، بەڵام بەبێ ئەوەی لای کەس رازی دڵی خۆی درکاندبێت، تانەت دوور و نزیکیش شتێکی وای نواندبێت، تا کچە لەوە حاڵی بێت کەشەیداو سەوداسەرێتی، پێی سەیر دەبێت ئەویش بۆخۆی ئاشقی ئەم بووەو بێسەڵەمینەوە رووبەڕووی میر دەبێتەوە.

میریش هەرچەند زۆر بەم قسانەی کچەکە تێك دەچێت و بۆ یەکەمجارە ببینێت کەسێك لەمیرنشینەکەیدا هەیەو دەتوانێت بەڕوویدا هەڵشاخێت، بەڵام بۆ لەدەستنەدانی سوارچاکێکی وەك سەلمان کەئەو لەو کاتەدا پێی وادەبێت، ئەمە پلانێکی هەر دووکیان بێت، بەکاوەخۆ دەڵێت:

( سەلمان شایەنی کیژی زۆر لەتۆ جوانتریشە، بەڵام ئەگەر ئەو بەتۆ قایل بێت، من هیچ قسەیەکم نییە و بەڵکو لەناخی دڵیشمەوە پیرۆزبایتان لێدەکەم و هیوای ژیانێکی ئاسوودەو پڕ کامەرانیشتان بۆ دەخوازم، هەر لەئێستا زووتر نییە لەجێی چوونە راو بێینە خوازبێنی تۆ و هەر لەسبەینێشەوە زەماوەندتان بۆ ساز دەدرێت).

سەلمان کەبۆخۆشی تەسەوور ناکات، ئەو کچەی کەسالآنێکە دوور بەدوور ئاشقی بووە، وادەبێتە ژنی..نازانێت چی بڵێت و بەشڵەژانێکەوە دەڵێت:

( ئەوەی میر دەیفەرموێت هەر ئەوەیە؟!).

میر رۆژانێك پاش زەماوەندی سەلمان گینگڵ دەدات و ئۆقرەی لەبەر دەبڕێت، تا بیر لەجەنگێك دەکاتەوە کەسەلمانی بۆ بنێرێت و نەگەڕێتەوە، سەلمانێك کەبەهیچ ناکوژرێت، دەبێت چی هەبێت لەناوی ببات!؟.

هێندە نابات میر شارێکی بیردەکەوێتەوە کەکەس نەیتوانیوە داگیری بکات، لەبەر ئەوەی لەشوورەکانییەوە کاتێك داگیرکاران لێی نزیك دەبنەوە، قوڕقوشم و کانزای تواوەیان بەسەردا



دەکرێت، بەتیری دەم ئاگراوی تیر باران دەکرێن و عەردو ئاسمانیان لێ دەکرێتە ئاگرو مەحاڵە کەس رزگاری ببێت.

میر لەگۆڕەپانێکی گەورەدا دەستەیەك لەجەنگاوەرانی بەفەرمانداریێتی سەلمان کۆدەکاتەوەو بەبێ ئەوەی هیچ راستییەکیان سەبارەت بەوە پێ بڵێت کەچاوەڕوانیان دەکات، دەڵێت:

( تا ئێستا توانای بردنەوەی جەنگەکانمان، پەیوەست بووە بەهێزی ئەفسووناوی سەلمان- وە، هەر بوونی ئەوە ترس دەخاتە دڵی دوژمنانمانەوەو دەیانتۆقێنێت و دەبێتە مایەی سەرکەوتنمان لەجەنگدا. ئێستا ئێوە بەرەو شارێك دەکەونە رێ و داگیری دەکەن، شارێکی پڕ لەزێڕ و زیوو، شارێکی پڕ لەکیژی جوان، پڕ لەو دەستنووسانەی بەشێکی مێژووی ئێمەی تێدا تۆمارکراوە، هەرچیەکتان لەو شارەدا دەست کەوت بۆ خۆتانە، من تەنها دەستنووسەکانم دەوێت. چونکە بەبێ وەدەستهێنانی ئەو دەستنووسانە دەبێت بۆ هەتا هەتایە لەدەرەوەی مێژوو بمێنینەوە، ئەوەی عەرافەکان پێیان راگەیاندووم، سووتانی حەتمیی ئەو دەستنووسانەیە لەرۆژگارێکدا، گەر لەمڕۆدا دەست ئێمە نەکەوێت!؟.. باوانی خەڵکی ئەو شارەی ئێوە هێرشی بۆ دەبەن ئەوانەن کە"زوحاك"ی دوا پاشی میدییەکانیان کوشت لەساتەوەختیکدا کەئەو پاشایەمان لەباخچەیەکی فیردەوس ئاسای هاوشێوەی یەکێك لەباخچەکانی عەدەن، لەفڕینی پەپوولەیەك ورد دەبۆوەو

نەیدەزانی یەکێك لەنەوەکانی کەناوی "کاوە" بووە، دەستی لەگەڵ هەخامەنشییەکاندا بەرانبەر بەدەسکەوتێکی کەم تێکەڵ کردووەو دەبێتە چاوساغی کۆمەڵێك بکوژی ئەوان بۆ نێو باخچەکەی ئەو و تالەپاڵ درەختی شەکرە سێویکدا وەك مەڕ سەری بڕن و لاشەکەی بەباخچەکەوە بسوتێنن، تائێستاش بکوژەکانی زوحاك یادی ئەو ڕۆژە دەکەنەوەو ناویان ناوە"نەورۆز"... ئەو شارەی کەئێوە داگیری دەکەن خەڵکەکەی جۆرێکی جیاوازن لەتوخمی بەشەر و تا نێرێکیان لەبەر دەستدا بێت سواری مێینەکانیان نابن، ئەوان گۆشتی سەگ دەخۆن و سەگیش لای ئێمە پیرۆزەو کوشتنیشی یەکێکە لەگوناهە گەورەکان.. ئەی جەنگاوەرانی ڕۆشنایی لەپێناو ئێستاو ئایندەی خۆتاندا، بێسەڵەمینەوە.. بەبێ باوەڕهێنان بەهەموو ئەو شتانەی کەڕەنگە لەبارەی ئەو شارەوە لەئێستا و داهاتوودا گوێبیستی بن، بەعەزیمەتی شۆڕەسواران و شێرانە و بەبێ وەستان تابەر شوورەکانی ئەو شارە رامەوەستن و تۆڵەی پاشای کوژراومان لەو توخمە نەگریسانە بکەنەوە، باخچەکانیان بسووتێنن، کۆشك و تەلار و خانووەکانیان بڕووخێنن، کیژە پاکیزەکانیان کوناودەر بکەن و شیشی سوورەوکراوە لەکونی کۆمی نێرەکانیان بئاخنن و دواجاریش وەك هەموو جارێك بەهیمەتی سەلمان و توانای لەبن نەهاتووی نەبەزین و سەرکەوتنی بەسەرکەوتوویی وەرنەوە، تامێینەکانی شارەکەمان بەهەلهەلەو چەپڵەڕێزان پێشوازیتان لێبکەن و دایکان لاملی



ئەسپە ماندووەکانتان ماچ بکەن و پیرەمێردانیش چاو بەفرمێسك بەرەو پیرتانەوە بێن...).

بێ ئەوەی سەلمان و جەنگاوەرەکان، هیچ گومانێکیان لەقسەکانی میر هەبێت، تا ئاست شوورەکانی ئەو شارەی میر بۆی وەسفکردبوون راناوەستن و هەر یەکسەر لەچەندین شوێنیەوە پێیدا هەڵدەگەڕێن و دەچنە نێو شارەکەوە، بەڵام دەبینن چۆڵکراوەو کەسی تێدا نەماوە، چەند بەشوێن ئەو دەستنووسانەدا دەگەڕێن کەمیر بۆی باسکردوون، هیچیان چنگ ناکەوێت، سەرباری ئەوەی هیچ زێڕو زیوو هیچ کەلوپەلێکی شایستەو گرانبەها نابیننەوە، پاش ئەوەی شارەکە جێ دەهێڵن و لەڕێگەی گەڕانەوەیاندا لەشوانێکەوە گوێبیستی حیکایەتی ئەو شارە دەبن کەچۆن پاش بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکی کوشندە لەنێویاندا و مردنی ژمارەیەکی زۆریان هەر هەموویان بەناچاری شارەکە جێ دەهێڵن و ڕوودەکەنە شوێنێکی دیکە، هەر لەڕێی ئەو شوانەشەوە لەوە حاڵی دەبن کەهیچ کاتێك خەڵکی ئەو شارە تێرەسکی خۆیان نانیان نەخواردووە چ جای هەبوونی زێڕ و زیوو و شتی گرانبەها.

ئیدی کاتێك دەگەڕێنەوە، سەلمان بەپەلە دەچێتە لای میر و حاڵ و مەسەلەکەی تێ دەگەیەنێت، میر جەخت دەکاتە سەر ئەوەی کەئەوان بەهەڵە بەرەو شارێکی تر چوون و ڕێیان هەڵەکردووە، یان هێزێکی غەیبی ویستوویەتی ئەو شارە وابێتە پێش چاویان کەڕەنگە لەڕاستیدا هەر بۆی نەچووبوون و ئەوەی

کەبینیویانە تەنها تەسەوورێکی ئەوان بێت، لەدرێژەی قسەکانیدا داوای لێدەکات ئەمجارە هەر خۆی بەتەنیا بەرەو ئەو شارە بچێت تابەچاوی خۆی راستی قسەکانی میری بۆ دەربکەوێت و لەکۆتایشدا ئەوەی پێ رادەگەیەنێت کەبەبێ ئەوەی هیچ کەسێك ئاگادار بکاتەوە بەرەبەیان خۆی بەتەنێ بەرێبکەوێت.

کاتێك سەلمان دەچێتە ماڵەوەو دەرئەنجامی ئەو گومانەی کەلای دروست بووە سەبارەت بەنیازی میر، هەموو ئەوەی کەلەمیری بیستووە بۆ ژنەکەی دەگێڕێتەوەو ئەویش پێی دەڵێت:

( ئەگەر بڕۆیت ناگەڕێیتەوە، دەبێت لەوە حاڵی بووبایت پاش ئەو هەڵوێستەی من بەرانبەر بەمیر، چیدی ئەو وەك قارەمانێك تێت ناڕوانێت کەدەبیتە مایەی سەرکەوتنی لەجەنگەکاندا، چونکە ئەو گرنگترین جەنگی بەهۆی بوونی تۆوە دۆڕاند و ئەمەشی بەئاسانی بۆ قووت ناچێت و ناشزانێت چۆن تۆڵەت لێبکاتەوە، سبەینێ ئەگەر بڕۆیت بەبێ بەکارهێنانی ئەو شتانەی کەتۆی پێ ناکوژرێیت، بەچەشن و شێوازێکی تر دەکوژرێیت، رەنگە کەسانێك وەدووت بکەون و لەچیایەکی بەرز هەڵتدەنە خوارێ، یان تەوقت بدەن و بتسووتێنن، یان خوا دەزانێ میر ئەم شەو تابەیانی چیتری بەخەیاڵدا دێت).

سەلمان– یش لەوەڵامدا دەڵێت:



(بەڵام ئەگەر میر تازە نیازی لەناوبردنی من بێت مانەوەم و جێبەجێ نەکردنی فەرمانەکەی، هێندەی دیکە ئیشەکە گەن دەکات و ئەو دەم بەئاشکرا بەناوی سەرپێچیم لەفەرمانەکانی دەستگیرم دەکات و ئەگەر نەشمکوژێت تائەبەد بەزیندانکراوی دەمهێڵێتەوە).

ژنەکەی دەڵێت:

( دەبێت هەر ئەم شەو هەڵبێین، نامەوێت ئەو کۆرپەیەی لەسکمدایە بێ باوك گەورە بێت).

وەك دەگێڕنەوە سەلمانی فارسی یەکەم و ژنەکەی هەر ئەو شەوە لەشار هەڵدێن و پاش ئەوەش کەس نازانێت کام نەوەی دێتەوە هەمان شار و لەچ ئان و زەمەنێکدا ئەمە روودەدات و هۆکاری گەڕانەوەی نەوەی سەلمان، کەهەر ناوی سەلمان دەبێت چییە؟!.

## ماجەرای سەلمانی فارسی مێژوونووس

"ساتیا سیامەنسووری" دوای ئەوەی لەکەنار دەریاکەدا خۆی رووتکردەوەو ئاماژەی بۆ ئەو دوو نەورەسە کرد کەلەو دەمەدا جووت دەبوون، لەسەر زاری سەلمانی فارسی مێژوونووسەوە کەوتە گێڕانەوەی ئەمەی خوارەوە:

( لەگەڵ سەرجەم ئەو شێت و نیمچە شێت و دەبەنگ و کەسە خراپ و دز و جەردەو گەوادو سۆزانی و یاخی و خەڵکە بێکارانەی، میر لەملەکەتەکەی خۆی وەدەرینان، من تەنیا مێژوونووسێك بووم لەسەرجەم مێژوو نووسەکانی مەملەکەت کەلەگەڵ ئەو حەشامەتە بەڕێ بکرێم، بێجگە لەمن لاقەی هیچ مێژوو نووسێکی تریان نەکرد.

ئەو بڕیارەی لەپڕی میر شازادی حەوتەمی سولالەی میرانییەکان، بڕیارێك نەبوو هەڵقووڵاوی بیر و تێفکرینی خودی ئەو بێت، یان ئاستەمە بڵێین هیچ بڕیارێکی دیکەی ئەو سەردەمەش پێوەندی بەوەوە هەبووبێت، نەك هەر لەبەر ئەوەی



میر زۆر بەئاستەم دەیتوانی وشەکان لەزاری بێنێتە دەر و بیانڵێت، بەڵکو لەبەر ئەوەی میر تەنیا دەبەنگێك یان تاڕادەیەك نیمچە شێت و بگرە شێتێکی ئەو سولالەیە بوو، کەنەك هەر مێژوویەکی دوور و درێژیان لەکوشت و کوشتاردا هەبوو، بەڵکو مێژوویەکی تایبەتیشیان لەعیلمی کەلام و گوتار خوێندنەوەو شتنەوەی دەماغ و بەتاڵکردنەوەی تووڕەیی خەڵك و خڕکردنەوەیان بۆ هەر جەنگێك کەمەبەستیان بووایە بۆی بچن، هەبوو.

بەدرێژایی مێژووی ئەو سولالەیە میرێکی لەو چەشنە حوکمی نەگرتبووە دەست، ڕەنگە هەر ئەمەش هۆکاری ئەو بڕیارە بێت کەپێش ئەوەی میر مۆری لێبدا بەخەیاڵی یاکۆف- ی راوێژکاریدا هاتبوو، دیارە زۆر بیری لەوە کردبۆوە کەیان دەبێت میر لەسەر حوکم لابرێت، کەئەمەش بەحوکمی پشتگیریکردنی لەلایەن سوڵتان سیبەوەی- قاجارییەوە کەهاوسێی مەملەکەتی میر بوو، شتێکی مەحاڵ بوو، چونکە ئەگەر لەبەر ئەو پێوەندییە دوور و درێژەی باوانی میر و قاجارییەکانیش نەبووایە، ئەوە لەبەر ئەوەی کچی سوڵتان سیبەوەی ژنی میر شازادی حەوتەم بوو، قاجارییەکان پشتگیریان لێدەکرد. یان دەبوو سەرجەم شێت و نیمچە شێت و دەبەنگەکان لەمەملەکەت وەدەربنرێن، تا میر هاوشێوەیەکی لەنێو خەڵکدا نەبێت و کەس نەتوانێت بەراوردی بکات لەگەڵ فلانە دەبەنگ و فیسارە نیمچە شێت و ئەم شێت و ئەو شێتی مەملەکەتدا.

ياكۆف- ی راوێژكاری میر پاش خوێندنەوەی یەكێك لەكتێبە مێژوویەكانم كەسەبارەت بە هێرشی ئەسكەندەری مەكدۆنی بۆ سەر وڵاتی پارس نووسیبووم، لەبڕیارێكی هاوشێوەی ئەسكەندەری مەكدۆنی- یەوە ئەو بڕیارەی بەخەیاڵدا هاتبوو، گەرچی ئەوەی ئەسكەندەر شتێكی جیاوازتر بووە لەو ڕووەوەی كەئەو هەموو زانا و بیرمەند و نووسەر و حەكیمەكانی پارسی خستۆتە نێو كەشتییەكەوەو بۆ یۆنان بەڕێی كردوون، گەرچی ئەو كەشتییە هیچ كاتێك ناگاتە یۆنان و كەسیش نازانێت لەچ دەریایەكدا ونبووەو چەندیش بەنێو دەریادا سەفەری كردووە، ڕەنگە هەر لەبنەڕەتیشدا مەبەستی ئەسكەندەر گەیشتنی ئەو كەشتییە نەبووبێت و دڵنیاش بووبێت لەوەی كەناگات.
پاش مۆرلێدانی میر لەبڕیارەكە وەك بڕیارەكانی تر نەكرایە هەرا و زەناو، بەچەشنی ئەوان وەك داب و نەریتی مەملەكەت جارچی جاڕی بڕیارەكەی میری بەنێو كۆڵان و شەقەمەكاندا نەداو زۆر بەنهێنی سەرەك پاسەوان و جەنگاوەرانی میر ئاگاداركرانەوە، تا سەرجەم دەبەنگ و نیمچە شێت و شێتەكانی مەملەكەت دەستگیربكرێن و پاشان لەتەنیا بەندەرێكی مەملەكەتەوە بخرێنە كەشتییەكی چارۆكەداری گەورەوەو بەرەو دەریا بەڕێ بكرێن، پێش وەخت لەڕێی مێژوونووسێكی تەبا لەگەڵ دەسەڵاتی میر بەو بڕیارەم زانیبوو، بەڵام دواتر نەمزانی هۆكاری ئەوە چیبوو لەناكاو دەست كرا بەگرتنی كەسانی خراپ و دز و جەردەو گەوادو سۆزانی و خەڵكی بێكار و



تێكەڵكردنیان بەوانەی كەبەپێی بڕیارەكە دەبوو دەستگیر بكرێن.
دەستگیركردنم تەنها پێوەندی بەوەوە نەبوو كەبەردەوام مێژوویەكی پێچەوانەم بەو مێژووە دەنووسییەوە، كەمێژوو نووسەكانی سەر بەمیر دەیاننووسییەوە، بەڵكو ڕاستەوخۆ پێوەندیی بەو كتێبە مێژووییەمەوە هەبوو كەبوو بووە مایەی ئیلهامی یاكۆف- ی راوێژكار.
كاتێك سەرجەم حەشامەتەكەیان بەرەو بەندەرەكە دەبرد، میر بەسواری ئەسپەكەیەوە گەیشتە پێش حەشامەتەكەو هەر ئەوەندەی لەیاكۆف نزیك بۆوە كەبەوپەڕی كەیف و سەفاوە پێش حەشامەتەكە كەوتبوو، زاری نا بەگوێیەوەو هەرچەندە باوەڕناكەم بەو ماوەیە توانیبێتی هیچ وشەیەك لەزاری بێنێتە دەر، بەڵام یاكۆف زۆر بەشپرزەییەوەو هەر وەك ئەوەی شتێكی زۆر گرنگی لەیادكردبێت، گوتی:
" ئەی هەموو ئەوانەی كەبەئاگاو بێئاگا دژ بەداب و نەریتی باوانی كورد و ڕێساو یاساكانی مەملەكەت بوون كەهەر لەسەردەمی میر شازادی یەكەمەوە بۆتە دەستوور، ئەوە باش بزانن دەبوو یەك بەیەكتان بكوژرێن و پێش كوشتنیشتان بەخراپترین شێوە ئەشكەنجە بدرێن و هەروەك لەزەمانی میر شازادی یەكەمدا باو بوو، دەبوو بەبەرچاوی خەڵكەوە فەلاقە بكرێن و پاشان بەدەستی جەللادباشی و جەللادانی یاوەری هێدی هێدی و لەسەرەخۆ كەللەپاچە بكرێن، دەبوو لەدیمەنێكی

زۆر خاو و لەسەرەخۆدا هەموو ئەمەتان بەسەردا بێت، تا بینەرانی دیمەنەکە چێژ وەربگرن و شاگەشکە بن بەبوونی یاسا و باڵادەستی ئاسایش لەمەملەکەتدا. بەڵام بۆیە هەموو ئەمانەو چەندین شتی دیکەی لەو چەشنە روویننەدا، چونکە ئەو عەرافەی پێش بینی مەترسی بوونی ئێوەی بەمیر راگەیاندبوو ئەوەشی پێگوتبوو کەدەبێت هیچ کەسێکتان نەك هەر نابێت لەسەر خاکی پیرۆزی ئەم مەملەکەتەدا بکوژرێت، بەڵکو نابێت میر لەهیچ خاکێکی تریشدا دەستی لەکوشتنتاندا هەبێت و زۆر بەئاسایی لەنێو کەشتییەکی گەورەدا رەوانەی دەریاتان بکات و خۆراك و ئاوی شەش مانگیشتان لەنێو کەشتیەکەدا بۆ ئامادە بکات، جا ئەگەر وشکانیتان بەدی نەکردو لەنێو کەشتییەکەدا مردن، ئەوە میر بێتاوانەو ئەمە قەدەری ئێوەیەو ئەگەر رزگاریشتان بوو، ئەوە هەر قەدەری ئێوەیەو میریش ئەو مەزنەیە کەئێوەی بەرەو ئەو قەدەرە بەرێکردووە. میری مەزنمان کەگوێبیستی قسەکانی عەرافەکە بووە زۆر خەفەتی خواردووەو تاسەر ئێسك نیگەران بووە، چونکە ئێوە هەر کێیەك بن و هەرچییەکتان کردبێت، یان نەتان کردبێت و بەتەما بن لەداهاتوودا بیکەن، لای میری میهرەبان و دڵگەورەمان ئێوە رۆڵەی ئەم میللەتە نەبەزەن، تەنانەت ئەگەر هیچ رێگەچارەیەکیش نەبێت بۆ چاککردنەوەو هێنانەوە سەر رێتان. ئەگەر عەرافەکە بەمیری نەگوتایە مانەوەی ئێوە لەمەملەکەتدا شوێن مەترسییە بۆ مەملەکەتی میرانییەکان و بەسایەی سەری



ئێوەوە ئەو تۆفانەی بەرێوەیە سەرپاکی مەملەکەت دەبات، ئەوە مەحاڵ بوو لەخاکی خۆتان بکرێنە دەر، چونکە ئەم خاکە چۆن خاکی هەموو پیاوچاك و دڵسۆزو کەسی نوورانی و دڵ وداوێن پاك و تێکۆشەرێکی مەملەکەتە، ئاواش خاکی هەموو گەواد و سۆزانی و دز و جەردەو خائین و شێت و نیمچە شێتێکیشە، گەرچی هەر هەمووتان لەتەنها خائینێك کەلەنێوتاندایە پاکترن، ئەو خائینەش مێژوو نووسێکی نەیارە بەهەموو ئەو جوانییانەی لەپاش دەسەڵاتی شازادی یەکەمەوە لەم مەملەکەتەدا هاتۆتە دی، ئەو خائینە لەبەر هەر هۆیەك بێت، هەر چییەك مێژوونووسە راستەقینەکانی مەملەکەت لەسەر مێژووی سولالەی میرانییەکان یان هەر شتێکی تر دەیانووسییەوە، ئەو پێچەوانەکەی دەگوت... ئەو خائینە سەلمانی فارسی- یە"...).

## سێکس لەگەڵ ساتیا سیامەنسووری

ساتیا سیامەنسووری زۆر کات یەکێك بوو لەو کەسایەتییە ئاڵۆزانەی کەبەئاسانی نەدەکرا ئەقڵی بخوێنیتەوەو بزانیت دەیەوێت لەگەڵتدا بگاتە کوێ و چی مەبەستە، لەهەمان کاتیشدا جاری واهەبوو هێندە کەسێکی ئاسایی و سادەو ساکار بوو کەبەئاسانی دەتزانی دەیەوێت بگاتە کوێ و چی مەبەستە؟!!.

ساتیا-م لەقەحپە خانەیەکی شارۆچکەیەکی نزیك ئەو کەنارەی دەریای سپی ناوەڕاستدا ناسی، یەکەمینجار کەلەژوورە تاریکەکەدا بینیم زەکەری پیاوێکی پرچ درێژی ئیسپانی دەمژی، کابرا کەمنی بینی سەری هەڵبڕی و بەتووڕەییەوە گوتی:

( بەرازنەخۆر بچۆرە دەرەوە).

دیار بوو بەرووکارمدا دیار بوو نەك هەر رۆژهەڵاتیم بەڵکو لەڕەگەزی ئەو توخمەی مرۆڤیشم کەخواردنی گۆشتی بەرازیان پێ حەرامە. هەر چەندە ماوەیەکی دوور و درێژ بوو لەباڕی



قەحپەخانەکەدا گارسۆن بووم، بەڵام یەکەمجار بوو ئەو قەحپەیە ببینم کەدواتر زانیم ناوی ساتیا سیامەنسووری- یەو بەرەگەز کوردەو لەیەکێك لەشارە کوردنشینەکانی کوردستانەوە، پاش سەرقاڵبوونی بەنووسین و کاری سیاسییەوە تووشی گێرمەو کێشە بووەو بەناچاری هەڵهاتووەو گەیشتۆتە ئەم شوێنەو لێرەش تەنها بەلەش فرۆشی توانیویەتی بمێنێتەوەو خاترجەم بێت لەوەی کەخەڵکی ئەم شوێنە ئەویان قبووڵەو رێ بەهیچ کەسێك نادەن بینێرێتەوە بۆ وڵاتەکەی.

ساتیا ئەو دەمانەی کەدەبووە کەسێکی سادەو ساکار زۆر بەووردی ماجەراکانی ژیانی خۆی بۆ دەگێڕامەوە، جارێکیان باسی ئەوەی بۆ کردم چۆن یەکەمینجار سێکسی لەگەڵ کراوە. دیارە ئەمە لەسەردەمێکدا رووی داوە کەئەو هێشتاکە هەرزەکار بووەو پاش باوەڕهێنانی بەگرووپێکی چەپ و کارکردن لەگەڵیان، هەر خودی ئەو ئافرەتەی کەلەڕێکخستنندا بەرپرسی بووەو بەفێڵ و حیلەبازی شەوێك بەناوی کۆبوونەوە لەگەڵ کەسێکی پایە بەرزی گروپەکەیان بردوویەتیە ماڵی خۆیان و دواجار کاتێکی زانیوە برای ئەو کچەی بەرپرسی هاتۆتە لایان و پاش شێر و رێوی هێنانەوەیەکی دوور و درێژ فیلمێکی رووتی خستۆتەگەڕ و هێدی هێدی قەناعەتی پێکردووە کەبەبێ سێکس کردن لەنێو تاکەکانی گروپەکەدا مەحاڵە متمانە و باوەڕ دروست ببێت. پاش ئەوەی گیرۆدەی دەکات، سەرەتا فێری زەکەر مژینی دەکات و ماوەیەك زەکەری خۆی پێدەمژێت و

ئینجا باسی سیحری کونەکەی دواوەی بۆ دەکات و هێدی هێدی رایدەهێنێت و لەبەرەبەیاندا لەدواوە سواری دەبێت و دواتریش بەکاوەخۆ لەهەر کۆبوونەوەیەکدا یەکێك لەکادیرانی گروپەکەیان سواری دەبێت و بەم چەشنە کاتێك دەزانێت بۆ خۆی عەوداڵی گەڕانە بەشوێن نێرینەدا و دواتریش بەم تێکەو لێکەیە، ژمارەیەکی زۆر لەلایەنگر و ئەندام رادەکێشێت.

بەو پێیەی لەقۆناغێکی باڵای خوێندنیدا دەبێتە خوێندکاری بەشی مێژوو، سەودا سەری و شەیداییەکی زۆر سەیری بۆ مێژوو لادروست دەبێت و سەرەتا لەقووڵاییەکانی مێژوودا بۆ شێواز و چەشنی کردە سێکسییە ناسروشتییەکان دەگەڕێت و دواتر رۆدەچێتە نێو مێژووی میللەتان و دەبینێت کورد تاکە میللەتێکە کەنەیتوانیوە بچێتە نێو مێژووەوەو بەدرێژایی سەدەکان لەدەرەوەی مێژوو ماوەتەوە.

لەو شەوەدا کەڕێکخراوی ئیتا شوێنیکی زۆر ستراتیژی نزیك قەحپەخانەکەی تەقاندەوە، هەموو ئامادەبووان قەحپەخانەکەیان لەترساندا جێ هێشت و تەنها من و ئەو ماینەوە. بێ ئەوەی هیچ بڵێت دەستی گرتم و بردمیە نێو یەکێك لەژوورە تاریکەکان و گوتی:

( ئەمشەو تۆ سوارم ببە، دەزانم هەر لەو دەمەی منت بینی زەکەری کابراکەم دەمژی تامەزرۆمی، چاوەڕێ بووم بۆخۆت داوام لێبکەیت، یان هەر هیچ نەبێت وەك هەر کەسێك بەپارە خۆت بگەیەنیتە لام. بەڵام هیچ نەگوتن و بێدەنگیت هێندەی تر



سەرنجی راکێشام و وای لێکردم بۆخۆم حەز بکەم بەخۆڕایی سوارم بیت و بگرە ئەگەر پارەشت مەبەست بێت دەتدەمێ).

لەوەڵامدا گوتم:

( بەڵام وەك دەزانی من بەناچاری ئەم کارە دەکەم و ئەگینا بۆ خۆم کەسێکی نوێژکەر و لەخوا ترسم.. هیچ کاتێك شتێکی حەرامم نەکردوە، هەرچەندە بەحەڵاڵیش تا ئێستا سێکسم نەکردووەو رەنگە ئێوە نەزانن من کەسێکی رەبەنم).

هستریانە دایە قاقای پێکەنین و گوتی:

( من پێم خۆشە لەگەڵ بێ ئەقڵێکی وەك ئێوەدا رابوێرم کەهێشتاکە باسی حەرام و حەڵاڵ دەکات، هێشتاکە پێی وایە ئەو شتانەی کەگوتراوە نابێت بکرێت، کردنی نەشیاوە.. سەیرە لەم دنیایەدا کەسێکی وەك ئێوە مابێت.. تۆ بێسەڵمینەوە خۆت بدەرە دەست من و خەمی هیچت نەبێت، گوناهیشت لەملی من و بابچێتە پاڵ ئەو هەموو گوناهەی کەلەژیانمدا کردوومن...ئیدی لەگەڵ مندا باسی حەڵاڵ و حەرام مەکە، تا لەکارەکەمان دەبینەوە دواتر چی دەڵێیت و چۆن بیر دەکەیتەوە مافی خۆتەو بەلای منەوە هیچ گرنییەکی نییە).

بۆ ئەوەی سڵ نەکەمەوەو نەتەرێمەوە سەرەتا زۆر بەهێمنی لێم هاتە پێش و بەدەنگێکی ناسك باسی لەزەتی سێکس و ئان و ساتی گانکردنی بۆ کردم، پاشان یەکە یەکەی هەموو ئەوانەی بەلادان و شزوزی سێکسی ناسراون بۆ شیتەڵکاری کردم و بەهەموو شێوەیەك دەیویست قەناعەتم پێبکات کەهەموو شتێك

قابیلی کردنە، هەرچەندە تەمەنێکم لەرەفزکردنی شتەحەرامەکان بردبووە سەر و هەر لەو دەمەی بەمنداڵی چوومە حوجرەو لای مەلا سەیفەدینی چووچانی وانەی ئایینیم خوێند، سەرەتا بەوە ئاشنا بووم، کەزیناکردن یەکێکە لەو حەرامانەی کەخوداوەند هیچ کاتێك لەبکەرەکەی خۆش نابێت و لەکاتی روودانی کردەیەکی لەو چەشنەدا عەرز و بەرز دێتەوە یەك و هەموو فریشتەکان دەگرین، هەموو باڵندەکانی نزیك شوێنی رووداوێکی لەو چەشنە وەك ساتەوەختی زەمین لەرزە، ئۆقرەیان لەبەر دەبڕێت و بەشێوەیەکی نائاسایی جموجۆڵ دەکەن و لەودەمەشدا شەیتان و جندۆکە شەڕانییەکان شاگەشکە دەبن و دەخەنێنەوەو بەخێسەوە دەڕواننە ئەو ئاسمانەی کەئەوانی بێبەری کرد لەوەی لەنێو بەهەشتیدا بمێننەوە، لەو ساتانەدا شەیتان و جندۆکە شەڕانییەکان دەبنە یەك پارچە ئاگر و پلەی گەرمای ئەو شوێنەی کردە سێکسییەکانی تێدا روو دەدات بەرز دەکەنەوە.

پاش ئەوەی بەقسەکردن و باس و خواسەکانی شەکەت و ماندووی کردم و توانای بەرگری و بەرپەرچدانەوەی تێدا تێکشکاندم، زنجیری پانتۆڵەکەمی کردووەو زەکەرمی هێنایە دەر کەتائەو دەمەش بێجگە لەدەستی خۆم هیچ دەستێکی تری بەر نەکەوتبوو، ئەویش مەگەر لەکاتی میزکردن و خۆشتندا.

پاش ئەوەی ئەو بوونەوەرە سیس بووەی نێو گەڵمی بەلێوەکانی کردە دارعەسایەکی رەق و تەق و لەدواوەڕا سواری



خۆی کردم، هەستم بەگوناهێکی زۆر گەورە کرد، گوناهێك کەدەبوو لەجێگەی سەدان جەڵدەم لێبدرێت، لەجێگەی وەك هەر زیناکارێك زەکەرم ببڕدرێتەوە، لەچاڵێکی قووڵ بنرێم و بەردباران بکرێم، ئیدی بەهەر شێوەیەك بێت لەبری ئەو کارەی کردوومە ئەشکەنجە بدرێم و دواتریش بکوژرێم.

ئەو دەمەی زۆری لێدەکردم تا بەقوەتتر تەکان بدەم، قاچەکانم دەلەرزین و ئارەقەیەکی گەرم و سوێرم دەردەدا، ئارەقەکەیەك بۆنی هەموو تاوانەکانی مرۆڤی لێدەهات، بۆنی هەموو لادانە سێکسی و شتە حەرامەکانی لێدەهات، بۆنی لەزەت و شەهوەتی لێدەهات، نازانم من لەوڕۆژەوە بوومە گوناهبارێکی گەورە، یان بوومە کەسێکی ئاسایی وەك هەر کەسێك کەئەوە کاریەتی و پێشی ئاساییە.

## ماجەرای سەلمانی فارسی حەوتەم

سەلمانی فارسی حەوتەم لەهەردوو سەلمانەکەی دیکە ناسراوترەو تەنها ئەویشیان توانیویەتی بچێتە نێو کتێبە مێژووییەکانەوە، ڕەنگە یەکێك لەهۆکارەکانی ناسرانی پەیوەست بێت بەدژایەتی کردنی ڕەگەزی خۆی و هەوڵدانی بۆ بنبڕکردنی توخمیان و سڕینەوەی ناویان، ڕەنگە ئەگەر لەمێژوودا پیاوێك بەناوی سەلمانی فارسی حەوتەم بوونی نەبووایە، لەئێستادا کورد یەکێك بووایە لەو میللەتانەی وەك هەر میللەتێکی دیکە لەناو مێژوودا بوونی هەبوایەو بەو شێوەیەی ئێستای لەدەرەوەی مێژوودا نەمایەتەوە.

سەلمانی فارسی حەوتەم پاش ئەوەی لەبەر هۆیەکی نەزانراو لەشاری ینامێلس هەڵهاتووە، ڕێگەی سەفەرێکی سەختی گرتۆتە بەر و سەدان دۆڵ و شیو و نشێو و هەڵدێر و لوتکەو دوندو پێدەشتی تەی کردووەو چەندین سنووری مەملەکەتان و شارانی بڕیوە تاگەیشتۆتە ئەو بیابانەی کەپیرەمێردێکی چرچەڵەی بەحاڵ ڕۆح لەبەردابووی تێدا ناسیوەو کاتێك



پرسیاری چۆنیەتی دەربازبوونی لەبیابانەکە لێدەکات، لەوەڵامدا پێی دەڵێت:

( ساڵانێکی دوور و درێژە هیچ کاروانێك بەم بیابانەدا تێپەڕنەبووەو دەمێکە دەموچاوی هیچ بنیادەمێکم لێرەدا نەبینیوە، هەر لەو کاتەوە هەواڵی ئەوە بڵاوبۆوە کەهەر کاروانێك بەم بیابانەدا تێپەڕببێت مەحاڵە وێڵ نەبێت، ئاستەمە هیچ کاروانێك توانیبێتی لێرەوە بگات هیچ شوێنێکی تر، ئێرە وێڵگەی کاروانەکان و هەموو ئەو کەسانەیە کەنابەڵەدانە پێیدا تێپەڕ دەبن، من دەمێکە لەنهێنی ونبوونی ئەوان دەکۆڵمەوەو لێی رادەمێنم، بەڕاستی شتێکی سەیرە کەس لێرەوە نەگاتە هیچ شوێنێك و چانسی رزگاربوونی نابێت، تائێستا پەیکەرە ئێسکی زۆرێك لەمرۆڤگەل و حوشترەکانی کاروانەکانم بینیوە، جیاواز لەڕەنگی پەیکەرە ئێسکی ئاسایی ئەو پەیکەرە ئێسکانەی لەپاش ئەوان جێ دەمێنێت ڕەنگێکی فەیروزەیی هەیەو بەشێوەیەکی سامناك لەشەودا دەبریسکێتەوە، ئەمە جگە لەو دەنگی ناڵەو گریان و پاڕانەوەی کەلەئێسکەکانەوە دێتە دەر، ساڵانێکە من هەموو ئەمانەو زۆر شتی ترم بەچاوی خۆم بینیوەو جاری واهەبووە هێندەی نەماوە لەسنووری شێتی نزیك ببمەوە، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو جارێکیان پێم وابوو شێت بوویێتم، ماوەیەك خۆم لێببووە مەجنون و وامدەزانی بەشوێن لەیلادا دەگەڕێم، پێم وابوو هەمیشە کۆمەڵێك تارمایم لەدەورەو

لێم دەپرسن ناوم چییە؟.. منیش لەوەڵامدا دەڵێم ناوم لەیلایەو ئەوانیش پێم پێدەکەنن و دەڵێن:

" یەکەمینجارە پیاوێك ببینین و ناوی مێینەی هەبێت"..

کەچی من وەك ئەوەی بەڕاستی ناوم لەیلا بێت بەگژیاندا دەچوومەوەو دەمگوت:

" خۆ درۆتان لەگەڵ ناکەم من بەڕاستی ناوم لەیلایە".. باشبوو ئەم حاڵەتە زۆر بڕی نەکردو هێندەی نەبرد وەك خۆمم لێهاتەوە.. بەڵام لەو دەمەوە بیر لەلەیلایەك دەکەمەوە کەنەبینیومەوەو نەدەزانم کێشە، بەڵام لەوەش دڵنیام لەخۆڕا نییە، لەم بیابانەدا ناوی ئەوم بەزارد هاتووە، ڕەنگە لەم شوێنەدا ڕۆحی ئەو لەیلایە بوونی هەبێت، یان ڕەنگە کەسێك کەبەشوێن ئەودا ئەودال بووە، لەم شوێنەدا گەڕابێت و دواجار گیانی دابێت و مردبێت، یان ڕەنگە... ).

کاتێك سەلمان دەپرسێت:

( ئەی ئێوە چۆن لێرەدا ماونەتەوە، یان ئێوەش بەهەڵە بەئێرەدا تێپەڕبوون و ڕێتان هەڵەکردووە، بەڵام بەپێی ئەو زانیاریانەی کەدەیزانن ناکرێت ڕێتان هەڵەکردبێت، ئێوە کێن و چی دەکەن لێرە...؟! ).

پیرەمێردەکە پاش ئەوەی ماوەیەك بێدەنگ دەبێت، دەڵێت:

( من خەڵکی شاری ینامێلس– م و دەمێك ساڵە لەترسی میرێکی زۆرداری هەڵهاتووم و نازانم چەند ساڵ و مانگ و هەفتە و ڕۆژە لێرەم، گەر لەهۆکاری مانەوەشم دەپرسیت خۆشم نازانم



چۆن لێرەدا ماومەتەوە، لەکاتێکدا بەچاوی خۆم سەدان قافڵەم بینیوە کەلەم وێڵگەیەدا ونبوون و دەرئەنجامەکەشیان مردن بووە، ئێسك و پرووسکی خۆیان و حوشترەکانیانم بەچاوی خۆم بینیوە... مانەوەی من لەم شوێنەدا بەچەشنێك لەئەشکەنجەو سزادانی خوداوەندانە دەچێت تا لەنزیکەوە بیناسم و ددان بەتواناو قودرەتی بێ بنەوپەیدا بهێنم، چونکە شوێنێك کەخوداوەند دەتوانێت بێسڵکردنەوە لەبینینی تێیدا بگەڕێت و وچانێکی تێدا بدات بیابانە، ئەو تەنها دەتوانێت لەبیاباندا ون ببێت، تەنها لەبیاباندا دەتوانێت بیر لەتاوانەکانی ئێمەی مرۆڤ بکاتەوەو پلان بۆ تۆڵەسەندنەوەیەکی بێ وێنە دابنێت، تۆڵە سەندنەوەیەك زۆر سەختتر بێت لەو ئەشکەنجانەی لەدۆزەخدا چاوەڕێمان دەکات، تۆڵە سەندنەوەیەك زۆر لەوەی قەومی لوت و هود و قەومە خوانەناسەکانی تر سەیر تر بێت.. من لێرەدا بەهۆی پیاوێکەوە خودام ناسی کەلەسەرەمەرگدا کتێبێکی پیرۆزی دایە دەستم و وتی دڵنیام دەتوانی بیخوێنیتەوە، زۆر سەیر بوو منی نەخوێندەوار بەبینینی ئەو کتێبە فێری خوێندەواری بووم و پاش مردنی ئەو کەسەی کەکتێبەکەی دامێ بێ هیچ گرفتێك ڕەنگە لەسەد جار زیاتر ئەو کتێبەم لەبەرگەوە بۆ بەرگ خوێندبێتەوەو لەقووڵاییەکانی ناخمەوە باوەڕم بەوە هێنا کەکتێبێکی لەو چەشنە مەگەر تەنها خوداوەند بەشەو نخوونی و ماندووبوونێکی زۆرەوە توانای نوسینەوەی هەبێت، ئەگینا

ئاستەمە هیچ مرۆڤێك توانستی نووسینی كتێبێكی لەو چەشنەی هەبێت ئەگەر هەزاران ساڵ تەمەن بكات و هەموو ژیانی لەگەڕان و خوێندنەوەو كەشفكردنی نهێنییەكانی بووندا بباتە سەر.. ئەو كتێبە پڕە لەنمونە موعیجەزەوییەكانی خوداوەند.. تا ئەو كتێبەم نەخوێندبۆوە نەمزانیبوو، پاش سەدان ساڵ چەند كەسێكی مردوو خۆیان و سەگەكەیان زیندوو دەبنەوەو جارێكی تر دەگەڕێنەوە نێو دنیاو سەرەتا نازانن سەدان ساڵ خەوتوون و هەر وادەزانن لەزەمەنی خۆیاندان و هێشتاكە دەسەڵاتی ئەو ئیمپراتۆرە ماوە كەئەوان لێی هەڵهاتوون، بەڵام دواجار لەهەموو ئەوە حاڵی دەبن كەخوداوەند وەك موعجیزەیەك ویستویەتی مردن و زیندووبوونەوەیان پیشان بدات و هەرهیچ نەبێت ئەوان و عوزەیر و گوێدرێژەكەی هەر لەم دنیادا دڵنیابن لەتوانای ئیلاهی لەمراندن و زیندووكردنەوەی مەخلوقەكانیدا.

بەڵام لەهەمووی سەیرتر ئەوەیە كاتێك هەموویان بڕیار دەدەن ئەم دنیایە بەجێ بهێڵن و بگەڕێنەوە بۆ لای خوداوەند و بەدیداری شاد بن، لەو كاتەدا سەگەكەیان كەناوی قەتمیر بووە، لەگەڕەك و كوچەو كۆڵانەكانی شارێكی نزیك ئەو ئەشكەوتەی كەسەدان ساڵە تێیدا خەوتون، بەسەرسامییەوە لەنێویدا گەڕاوە.. ئیدی ئەوان دەمرن و سەگەكەیان لەنێو زەمەنێكی تردا جێ دەهێڵن و كاتێكیش سەگەكە خاوەنەكەی بیر دەكەوێتەوەو بەرەو ئەشكەوتەكە دەكەوێتە رێ، دەبینێت خاوەنەكەی و



هەموو ئەوانەی تر مردوون و لەو رۆژەوە تائێستاش ئەو سەگە هەر بەزیندوویەتی ماوەتەوەو لەبەردەم ئەشكەوتەكەدا هەڵترووشكاوەو وەك موعجیزەیەكی ئیلاهی تا رۆژی قیامەت بەزیندوویەتی دەمێنێتەوە.

پاش خوێندنەوەی ئەو كتێبە نەفرەتم لەهەموو خەڵكی كافری شاری ینامێلس كرد!؟.. ئەو كتێبە فێری كردم زینا گوناهە، نێربازی خەتایە، ئاژەڵ گایین یەكێكە لەگوناهە گەورەكان، لەكاتێكدا هەموو ئەمانە لەشارەكەمدا وەك شتێكی رەوا و ئاسایی سەیر دەكرا و بەدەگمەن كەسێك هەڵدەكەوت بەو كارانەوە خەریك نەبێت، هەر پاش خوێندنەوەی ئەو كتێبە، باوەڕم بەخوداوەند هێناو رۆژانە لێی دەپاڕێمەوەو فرمێسكی پەشیمانی هەڵدەڕژم سەبارەت بەو هەموو گوناهەی كەپێشتر كردوومە، بەتایبەت من یەكێك بووم لەنێر بازە ناسراوەكانی شارەكەو بەدرێژایی تەمەنم زۆرترین نێرینەم هێن كردبوو، ئەمە جگە لەو مێینانەی كەلەگەڵیان جووت دەبووم.. لەم بیابانەدا رۆژ بەرۆژ رك و كینەم بەرانبەر بەخەڵكە كافر و خوانەناسەكەی شارەكەی پێشووم زیاد دەكات، تائەو رادەیەی گەر بەدەست من بێت، دەبمە رێنیشاندەری دڕترین سوپای هەمەجییەكان و بەرەو نێو شاری ینامێلس- یان دەبەم و دوایان لێ دەكەم كەس لەیاد نەكەن وگەورەو بچووك سەرببڕن و چۆنیان پێ خۆشە ئاوا شار كاول بكەن).

سەلمان دەڵێت:

( باوەڕم بەهەموو ئەوە هەیە کەباسی دەکەیت و دڵنیام لەڕاست گۆیتان، بەڵام دەمەوێت بزانم منێك کەهیچ ئیختیارێکم نەبوو لەوەی بێمە ئەم شوێنە،چۆن رزگارم دەبێت و جارێکی دیکە بەئاوەدانی شاد دەبمەوە، یان قەدەری منیش وەك ئەوانەیە کەلەم شوێنەدا بەچاوی خۆت ئێسك و پرووسکیانت بینیوە).

پیرەمێردەکە لەوەڵامدا پێی دەڵێت:

( مەگەر بەباوەڕهێنان و لەبەرکردنی هەموو دەقە پیرۆزەکانی ئەم کتێبەو تۆبەکردن و پەشیمان بوونەوەو بڕیاردان لەسەر پیشاندانی رێگەی راست بەخەڵکی، تۆ لەم شوێنە قورتار بکات.. ئەگینا پێم وانییە هیچ ترووسکە رۆشنایەکی دیکە بۆ رزگاربوونتان هەبێت.. من پێم وایە لەخۆڕا خوداوەند ئێوەی نەگەیاندۆتە ئەم بیابانەو منیشی لەخۆڕا بەزیندوویەتی بەدرێژایی ئەو ماوەیە لێرەدا نەهێشتۆتەوە، ئەمە قەدەری هەردووکمانە، دەبێت لەم شوێنەدا یەکتر ببینینەوەو ئێوە لەسەر دەستی من بێنە سەر رێگەی راست و بەمەش نەك هەر خوداوەند ئێوە لێرە رزگار دەکات و بەسەلامەتی لەپێناو گەیاندنی پەیامەکەیدا دەتانگەیەنێتە شوێنێکی ئاوەدان، بەڵکو منیش لەم شوێنە رزگار دەکات، رزگاربوونیشم لەمردنم دایە.. دەمزانی نامرم تا کەسێك نەهێنمە سەر رێگەی حەق، چونکە بەدرێژایی ئەو ماوەیەی لێرەدا بووم لەخوداوەند دەپاڕامەوە کەلەگوناهەکانم خۆش ببێت و هیچ کاتێك بێ پاکبوونەوەم لەو هەمو گوناهەی کەکردوومە نەمکوژێت، بەپێی ئایینی ئێمەش



ئەوەی یەکێك بانگهێشتی رێگەی راست بکات، خوداوەند لەهەموو گوناهەکانی خۆش دەبێت، ئیدی من لەم ساتەوەو پاش باوەڕهێنانی ئێوە ئامادەم بمرم. تۆش دوای باوەڕهێنانت، چاوەڕێی کردنەوەی دەرکەی رەحمەت بکە، رەنگە بەشێوەیەك لێرە رزگارت بێت کەنەك بەئەقڵتدا نایەت بەڵکو رەنگە بەئەقڵی هیچ کەسێکیشدا نەیەت و ئاقیبەتی ئەم باوەڕ هێنانەشت شاد بوونە بەبەهەشت. بەهەشت ئەو شوێنەیە کەتەنها جێگەی کەسە نوورانی و ساڵیح و ئەولیاو پیاو باشەکانی تێدا دەبێتەوەو لەوێ هەموو شتێك وەك شیری تازە سپی و پاك و بێگەردە، هەموو شتێك بۆنی مسك و رێحان و گوڵاوی لێدێت، لەوێ هەموو شتێك بریق و باقی گەوهەرێکی دەگمەنی هەیە کەهێشتاکە دەستی مرۆڤی پێ نەگەیشتووە).

سەلمان پاش ئەوەی بەخەیاڵ دەچێتە بەهەشت و بەڕاستی بۆن و میسك و رێحان و گوڵاو دەکات و چەندین رەوە ئاسکی زەردباوی درەوشاوە دەبینێت کەبەرەو لای زاتێکی کەڵەگەتی نوورانی غاردەدەن، بێ هیچ دوودڵییەك پاش ئەوەی هاوار دەکات و دەڵێت:" بینیم".. بەو پەڕی خشووعەوە بەچۆکدا دێت و لەقووڵایی دەروونییەوە باوەڕ دەهێنێت و هەزاران جار تۆبە دەکات و سەدان دڵۆپە فرمێسك هەڵدەڕێژێت و لەئاسمان دەپاڕێتەوە کەبیبەخشێت، دەرحەق بەوەی کەتائێستا غافڵ بووەو ئەوی نەناسیوە، پاشان دەڵێت:

( ئەگەر لێرە رزگارم بێت و بگەمە مەملەکەتی ئیمانداران، شەرت بێت گەورەترین لەشکری ئیمانداران ببمە سەر شاری پێشووم و خەڵکەکەی تەفروتونا بکەم و تا دوا ساتەکانی ژیانم دژ بەهەموو کوردێکی کافر بجەنگێم ).

کاتێك بەرەبەیان چاوی دەچێتە خەو و هێندە نابات بێدار دەبێتەوەو کاتێك دەزانێت لەنێو شارێکی پڕ لەدارە خورمادایە و خەڵکێکی دەموچاو نورانی بەرگ سپی پۆش لەدەوری راوەستاون و بەوپەڕی موحیبەتەوە چاوەڕێی بێداربوونەوەین.

کاتێك سەلمان بێدار دەبێتەوە سەرەتا وا دەزانێت گەیشتۆتە ئەو بەهەشتەی کەپیرەمێردەکە بۆی باسکردوەو پاش ماوەیەك لەوە حاڵی دەبێت کەئەو بەموعجیزەیەکی ئیلاهی گەیشتۆتە شاری باوەڕدارانی خوداوەند کەلەترسی کوردە کافرەکانی مەملەکەتێکی هاوسێیان هەڵهاتوون و لەو شارەدا خۆیان پەنا داوە، ئیماندارەکان پێشتر هەموو شتێك لەبارەی سەلمان- وە دەزانن، هەروەك ئەوەی لەغەیبەوە ئاگادار کرابێتنەوە، پێش ئەوەی سەلمان هیچ بڵێت شیری حوشتری لەکاسەیەکی گڵیندا بۆ دێنن و ئەویش بەخواردنەوەی شاگەشکە دەبێت و پرسیاری ئەوە دەکات: "ئاخۆ ئەوەی کەخواردوویەنی شیری چ ئاژەڵێکە"، ئەوانیش حوشترێکی بۆ دێنن تا بەکامی دڵی خۆی تێی بڕوانێت و لێی وردبێتەوە، دواتر باسی پیرۆزی ئەو ئاژەڵەی بۆ دەکەن کەلەکاتی پێویستدا و ئەو دەمەی خاوەنەکەی لێی بقەومێت، ئەگەر ئیماندار بێت ئەو دەم وەك



بنیادەمان دەکەوێتە قسان و ئامۆژگاری خاوەنەکەی دەکات و ئەگەر بەگوێی بکات لەمیحنەت رزگاری دەبێت.

ئیماندارەکان هەر پێشتر دەزانن سەلمان کوردەو خوداوەند وەك فریادڕەسێك بۆ ئەوانی ناردووە تا سوود لەئەزموون و شارەزایی وەربگرن و لەئایندەیەکی نزیکدا وڵاتی سەختی کوردان داگیر بکەن.. ئیماندارەکان پاش پشوودانی سەلمان و حەسانەوەی پرسیاری چۆنیەتی شەڕکردن و زۆر شتی تری کوردی لێدەپرسن و سەلمانیش لەوەڵامدا دەڵێت:

( کاتێك نەمدەزانی چۆن لەنێو بیابانەکە بێمە دەرێ و گیرۆدە بوو بووم، بەڵێنم دا گەر خوداوەند لەو میحنەتە رزگارم بکات، تا دوا ساتەکانی ژیانم دژ بەهەر کوردێکی کافر و بێباوەڕ بجەنگێم کەتا ئەم ئان و ساتە بێجگە لەمن هیچ ئیمانداریکی تریان تێدا نییەو هێنانە سەرباری کوردیش زۆر ئاستەمە، رەنگە گەر منیش لەنێو ئەو بیابانەدا وێڵ نەبوومایەو ئەو پیرەمێردەم نەبینیایە، باوەڕهێنانم ئاستەم بووایە... خاتر جەم بن لەجێی ئەوەی چاوەڕێی هێرشی ئەوان بن بۆ سەرتان من دەبمە چاوساغتان و لەتوولە رێگەو رێچکەی زۆر نهێنییەوە دەتانبەمە نێو شارە مەحکەمەکانیان و تا کڕنۆش بۆ خوداوەندی تاك و تەنها نەبەن لێیان دەکوژین و ماڵ و حاڵیان زەوت دەکەین، وەك سەگ پەت دەکەینە ملی گەورە پیاوانیان، هەر چییەك نەشیاو و نەکردە بێت دەیکەین، ئەوە باش بزانن خەڵکانێکی منجڕ و کەللەرەق و عینادی وەك کورد مەگەر تەنها

ئاگر و ئاسن نەرمیان بکات، ئەگینا مەحاڵە لەزمانی گفتوگۆی لەسەرەخۆو نەرم و نیان حاڵی بن، ئەوان مەگەر بەبیینی شاڵاوی خوێن بسڵەمێنەوەو شایەتمان بێنن ).

زاتە نورانییەکانی ئەو شوێنە بەقسەکانی سەلمان زۆر خۆشییان دێت و وەك برایەك یەکەیەکە لەئامێزی دەگرن و لەو ساتەوە دەبێتە یەکێك لەوان و دەوڵەمەنترین زاتی نوورانی ئەو شوێنە نیو بەنیو ماڵ و حاڵی خۆی لەگەڵ بەش دەکات، تاکار دەگاتە سەر ئەوەی نیو بەنیوی کەنیزەکەکانیشی بداتێ.

سەلمان سەرسامانە لەو هەموو بەخشەندەیی و میهرەبانی و میوان دۆستییەی ئەوان دەڕوانێ، بۆیە هێندەی تر شێلگیرتر دەبێت لەسەرخستنی باوەڕدارانی ئەو شوێنە بەسەر کوردی دوژمنیاندا و هەر لەسەرەتاوە هەموو شێوەو تەکنیکی شەڕەکانی کوردیان بۆ باس دەکات و یەکە یەکەی خاڵە لاوازەکانی ئەوانیان بۆ ڕووندەکاتەوەو سەرجەم ئەوەی سەبارەت بەچۆنیەتی ئەشکەنجەدان و سزادانی کوردانەوە دەیزانێ دەرحەق بەنەیارانیان، وەك خۆی بۆیان دەگێڕێتەوە.

هەر هەموو زاتە نورانییەکان بەسەرسامییەوە گوێیان بۆ سەلمان هەڵدەخەن و ڕۆژ بەڕۆژ شتی نوێی لێوە فێر دەبن و بەتایبەتیش زۆریان چێژ لەچۆنیەتی و چەشنی ئەشکەنجەدانی کورد وەردەگرن و تەنانەت یەکێکیشیان کەبەجەبەروتی سەحاف ناسراوە بڕیار دەدا هەموو قسە تایبەتییەکانی سەلمان دەرحەق بەچۆنیەتی ئەشکەنجەدانی کوردانەوە بنووسێتەوە.



کاتێك سەلمان باسی شێوازی کەوڵکردنی مرۆڤیان بۆ دەکات، بەو پەڕی شڵەژانەوە گوێی لێدەگرن و سەرەتا نازانن باوەڕبکەن بەوەی کەدەیبیستن و وەك ڕاستییەك تێی بڕوانن یان وەك خەیاڵێکی حیکایەت ئامێز، بەڵام بڕوا بەخۆبوونی سەلمان لەکاتی ئاخافتنیدا و سەرباری تۆنی یەقینانەی قسەکردنی وایان لێدەکات باوەڕ بهێنن، ئەوەی لەو دنیا زەبانییەکان و جەللادەکانی دۆزەخ بەرانبەر بەکافر و بێبڕوایان دەیکەن، کورد لەم دنیایەدا دەرحەق بەخۆی و نەیارەکانی دەیکات، حیکایەتی هەڵسوکەوت و چۆنیەتی بیر کردنەوەی کورد سامناکترین حیکایەت دەبێت کەتا ئەو دەمە ئیماندارەکان گوێبیستی بووبێتن؟!.

پیرترین ئیماندار پاش شانە کردنی ردێنی پەرش و بڵاوی و خوێندنەوەی چەند دوعایەکی شووکرانە بژێری، ڕوو دەکاتە سەلمان و بەدەنگێکی هێمنانەوە دەڵێت:

( چی بکەین بۆ ئەوەی توخمی ئەو قەومەی تۆ باسیان دەکەیت لەسەر دنیا بسڕینەوە، ئەوانەی تۆ باسیان دەکەیت زۆر خراپترن لەقەومی لوت و هود و هەموو ئەو قەومانەی کەخوا غەوری کردوون و لەناوی بردوون، سەیرە باسی ئەو قەومە لەکتێبە پیرۆزەکەماندا نەهاتووە، دەبوو خوداوەند ئاگادارمان بکات لەبوونی قەومێکی ئاوا ترسناك، بەڵام ڕەنگە ئەو قەومە بەتەوایی لەلایەن خوداوەندەوە لەبەر هەر هۆکارێك بێت بەتەواوی لەبیر چووبێتنەوە، یان ڕەنگە لەبیری خوداوەند

نەچووبێتنەوەو بەڵام بیەوێت بەناو نەهێنانیان لەبیر بچنەوەو لەیادی هەمووان‌دا بسڕدرێنەوە، بێگومان ناو نەهێنانیان لەکاتێکدا ئەوان هەن، حیکمەتێکی خوداوەندانەی لەپشتەو ڕەنگە پەنهان و نهێنییەك لەمەسەلەکەدا هەبێت، ئەقڵی ئێمە بەئاسانی پەی پیٚ نەبات ).

سەلمانیش لەوەڵامدا دەڵێت:

( کورد ئەو قەومەیە کەتوانیویەتی بەدرێژایی مێژوویەکی دوور و درێژ لەدەرەوەی بوونی ڕاستەقینەی دنیا خۆی بمێنێتەوەو کارێك بکات خواش ئاگای لێی نەمێنێت، بەخۆڕا ساڵانێکی دوور و درێژ نەبۆتە کۆچەری و کوێستان و گەرمێنی نەکردووە، تابەڕێکەوت تیرەیەکی ئەو ڕەگەزە پێش چەندین ساڵ لەشاری ینامێلس گیرساوەتەوەو لەو دەمەوە تیرەو هۆزەکانی تریش بەچاولێکەری ئەم شار و ئەو شاریان بۆ خۆیان بنیات ناوە).

لەشەوی ڕەبیع ئەلئەوەلی یەکێك لەساڵەکاندا کاتێك سەلمان لەگەڵ پیرترین ئیمانداردا لەکەنار شاردا و لەژێر ئاسمانێکی ساف و بێگەرددا زیکری خوداوەندیان دەکرد و هەردووکیان بەکوڵ دەگریان و فرمێسك چاوەکانی لێڵ کردبوون، گوێیان لەدەنگێك بوو زۆر لەنزیکەوە لەگەڵیان دەدوا، هەرچەند سەریان بەچوار دەوری خۆیاندا گێڕا، کەسیان نەهاتە پێشچاو، لەکاتێکدا هەردووکیان ڕەنگیان هەڵبزڕکابوو، دەنگەکە پێی گوتن:



( مەترسن و بۆم مەگەڕێن من تەنها دەنگم، دەنگێکم لەو دەنگانەی کەپاش مەرگی خاوەنەکانیان لەدنیادا دەمێننەوە، من پێش ئەوەی ئاوا بەڕەهایی لەدنیادا بگەڕێم، بەشێك بووم لەجەستەی پیاو چاکێك کەهەردەم لەپێناو حەق و حەقیقەتدا دەجەنگا، ئەو پیاوە زۆر دەمێك ساڵ لەمەوپێش و لەرۆژێکی باراناویدا فریشتەیەکی شەکەت و ماندووی لێدەر دەکەوێت و پێی دەڵێت:

" وەك هەواڵم پێگەیشتووە ئێوە پیاو چاکن و هەر بۆیە کەسێکی لەخۆم باڵاتر فەرمانی پێکردووم بێمە لات و پێت بڵێم کەبۆئەوەی ئەم دنیایە هیچ خراپەیەکی تێدا نەمێنێت، پێویستە تۆ لەپاش خۆت وەسیەتی لەناوبردنی قەومێك بکەیت کەهێشتاکە سەریان هەڵنەداوەو بەنەبوو حیساب دەکرێن، بەڵام لەرۆژگارێکدا ئەو قەومە ئەم دنیایە کاول دەکات و چی خوداوەند پێی ناخۆش بێت ئەوە دەکات و لەهەموو یاسا و ڕێساکانی زەمین و ئاسمان لادەدات، هەر بۆیە هەر لەئێستاوە ئێمە دەقێکت پیٚ ڕادەگەیەنین کەبەڕۆحێکی شیعریی تێکەڵ بەسەجع و قافییەکی پێشتر بەکارنەهێنراو بەناوی " لافنا"، کەباس لەتەفر و توناکردنی ئەو قەومە دەکات، باس لە بەدیلکردنی ژن و کچانیان دەکات، باس لەزیندە بەچاڵکردنی سەرتاسەری نێرەکانیان دەکات، باس لەبنەبڕکردنی تەواوی ئەو ڕەگەزە دەکات، باس لەکاولکردنی شار و گوندەکانیان دەکات، تا ئەو دەمە ئێوە دەبێت پشتاو پشت ئەو دەقە وەك

خۆی بگوێزنەوە، تا لەو رۆژگارەدا کەدادێ دەسەڵاتدارێکی پیاو چاکی ئەو زەمانە بەئیلهام وەرگرتن لەو دەقە، فەرمانی خوداوەند بێنێتە جێ و ئەوەی لەسەر شانیەتی دەرحەق بەپاك کردنەوەی زەمین لەو تاوانکار و گوناهبارانە بیکات". جا بەو پێیەی هەرچەندە پاش خۆی ئەو دەقەی بەنووسراوی بۆ کەسانێکی تر جێهێشت و وەسیەتی کرد کەتا ئەو رۆژەی کەخوداوەند بۆخۆی دەیزانێ ئەو دەقە بپارێزن، بەڵام شەیتان بۆ نەهێنانە دی فەرمانی خوداوەند، جۆرە مێروو و مۆرانەیەکی تایبەتی نارده نێو ئەو گۆزەیەی کەدەقە نووسراوەکەی تێدا هەڵگیرابوو، زۆر بەخێرایی دەستنووسەکەیان خوارد و بۆ هەتا هەتا ئەوەی کەنووسرابوو کەوتە نێو هەناوی ئەوانەوەو ئەوەی کەخوداوەند فەرموو بووی شوێنەوارێکی نەما، ئێستاش وا من بەمەبەستی هێنانە دی فەرمانی خوداوەند وا هاتوومەتە لاتان و لێتان رادەبینم ئەوەی لەدەقەکەدا هاتووە وەك خۆی بیهێننە دی ).

پاش ئەوەی دەنگەکە چەند جارێك دەقەکەیان بۆ دەخوێنێتەوەو هێدی هێدیش بۆیان راڤە دەکات و سەرجەمی ئەوەی کەدەبێت لەداهاتوودا رووبدات لەبەرچاودا بەرجەستە دەکات.. ئەوەشی لەبیر ناچێت کەباسی ئەوەیان بۆ بکات کەلەبەر دەستێوەردانی شەیتان و بەهاناچوونی ئەو قەومەوە، هەموویان ناکوژرێن و بەشێکیان بەرەو شوێنانی دی هەڵدێن، هەر بۆیە پێیان دەڵێت:



( بەو پێیەی ئەوان شەریکی شەیتانن، وا بەئاسانی لەناو ناچن و پێویستە هەر چەند ساڵێك جارێك و هەر ئەوەندەی ئیمانداران تواناو بڕستیان هەبوو، هێرشەکان دووبارە بکرێنەوە، بەڵکو تا نزیك رۆژی قیامەت کەسیان نەمێنێت، لەبنڕا بڕێنەوەو تەواو بن، ئەگینا ئەو قەومە بەگژ مەسیحیشدا دەچن، ئەو دەمەی لەنێو مردووان هەڵدەسێتەوەو دێتەوە نێو دنیای زیندووان و جارێکی تر بانگهێشتیان دەکات بۆگرتنە بەری رێگەی حەق و جەنگان لەگەڵ شەیتاندا، ئەو قەومەی کەپێیان دەگوترێت کورد گەر بەریان پێ نەگیرێت جارێکی تر مەسیح لەخاچ دەدەنەوەو لەجاری پێشووی لەخاچدانی دڕندەتر ئەشکەنجەی دەدەن و لەژمارەی مێخەکانی یەکەمینجاری زیاتر مێخ بەجەستەیدا دادەکوتن و بگرە زۆر لەوە زیاتریش ناهێڵن وەك یەکەمینجار لاشەکەی دیار نەمێنێت، تا کەسانێك دواتر بانگەشەی زیندووبوونەوەی بکەن، لەهەمووشی سەیرتر بەشێوازی کوردەواری دەرحەق بەهەر مردوویەك کەڕکیان لێی بێت تێڵایەکیش لەکۆمی دەبڕن و لەهەموو شوێنێکیشدا بەشوێن مارینا ناوەکاندا دەگەڕێن تا ئەتکیان بکەن ).

کاتێك دەنگەکە لەقسەکانی دەبێتەوە دەستی بەرز دەکاتەوەو بەڕادەیەك دەستی بەرز دەبێتەوە کەئیدی چاو نایبینێت و لەوێشەوە شمشێرێکی بریقەداری ئاگراوی دێنێتە خوارێ و دەیداتە دەست سەلمان و پێی دەڵێت:

( تۆ لەمڕۆ هەڵبژێردراوی خوداوەندی بۆ لەناوبردنی ئەو قەومە خودا نەناسە نەگریسە نەفرەت لێکراوەی کەخوداوەند بەهەشتی بۆ هەتا هەتایە لێ حەرامکردوون، تەنانەت ئەگەر تۆبەش بکەن و پاشگەزیش ببنەوە لەوەی کەکردوویانە، خوداوەند ئەوانی بێبەش کردووە لەمەرحەمەتی خۆی و تەنها کەسێکی ئەو قەومە کەبەدیداری خوداوەند شاد دەبێت و بەهەشت بەچاوی خۆی دەبینێت ئێوەن.. لەمڕۆوە تۆ دەبیتە چاو ساغی لەشکری ئیمانداران و بەرەو شار و گوند و شوێنە کوردنشینەکانیان دەبەیت، بەم شمشێرە ئاگراوییە تا پێت دەکرێت سەری ئەو کافرانە لەلاشەیان بکەرەوە، تاپێت دەکرێت لێیان بکوژە، تا پێت دەکرێت شار و گوندیان کاول بکە، تاپێت دەکرێت کچ و ژنیان بکەرە کەنیزەکی ئیمانداران و خوداوەند لەخۆت رازی بکە، تاپێت دەکرێت سەگەکانیان بتۆپێنە، ئەو سەگانەی تەنها لای ئەوان پیرۆزە ).

بەرەبەیان ئیمانداران جوانترین ئەسپی خۆیان بۆ سەلمان هێناو پاش ئەوەی یەکە یەکەیان پۆشاکی جەنگیان پۆشی، سەلمان وەك پاڵەوانێکی ئەفسووناوی هاتە بەردەم سوپای ئیمانداران و بەدەنگێکی دلێرانە تاهێزی تێدا بوو وەك شێر نەڕاندی:

( ئەی جەنگاوەرانی حەق و ئیمان، ئەی شەهیدانی رێگەی بەجێ هێنانی فەرمانەکانی خوداوەند، ئەی بەچکە شێرانی سەرخستنی فەزیلەت، ئەی سەربازانی بەرزکردنەوەی ئاڵای حەقیقەت، ئەی ئەوانەی تا دوا دڵۆپە خوێنتان لەپێناو



گەیشتنە بەهەشتدا دەجەنگن، ئەی داکۆکیکاران لەئەخلاق و عیلم و مەعریفەت، بزانن خوداوەند یەکەمین کاری خۆیمان پێدەسپێرێت، ئەویش سەربڕین و لەناوبردنی قەومێکی کافرە، قەومێکی هەمیشە شەریکی شەیتان، قەومێکی دڵڕەق و دزێو، قەومێك لەبەچکە جنۆکە.. ئێمەین ئیماندارانی رێگەی راست، کەئەو قەومە لەناو دەبەین و بۆ هەتا هەتایە دەیانبەینە دەرەوەی مێژوو، ئێمەین پەرستگەکانیان خاپوور دەکەین، ماڵ و موڵك و سامانیان زەوت دەکەین، ئێمەین لەگۆڕی بەکۆمەڵدا زیندە بەچاڵیان دەکەین، ئێمەین کچان و ژنانیان بەپێی پەتی لەملەکەتی خۆیانەوە تا نێو دارخورماکانی خۆمانیان دەهێنین، ئێمەین ئەوانەی دەچینە نێو مێژووەو تازە رانەوەستین، لەمڕۆ خوداوەند پێویستی بەئیماندارانێك نییە، تەنها زیکری بکەن، لەمڕۆوە خوداوەند ئیمانداری جەنگاوەری دەوێت، خوداوەند پێویستی بەوانەیە کەرۆژهەڵات و رۆژئاوای دنیای بۆ فەتح دەکەن، دەبێت ئەوە باش بزانن هەر لەنەوەی ئێمە پیاوێك دروست دەبێت رۆژئاوا فەتح دەکات، هەر لەنەوەی ئێمە یەکێکی دی دروست دەبێت دەگاتە چین.. ئەی ئیمانداران لەپێناو گەیاندنی پەیامی خوداوەند بابەرەو پێشەوە، بێسڵکردنەوەو دوو دڵی هەنگاو بنێین، دڵنیا بن هیچ لەبەردەم ئێمەدا خۆی راناگرێت.. ئەمە سەرەتایە، سەرەتایەك کەهیچ کاتێك کۆتایی پێنایەت، تاقیامەت ئێمە لەگەڵ نەوەکانی شەیتاندا دەجەنگێین، ئیدی جەنگ کۆتایی نایەت و هەموو

ئەوەی کەدەبێت روودبات قەدەرمانە، لەکاتی شکست و بەزیندا دوو دڵ مەبن لەڕەحمەتی خوداوەند، دڵنیا بن ئەو بەسەدان شێوە ئیمانمان تاقی دەکاتەوە، ئەی ئیمانداران دەبێت خاوەنی ئیمانێکی پۆڵایین بن تا ئەو رۆژەی لەتوخمی ئێمە ئیمانداریکی ووره پۆڵایین، ئیمانداریکی راستەقینە، ئیمانداریکی باڵابەرزی نوورانی کەناوی ئوسامەی کوڕی لادنەو چاوەکانی شەوقی بەهەشتی لێدەبارێ، پەیدا دەبێت و دنیای کافران کاوول دەکات.. بەرزترین قوولەی خۆ بەزلزانین و گەورەیی ئەوان بەفەرمانی ئەو مەزنە لەچرکە ساتێکدا دەبێتە خۆڵەمێش، لەچرکەساتێکدا دوو قوولەو هەموو قەحپە و گەوادەکانی نێوی دەسووتێن.. ئەو پیاوە مەزنە گەورەترین بت کەلەدنیادا تا ئەو سەردەمەی ئەو دروست کرابێت، بەقودرەتی قادر و بەتەنها فوویەکی ئەو لەگەڵ عەرد دەبێتە یەك، ئەو پیاوە دەبێتە ئەو فریادڕەسەی کەلەهەموو شوێنێکدا بوونی دەبێت، دەبێتە ئەو پیاوەی لەسەردەمی خۆیدا کەس لەو ناسراوتر نابێت، ئەو پیاوە هەموو دنیا دەکاتە ئاگر تا هەمووان هەمیشە دۆزەخیان بیر بکەوێتەوەو هەردەم لەیادیان بێت).

پاش ئەوەی سەلمان لەقسەکانی بۆوە، رەشەبایەکی وا هەڵیکرد بەبێ ئەوەی ئیمانداران لەشوێن خۆیان ببزوێن، بەقودرەتی قادر کاتێکیان زانی گەیشتوونەتە خاکی کوردان و لەبەردەم دەروازەکانی شاری ینامێلس- دا راوەستاون، بێسڵمینەوە بەرەو شار هەنگاویان ناو زۆر ئاسانتر لەوەی تەسەووریان



دەکرد بەماوەیەکی هێجگار کەم سەرجەم شاریان گڕ تێبەردا و گشت نێرینەکانیان دەستە دەستە فڕێدایە نێو ئەو چاڵە قووڵانەی کەدەبوو بەدەستی خۆیان بۆخۆیان هەڵیبکەنن، سەرجەم کیژۆڵە پاکیزەکانیشیان هێنایە بەردەست سەلمانی سەرکردەیان، تا بۆخۆی کامەیانی پێ باشە سواری بێت و ئەوانی تریش بۆ ئەوان جێ بهێڵێت.. سەلمان حەوت کیژۆڵەی چاوشینی پرچ زەردی منداڵکاری بۆخۆی هێشتەوەو ئەوانی تری بۆ ئەوان جێ هێشت و پاش شوکر و سەنای خوداوەند، یەکەمین کیژۆڵەی کوننەکراویان بۆ سەلمان بردە ژوورەوەو کاتێك کیژۆڵەکە لەوە حاڵی بوو سەلمان بەڕەگەز لەخۆیانە، تفێکی خەستی کردە نێو چاوانی و تاپێی کرا زریکاندی و گوتی:

( تۆ خائین و خۆفرۆشیت.. تۆ ناپیاو نامەردیت..).

## من و ساتیا

سەیرترین ساتەکانی من و ساتیا ئەو ساتە بوو کەبەڕووتی لەئێوارە وەختێکدا، لەنێو یەکێك لەکۆڵانەکانی ئەندەلوس- دا بەشوێن شتێکدا دەگەڕاین کەنەماندەزانی چییە؟!.

لەو دەمەدا کەلەژێر ڕۆشنایی چرایەکی هەڵواسراوی بەردەم باڵەخانەیەکی کۆندا ڕاوەستابووین، خاڵێکی ڕەشی سەر مەمکی چەپی ساتیا- م بەرچاو کەوت کەپێشتر نەمبینیبوو. کاتێك پرسیاری ئەوەم لێکرد کە کەی و چۆن ئەو خاڵە لەسەر مەمکی پەیدا بووەو جەختم کردە سەر ئەوەی کەپێشتر نەمبینیوە.

وەك ئەوەی زامێکی کۆنیم کولاندبێتەوە، دوای کەمێك سڕبوون و ماتیی، بەحوزنێکی شاعیرانەو بەدەنگێکی پڕ لەحەسرەتەوە، گوتی:

( ئەو خاڵە یەکەمین نیشانەی ژیانێکی پڕ لەکڵۆڵی و نەگبەتیی بوو، ئەو مامانەی لەسەر دەستی لەدایك بوو بووم، یەکەمین شت ئەوەی بەدایکم گوتبوو کەهیچ کاتێك نەخۆم خێر لەخۆم دەبینم و نەکەسیش خێرم لێدەبینێت، پێی گوتبوو هەر کچێك ئەو چەشنە خاڵە لەسەر مەمکی چەپی هەبێت، دەرئەنجام



دەبێتە سۆزانی و سەری خۆی و خێزانەکەی بۆ هەتا هەتایە شۆڕ دەکات، تەنانەت ئەوەشی پێگوتبوون کەباشترین چارە هەر بەساوایی زیندە بەچاڵکردنمە. بەڵام نازانم چۆن دایکم کەباوەڕی بەهەموو خورافاتێك هەبوو باوەڕی بەمامانەکە نەکردبوو، یان گەر باوەڕیشی کردبێت نەیویستبوو کەس تێبگات و بەرانبەر بەبێدەنگ بوونی مامانەکەش پارەیەکی باشی دابوویە و پێی گوتبوو هەرگیز ئەوەی کەبەوی گوتووە، بەکەسی تری نەڵێت.. هەرچەندە هیچ کاتێك مامانەکە هیچی نەگوت و کەسیش بەو پێشبینیەی نەزانی، بەڵام دواجار ئەوەی کەگوتی هاتە دی و بوومە سۆزانی.. لەو ڕۆژەدا کەدایکم بەبۆن و ڕەنگ و بۆو هەندێ گۆڕانکاری دی کەلەمندا ڕووی دابوو بەو ڕاستیەی زانی کەمن هەموو شتێکم لەدەست داوە، بەچاوی فرمێسکاوییەوە کەوتە گێڕانەوەی پێشبینی مامانەکەو پاشان گوتی:

( تۆ کچی تاقانەم بوویت و لەم دنیایەدا پاش مەرگی باوکت تەنها دڵم بەتۆ خۆش بوو، چەند جارم پێگوتی لەخوا هەڵمەگەڕێرەوەو دوای ئەوانە مەکەوە کەبەباس و خواسە تازە بابەتەکانیان کەسانی وەك تۆی پێ فریو دەدەن، چەندم پێگوتی بیر لەگۆڕینی دنیا مەکەرەوە، کچم ئەمە دەرئەنجامی هەر کەسێکە کەسیاسەت بکات، با ئیدی ئەوان فریات بکەون، دەزانیت چەند سامناکە تۆ کچ نەبیت، یانی ئیدی ناکرێت شوو بکەیت، ئەگەر شووش بکەیت مەحاڵە کەشف نەبیت و پێ

نەزانرێت کەکون کراویت، ئەگەر پێش نەزانرێیت ئەوەی کەکوونی کردووی، بۆخۆی بەباسکردنی ئەوەی لەگەڵی کردوویت حەیات دەبات.. نازانم چیت لێ بکەم، ئەی هاوار خوایە من چی لەکچێکی بێ بن بکەم، چی لەکچێك بکەم بۆنی شەهوەت لەجەستەی بێت، چی لەکچێك بم شەرەفی خۆی هەراج کردبێت و ناموسی خۆی بەخۆڕا فرۆشتبێت، داواکارم لەخوا کەبتکوژێت و منیش ببەخشێت کەبەقسەی مامانەکەم نەکرد و هەر پاش لەدایك بوونت نەمکوشتیت، دەبوو بمزانیایە هیچ کچێکی مەرد بەو نیشانەیەوە لەدایك نابێت، خوداوەند بەو نیشانەیەوە تۆی هێنایە دنیاوە تابتکوژین، کەچی منی تاوانبار دەستم نەچووە خوێنتان و بەدرێژایی ساڵانێك لەخوداوەند پاڕامەوە کەئەو ڕۆژەم پیشان نەدا، بەڵام دواجار ئەوەی مامانەکە گوتی هاتە دی...).

ویستم ئاراستەی قسە پڕ لەحوزن و کەدەراوییەکانی ساتیا بگۆڕم و لەپڕ گوتم:

( وابزانم "تاریقی کوڕی زیاد" نەهاتۆتە نێو ئەم شارەوەو ئەو تەنها مالاگای داگیرکردووە.. دەزانیت لەو ڕۆژەوە کەتۆ باسی ئەو زاتەت بۆ کردووم زۆر بەقووڵی بیر لەکردەی سووتاندنی کەشتییەکان دەکەمەوە، بەڕاستی ئەو پیاوە شایانی ئیعجابە، وانییە..کەم کەس هەن بوێرن بیر لەشتێکی وابکەنەوە، زۆر کتێبی جەنگ و شەڕە مێژووییەکانم خوێندۆتەوەو ئەو ڕاستییەم لابۆتە یەقین کەهەمیشە سەرکردە سەربازییەکان،



پێش ئەوەی دەست بکەن بەجەنگ، پلانی کشانەوە دادەنێن. کەچی ئەو زاتە هەموو هێڵێکی کشانەوەو گەڕانەوە دواوەی لەخۆی و جەنگاوەرەکانی بڕیوە.. ڕەنگە لەهەموو مێژوودا شتێکی دیکەی لەو چەشنە ڕووی نەدابێت و جارێکی دیکەش ڕوونەدات.. ئاستەمە شتێکی لەو چەشنە ڕوویدات وانییە؟!).

باش بوو فێڵەکەم سەری گرت و ئەوی ئاشق بەرووداو و کەسایەتییە مێژووییەکان، یەکسەر قسەکانم بزواندیان و پاش ڕۆچوونە نێو خەیاڵێکی قووڵ و تێفکرین، گوتی:

( ئەو زاتە خودی بیرمەند و نووسەرە ڕۆژئاواییەکان زۆر پێی سەرسامن و دان بەتوانای بێسنووریدا دەنێن، سەدان کتێبیان لەسەر نووسیووە، ئاخر شتێکی ئاسایی نییە، تۆ بەژمارەیەکی کەم لەجەنگاوەران پێ بنێیتە سەر خاکی ولاتێك کەپێی ئاشنا نیت و بۆ یەکەمینجارە دەیبینیت و نازانیت چی چاوەڕێتەو سەرباری ئەوەش تەنها ڕێگەیەکی کشانەوەت نەهێڵیت و بەو پەڕی یەقینەوە ڕووبەڕووی دوژمنێکی نەناسراو ببیتەوە..ئەو زاتە بەڕاستی پاڵەوانێکی ئەفسانەییەو مەگەر هۆمیرۆس- یێك بتوانێت داستانەکەی بگێڕێتەوە.. زۆر جار کەبیری لێدەکەمەوە هەست دەکەم ئەوەی لەبارەیەوە دەیگێڕنەوە زیاتر لەخەیاڵ نزیك دەبێتەوە وەك لەوەی کەڕاستی بێت، ناچێتە ئەقڵەوە توانیبێتیان کیشوەرێك فەتح بکەن، کەجەنگاوەرانی وەك ڤایکینگ- ەکانی تێدا دروست بووە.. ئەو جەنگاوەرانە باوەڕیان بەوە هەبووە کەتەنها جەنگاوەرە ئازاو چاوەنەترس و

بکوژەکان دەتوانن بچنە بەهەشتەوە، بەهەشت بەخەیاڵی ئەوان پڕ بووە لەو جەنگاوەرانەی کەهەزاران کەسیان کوشتووە، ئەوان پاش ئەوەی بەخواردنی جۆرە قارچکێکی ئەفیوناویی خۆیان بەنج دەکردو دواتر بەشێوەیەکی هستریانە بەئاگا دەهاتن، هێزێکی لەبن نەهاتووی ئەفسووناوی لەبەدەنیاندا دەگوزەراو لەکوشتن زیاتر و شەڕکردن بەو لاوە بیریان لەهیچ شتێکی تر نەدەکردەوەو هەر ئەو توانایەش بوو وای لێکردن سەرجەم ئەوروپا داگیر بکەن و سەدان کڵێسا و شار و گوند وێران بکەن و سەدان هەزار کەس بکوژن...).

هەر بۆ ئەوەی زیاتر بیوروژێنم، گوتم:

( بەڵام ڤایکینگەکان لەئەسکەندەناڤیاوە هاتوون و خەڵکی ئیسپانیا نەبوون، مەبەستم ئەوەیە رەگەزیان لەگەڵ خەڵکی ئەو شوێنە جودایە کە تاریقی کوڕی زیاد داگیری کردووە ).

گوتی:

( بەڵام پاش هێرشە بەردەوامەکانیان وەك باسی لێوە دەکەن گوایە گەیشتوونەتە هەموو شوێنێکی کیشوەری ئەوروپا و دەڵێن نیو بەنیوی مێینەکانی سەرجەم ئەوروپایان لەو دەمەدا گاوەو ئەوەی سواریشی نەبووبێتن مەگەر لەبەر ناشرین بوونی بووبێت، یان بەرێکەوت لەدەستیان هەڵهاتبێت و چنگ نەکەوتبێت ).



لەوەدا بوو درێژە بەقسەو باسەکە بدەم، کاتێك گوێمان لەهاواری کەسێکی زامدار بوو، تاگەیشینە لای گیانی داو مرد.. چەقۆیەکی دەسك شین لەلاقەپرغەی چەقی بوو.

ئەمە یەکەمینجار نەبوو کەسێکی کوژراو لەشەقامەکانی ئەندەلوس– دا ببینین.

هێدی هێدی گەیشتینە بەردەم ئەو گۆڕەپانەی کەلەسەردەمی خۆیدا رۆژئاواییەکان پاش راو دوونانی موسڵمان و جولەکەکان زۆرترین ژمارە لەخەڵکی موسڵمان و جولەکەیان تێدا سەربڕیبوو، کاتێك لەعەردە بەردەڵانەکەی ورد دەبوویتەوە، واتدەزانی هێشتاکە فوارەی خوێن لەمابەینی درزی بەردەکانەوە رێچکەی بەستووە، لەسەردەمێکی ئەم شارەدا هەر کەسێك بەراز خۆر نەبووبێت پاش ئەوەی رووبەڕووی توندترین ئەشکەنجە بۆتەوە کوژراوە، بیرکردنەوە لەئەندەلوس بەبێ بیر کردنەوە لەو خوێنەی تێیدا رژاوە مەحاڵە...لەناکاو گوتم:

( بەڵام هەست ناکەیت بەرەگەز بەربەرێکی وەك تاریقی کوڕی زیاد و بەرەگەز کوردێکی وەك سەلمانی فارسی، هەردووکیان لەو رووەوە لەیەك دەچن، کەسەرباری فەتح کردنی ئەو شوێنانەی داگیرکردنیان ئاستەم بووە، بوونەتە گەورەترین لەمپەری ئازاد بوونی رەگەزی خۆیان و ئێستاشی لەگەڵدا بێت نە بەربەرەکانی هاوڕەگەزی تاریق و نەکوردەکانی هاوڕەگەزی سەلمان بەهیچ مافێکی خۆیان نەگەیشتوون و وەك دوو توخمی گەڕ و گول و نەفرەت لێکراو لەدەرەوەی مێژوو ماونەتەوەو

هەردەم لەگەڵ قەرەج فەرقێکی ئەوتۆیان نییە، سەرتاپای ژیانیان هەڵهاتن و کلۆڵی و کارەسات و تراژیدیا بووە.. رەنگە لەڕوویەکەوە وا راستر بێت ئەو دوو زاتە لەلایەن هاوڕەگەزەکانیانەوە وەك دوو تاوانباری گەورە سەیر بکرێن و بەر نەفرەتیان بکەون، ئاخۆ تۆش پێت وانییە؟! ).

تا قەیرێك ساتیا وەك ئەوەی گوێی لێم نەبووبێت و خەیاڵی لەشوێنێکی تر بێت، هیچی نەگوت و دواتر بەڕیتمێکی هێمن و لەسەرخۆ، پاش نرکەو نوزەیەکی سەیر گوتی:

( — رەنگە نەزانن ئیعجابی من بەتاریق تەنها لەو رووەوەیە کەئەو توانی ئاستەم بێنێتە دی و شتێك بکات کەتەنها بەو دەکرا .

— بەڵام سەلمان— یش توانی پێشڕەوایەتی داگیرکردنی خاکێکی ئاستەم بکات، وانییە..

— نەخێر هەرگیز وانیە، هیچ کاتێك داگیرکردنی خاکی کوردان ئاستەم نەبووە، چونکە هەردەم چەندین پارچەی جیا جیا بووەو هیچ کاتێك نەبۆتە یەك، لەنێو کورددا هیچ کاتێك جەنگاوەرانی ئازای وەك ڤاینگینگەکان دروست نەبووەو دروستبوونیشی ئاستەمە، کورد هەر کاتێك دەسەڵاتێکی هەبووبێت بەچەشنێك کەوتۆتە وێزەی هاوڕەگەزەکانی، کەبەناچاری داگیرکاریان لەو پێ باشتر بووە.. گرێیەکی دەروونی سەیر لەناخی کورددا هەیە، گرێی خۆبەکەم زانینێکی بێوێنە بەرانبەر بەداگیرکارانی خاك و زێدیان، بڕوانە سەرجەم



شۆڕشەکانی کورد، دواجار جارێکی تر پاش بەدەستهێنانی دەسکەوتێك، هەر بۆخۆیان بوونەتە هۆکاری لەدەست دانی و بەپێی خۆشیان چوونەتەوە بەردەست ئەو دوژمنەی ساڵانێك لەدژی یاخی بوون و داوای گەڕانەوەیان کردووە، سەرباری پاڕانەوەو لاڵانەوە تا بیانبەخشێت سەبارەت بەوەی ساڵانێك لەدژی کردوویانە...

— نازانم من وای نابینم، رەنگە هەلومەرجەکان لەبار نەبووبێت و بەناچاری سەرجەم سەرکردەکانی کورد پاش ساڵانێك لەشەڕ و پێکدادان و جەنگان لەدژ دەسەڵاتی داگیرکاران، دواجار بەناچاری خۆیان بەدەستەوە دابێت و بەحوکمی داگیرکاری خاك و زێدیان قایل بووبێتن.

— خۆ بەدەستەوەدان و تەسلیم بوون، چارەنووسی سەرجەم ئەو سەرکردە کوردانە بووە کەلەرۆژگارێکدا خەڵکێکی زۆر باوەڕی پێیان هەبووەو لەپێناو ئەوەی ئەوان گوتویانە خەڵکێکی زۆر گیانی خۆی بەخت کردووە، بەڵام دواجار ئەوانەی ماون، بەچاوی خۆیان خیانەتی ئەو زاتانەیان بینیوە.

— بەڵام هەست ناکەیت تۆش بەناچاری بوویتە سۆزانی و هیچ ئیختیارێکی خۆتی تێدا نییە، بەبەراورد لەگەل ئەوەی ئەواندا لەڕوویەکەوە هەمان شتە، وانییە...

— سۆزانی بوونی من کارێکی شەخسییەو زیانی بۆ نەتەوەو میللەتێك نییە، من بازرگانی بەخوێنی خەڵکانێکی بێتاوانەوە ناکەم و کەس بەناوی گەیشتنە ئازادی و سەربەستی و دەیان

دروشمی ناشرین فریو نادەم، ئەوەی کەمن دەیکەم تەنها زیانی بۆخۆم هەیە...

– بەڵام ئاخۆ لەگەڵ ئەوەشدا هەست ناکەیت کورد بوونت وەك سۆزانییەك لەکەیەك بێت بەناوچەوانی کوردەوە و داب و نەریتی کورد ئەمەی پێ قبووڵ نەکرێت و خەڵکێکی زۆر لەتۆ و کەسانی وەك ئێوە نیگەران بن.

– نەخێر بەپێچەوانەوە رەنگە ئێوە ماوەیەکی زۆر بێت لەکوردستان بێخەبەر بن و ئاگاتان لەو هەموو کەین و بەینەی ئێستا نەبێت، چما ئێستا هەر خودی پارتە سیاسییەکانی کورد نییە رۆڵی گەواد دەبینن و دەیان رێکخراو و گروپ و کەسانی هەن بەناوی ئازادی و سەربەست بوونی مێینەکانی کوردەوە، پاش رێکخستن و فێرە یاخیبوونکردنیان، دواجار خۆیان لەژێر بەرپرسێکی کورددا دەبیننەوەو دواتریش هەر ئەو بەرپرسە دەبێتە گەوادی و بۆخۆی پێشکەشی نوێنەری کۆمپانیاو لایەن و کەسانی سەر بەو هێزە دەوڵەتیانەی دەکات کەگوایە لەمرۆدا پشتیوانی لەکورد دەکەن و کورد کاری بەوان مەیسەر دەبێت، ئەگەر من بەپێی ئەو خورافیەی مامانەکە بەدایکمی راگەیاندبوو، قەدەرم بوونە سۆزانی بووبێت و هەر لەدایك بوونمەوە نیشانەکانی سۆزانی بوونم وەدەرکەوتبێت، بەڵام تۆ بڵێیت هەموو ئەو کچە داماوانەی بۆ پەیدا کردنی بژێوی ژیانیان ناچاربوون دەستە بدەنە کارکردن و تەنها کەسانێکی دەسەڵاتداریش کەدەیانتوانی بیانخەنە سەر کار بەبێ



سواربوونیان کاریان بۆ مەیسەر نەدەکردن، ئاخۆ ئەمانە هەموویان خۆیان وابوون یان والێکران، ئاخۆ هەموو ئەو بەند و بالۆرەیەی بەناوی نێرسالاری و باوکسالاری و مێرد سالاری و هەموو سالارییەکانی تریش هەر بۆ ئەوە نەبوو، مێینەی کورد سەرەتا بەیاخی بوون ئاشنا بکەن و دواتریش لەکون و کەلەبەر و سووچ و پەنای بارەگاو شوێنە حیزبییەکانیاندا سواریان بن، ئەگینا پاش هەموو ئەوەی کەگوتراو کرا، چی لەژیانی مێینەی کورد گۆڕدرا، مەگەر ناچاربوونی بێت بەقبووڵکردنی هەموو ئەو دەست درێژییە سێکسییەی کەدوژمنانی کورد سەرباری مێژووی دوور و درێژی دەسەڵاتیان بەچەشنی ئەمانیان پێنەکرا...

– ئەی سەردەمانی شەڕەشێر و هێرشە یەك لەدوای یەکەکانی داگیرکاران بۆ کوردستان دەرئەنجامەکەی سواربوونی سەرجەم ئەو مێیینانە نەبووە کەکەوتوونەتە بەردەستیان..

– بەڵام لەوەدا ئیختیارێك نەبووە، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ بەمێیینەی کورد دەکرێت لەژێر پەردەی ئازادی سێکسی و ئیختیاری خۆیدا دەکرێت و لەراستیدا پرۆژەیەك بوو زۆر زیرەکانە کاری بۆکراو دواجار توانیان زۆرترین نێو گەڵی مێینەکانی کورد فەتح بکەن، دەستپێشکەری ئەم فەتحەش بەرپرسانی هێزە سیاسییەکانی کورد خۆیان بوون ).

## خەونێکی سوڵتان سلێمان

لەکاتێکدا کە سوڵتان سلێمانی قانوونی لەپاڵ پیرەمێردی نێو تابووتەکەدا راکشابوو، لەناکاو چاوی چووە خەو و خەونی بەبارانێکی بەتاو و خوڕەوە بینی کەهەر پاش خۆشبوونەوەی، دیمەنی شارێکی خاپوورکراوی هاتە پێش چاو و کاتێکیش لەراوێژکارەکەی دەپرسێت:

( کێ ئەو شارەی بەو حاڵە گەیاندووە ).

راوێژکارەکەی لەوەڵامدا دەڵێت:

( قوربان ئەی پێش بارانەکە ئێوە نەبوون بەدەیان هەزار جەنگاوەرەوە فەتحی شارەکەتان کرد و درێغیتان نەکرد لەکوشتنی سەرجەم خەڵکەکەیدا، هەرچەند پێمان گوتی:" قوربان بەشی ئەوە خەڵك بهێڵەرەوە تابیانکەینە کۆیلەو لەکاری پێویستدا بەکاریان بهێنین".. کەچی ئێوە لەوەڵامدا گوتتان:" ئەمانە لەتوخمی گورگن و دەستەمۆ نابن و مانەوەی تاکە کەسێکیشیان بۆ ئێمە موسیبەتە، ئەی لەبیرتان چوو چۆن بەپشتیوانی سەفەوییەکان لێمان یاخی بوون و هێندەی نەمابوو



بەشێکی زۆری مەملەکەتەکەمان داگیر بکەن، ئەمانە خەڵکانێکن وەفایان بۆ کەس نییەو شایانی کوشتنن"...).

سوڵتان پاش داڵغەلێدان و رۆچوونە نێو تێفکرینێکی قووڵەوە گوتی:

( بەبیرم نایەت من شتی وام گوتبێت، تۆ دڵنیایت من ئەم هەموو شتانەم گوتوە ).

راوێژکار دەڵێت:

( قوربان تۆبڵێی من درۆ بەدەمی بەڕێزتانەوە بکەم و شتێکتان پێ بڵێم کەڕووی نەدابێت، نازانم بۆ ئەوەندە زوو هەموو ئەوەتان لەبیر چۆوە کەهەر کەمێك لەمەو پێش ئەنجامتاندا، لەکاتێکدا لەسەر بەڵێنی جەنابتان دەبوو پاش فەتحکردنی ئەم شارە نەگریسەی کەلەپێناو فەتحکردنیدا زۆرترین ژمارە جەنگاوەری چاونەترس و ورە پۆڵاینمان کوژران و سەرجەم رێگەو بان و شەقام و کۆڵان و کوچەکانی شارەکە بەخوێنی گەشی ئەوان سوور هەڵگەڕان، لەکاتێکدا خوێنی دوژمنە کوردەکانمان کاتێك دەڕژایە سەر عەردی شارەکە، جگە لەو بۆنە ناخۆشەی کەلێوەی دەهات بەڕەنگیش سوور نەبوو، رەنگێکی تەڵخی مەیلەو رەشی هەبوو.

سوڵتان بۆ تاوێك لەهەزاران پەڵەخوێنی سوور و رەشی سەر عەردی شارەکە رادەمێنێت و بەچاوی خۆی ئەو قەل و داڵاشانە دەبینێ کەلاشەی کوژراوەکان هەنجن هەنجن دەکەن و بەکەماڵی

ئیستراحەت و بێ سڵەمینەوەو پەلەپروزێ کردن خەریکی چێژبینن لەو هەموو کەلاکانەی لەبەردەمیاندایە.

سوڵتان روو دەکاتە راوێژکارەکەی و دەڵێت:

( – تۆ دڵنیایت کەهەموومان کوشتن و کەسیان دەربازیان نەبووە ؟!

– قوربان مەگەر ئەوانە رزگاریان بووبێت کەپێشتر بەسەفەر یان بەئیش و کارێك شارەکەیان جێ هێشتبێت، ئەگینا هەموو ئەوانەی کەلەشارەکەدا بوون، کەسیان لەدەستمان رزگاری نەبوو، بەمنداڵی ساواو مێینەکانیشیانەوە.

– باشە پێشتر من هیچ شارێکی ترم والێکردووە؟

– نەخێر قوربان هیچ شارێکی ترت بەم حاڵە نەگەیاندووە، هەمیشە بەشی ئەوەندە خەڵکت تێدا هێشتۆتەوە کەدواتر بەکەڵکمان بێن، ئەمە بێجگە لەوەی بێجگە لەم جارە هیچ کاتێك رێگەت بەکوشتنی مێینەکان نەداوەو پاش تەواو بوونی جەنگ جوان و جحێلەکانیانمان لەگەڵ خۆبردووە..بەڵام ئەمجارە سوور بوویت لەسەر ئەوەی کەنابێت هیچ مێینەیەکیشیان بمێنێت، رەنگە سوور بوونتان لەسەر کوشتنیان پێوەندی بەوەوە هەبێت کەزۆر ناشرین و کوڵکن و دزێون، یان پێوەندی بەوەوە هەبێت کەوەك لەبارەیان دەگێڕنەوە بەئاسانی رام نابن و سانا سێکسیان لەگەڵ ناکرێت و مەگەر پاش دارکاری و ئەشکەنجەدانێکی زۆر و چوار پەل بەستنەوەیان بکرێت شتەکەیان لەگەڵ بکرێت.



– ئەی ئاژەڵ و پەلەوەر و زێڕو زیو و شتەبەنرخەکانی تر چییان لێهات؟

– هەر پێش ئەوەی ئێمە بگەینە ئێرە سەرجەم ئاژەڵ و پەلەوەرەکانیان ژەهر خواردکردبوو.. پاش فەتحکردنی شارەکەش لەهیچماڵێکدا جگە لەمەشکە و کوندەو دیزەو پنەو تیرۆك و شتی لەو چەشنە بەولاوە هیچی ترمان نەبینییەوە، یەك خەنجەرمان دۆزییەوە کەسەرەتا وامان زانی دەسکەکەی زێڕە، بەڵام دواتر سەیرمان کرد تەڵای زێڕکراوەو ساختەیە.

– ئەی کەواتە بۆ داگیرمانکرد؟

– تەنها لەبەر ئەوەی هەر هەموومان بەخوێنی ئەم رەگەزە تینوین و دەبوو تۆڵەی هەموو لاسارییەکانیان لێ بکەینەوە، بەتایبەتیش خەڵکی ئەم شارە کەهەردەم بۆتە شوێنی دەسپێکی هێرشی سەفەوییەکان و خەڵکەکەی بەدڵ و بەگیان هاوکاریان بوون.

– ئەی ئێستا دەچین بۆ کوێ؟

– قوربان تازە راناوەستین، تائەو شوێنەی کەلەبەر هەر هۆو هۆکارێك بێت، نەتوانین بچینە پێش و ئەو دەم دەشێت بەفەرمانی بەڕێزتان بکشێینەوە؟

– دەترسم ئاقیبەتی ئەم بەرەو پێشچوونەمان وەك ئاقیبەتی بەرەوپێش چوونە بەردەوامەکانی یەکێك لەپاشاکانی هیندستان– ی لێ بێت، کەئیدی ئەسپەکەی لەئاقارێکدا رادەوەستێت و لەوە زیاتر ناچێتە پێش و کاتێکیش زۆری

لێدەکات، دەکەوێتە قسان و بەزمانێکی ڕەوان بەپاشا دەڵێت:" بۆ کوێ بڕۆین، تۆ تائێستا سێ بەشی دنیات داگیرکردووەو تەنها یەك بەشی ماوە، دەبێت بیر لەوە بکەیتەوە پاش داگیرکردنی ئەو بەشەش چی دەکەیت و خۆت بەچییەوە سەرقاڵ دەکەیت، بۆیە واباشترە ئەو بەشە جێ بهێڵیت و تەنها بەخەیاڵ بیر لەداگیرکردنی بکەیتەوەو کاتەکانی خۆت بەوەوە بکوژیت، باشترە لەوەی لەم دنیایەدا هیچ شوێنێك نەمابێتەوە کەداگیری بکەیت، دەکرا ئەگەر داگیرکردنی مانگ ئاستەم نەبووایە، پاش داگیرکردنی ئەم بەشەی دنیا بیرت لەداگیرکردنی مانگ بکردایەتەوە، بەڵام بەوپێیەی ئەوە ئاستەمە لێ گەڕێ با ئەم بەشەی دنیا بەداگیر نەکراوی بمێنێتەوە.. پاشا بەگوێبیستی قسەکانی ئەسپەکەی هەر یەکسەر دەگەڕێتەوەو تامردن تەنها بەخەیاڵ بیر لەداگیرکردنی ئەو بەشە داگیرنەکراوەی دنیا دەکاتەوە.

— بەڵام قوربان ئێوە بێجگە لەو کاتانەی کەسواری ئەسپ و سواری مێینە تازەباتەکان دەبن، نائاسوودە دەبن و تاسەر ئێسك هەست بەنیگەرانی و ناڕەحەتی دەکەن، جا چ سواربوونی ئەسپ پێویستی بەگۆڕەپانێکی گەورەو فراوان و بگرە بێسنووریشە تا ئەسپەکەتانی تێدا تاو بدەن و باشترین گۆڕەپانیش بۆ ئەمە گۆڕەپانی جەنگە.. چ ئەو مێینە کوننەکراوە تازەبابەتانەی کەئێوە بۆی دەگەڕێن، باشترین شوێنی بەدەست هێنانی ئەو شار و شوێن و جێگەیانەیە



کەفەتح دەکرێن، چونکە ئەو جۆرانە هیچ دەستێکیان نەبینیوەو هەر یەکسەر و بۆ یەکەمینجار خۆت سواریان دەبیت.

— ڕەنگە قسەکانت ڕاست بێت، بەڵام هەست ناکەیت من لەئێستادا لەپاڵ پیرەمێردەکەدا ڕاکشاوم و خەون دەبینم؟!.

— بەڵام لەهەمان کاتیشدا و هەر لەم ساتەوەختەدا، ئێوەن لەبەرزاییەکەوە دەڕواننە ئەو شارەی کەهێندە نابات فەتحتان کردووە؟

— تۆبڵێی هەموو ئەوەی کەتائێستا کردوومەو ئەوەی لەمەو دوا دەیکەم وەهمێك نەبێت؟!.

— نەخێر قوربان ئێمە گەواهی ئەوە دەدەین کەهەموو ئەوەی کردووتانەو هەمووی ئەوەشی دەیکەن، ڕاستییەو ئێمە بەچاوی خۆمان دەیبینین.

— بەڵام ناکرێت چۆن لەسەلمانێك زیاتر هەیە، ئاواش لەسوڵتان سلێمانی قانوونییەك زیاتر هەبێت، کێ دەڵێ دوای من چەندین سوڵتان سلێمان— ی دیکە حوکم ناکەن؟!.

— بەڵام قوربان ئەگەر لەدوای تۆ چەندین سوڵتان سلێمان— ی تریش لەمێژووی دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا هەبن، ئەوە بەدڵنیاییەوە ئێوە نین و کەسیش لەگەڵ ئێوە تێکەڵیان ناکات، ئێوە سەرباری هەموو کارە مەزنەکانتان ئەو سوڵتان سولێمان قانوونییەن، کەئەندازیارێکی بیناسازی وەك سینانی میعمار کاری بۆ کردوون و هەر مانەوەی کارەکانی ئەو بەسە بۆ وەبیرکەوتنەوەی ئێوە، لەپاشەڕۆژدا خەڵکی سەری سووڕ

دەمێنێت بەو قوولەو باخچە هەڵواسراوانەی کەبەچەشنی باخچە هەڵواسراوەکانی بابل بۆتە یەکێك لەشتە عەجایبەکانی دنیاو بۆ هەتا هەتایە ناو و ناوبانگی ئێوە وابەستەی ئەو عاجبایەتییەیە دەبێت کەئەو زاتە دروستیکردووە، یان ئەو تێکەڵکردنەی توخمی جانەوەری تاسمانیا و پڵنگی کێویی هیمالایا، لەلایەن زاناکانی ئێوەوەو هێنانەکایەی توخمێکی نوێ کە بەهیچ جانەوەر و گیاندارێکی پێشووتری ناچێت و هاوچەشنی نییە لەدنیادا، ئەمەو دەیان شتی زۆر سەیر و سەمەرەی تر کەتەنها لەرۆژگاری حوکمی ئێوەدا هاتۆتە کایەوە..بۆ نموونە پێش ئێوە لۆچی زێی مێینەکان نەدەسمراو ئەڵقەی تێ نەدەکرا.. پێش زەمەنی ئێوە تەنانەت دوای ئێوەش تەسەوور ناکەم هیچ نێرینەیەکی تاوانکار و نەیار بەدەسەڵاتی مەعالیتان تێڵای تێبپڕێت و بەزەکەر هەڵبواسرێت.. سەردەمی ئێوە سەردەمی جوانییەکان بوو، جوانی ئەوانەی لەکاتی زمان بڕینیاندا هەلوەسە دەیگرتن، جوانی ئەوانەی لەکاتی داغکردنیاندا دەگریان و دەپاڕانەوە، جوانی ئەوانەی کەبەزیندوویەتی چاویان دەردەهێنراو نەیاندەزانی کوێر بوون و داوای هەڵکردنی چراکانیان دەرکرد، یان لەباشترین حاڵەتدا وایاندەزانی دنیا بۆخۆی تاریك بووەو پاش ماوەیەك ڕووناك دەبێتەوەو ئەو دەم ئەوانیش دەبینن، جوانی هەموو ئەو مێینە کوننەکراوانەی کەجەنابی عالیتان بەپەنجە کونتان دەکردن و ئەوانیش دەگریان بۆ لەدەستدانی ئازیزترین شوێنیان



کەسالأنێکی دوور و درێژ هەوڵی وەك خۆ مانەوەیانیان دابوو، جوانی هەموو ئەو کەللەسەرانەی کەلەبەردەرکەی سەرەکی شاردا هەڵدەوەسرا و هەموو خەڵك بەو پەڕی شەیدابوون و هەست کردن بەجوانی دیمەنی ئەو کەللەسەرانە، هەبوون لەخۆشیدا گۆرانیان بۆ دەگوت..هەبوون سەمایان دەکرد.. هەبوون بەبینینی ئەو دیمەنە ناوازەو جوانانە لەو ڕۆژەوە دەبوونە شاعیر و لەوە زیاتریش هەندێکیان تێکەڵ بەدنیای تەسەوف دەبوون و هەموو ژیانیان بۆ دۆزینەوەی پێوەندی ئەو کەللەسەرانە بەخوداوەندەوە تەرخان دەکرد و لەحیکمەتی پەڕاندنی ئەو کەللەسەرانە ورد دەبوونەوە کەپاش مەرگیان زۆر جوانترن لەساتە وەختی پێش مەرگیان.. گەورەم ڕۆژگاری ئێوە ڕۆژگارێکی پڕ جوانییە، ڕۆژگارێکە کەهەرگیز لەیادی هیچ جوانی پەروەر و جوانی خوازێك ناچێتەوە، ڕۆژگارێکە لێوان لێوە لەڕۆشنایی بریقەداری هەموو ئەو ئەستێرانەی کەبەڕۆژی ڕووناکیش بریق و باقیان دێت ).

## گەڕانەوەی سەلمان

یەکێك لەسەلمان– ەکانی سەر بەسولالەی سەلمانی فارسییەکان کەزۆر بەناوبانگ و ناسراو نییە، حیکایەتێکی سەیری لەبارەوە دەگێڕنەوە، گوایە پاش ئەوەی لەسەر چیایەك بەردەبێتەوەو دەمرێت، شوانێك لەکەوتنە خوارەوەی بەئاگا دەبێت و ئەویش خەڵکێکی شاری لێ ئاگاداردەکاتەوەو ئەوانیش دەیناسنەوەو بەکۆڵ دەیبەنەوە بۆ شارو لەوێشەوە بەرەو گۆڕستان بەڕێدەکرێت.

بەڵام پاش ماوەیەك خەڵکی شاری ینامێلس سەرسام دەبن بەبینینی سەلمان بەزیندوویەتی و سەرەتا بەترسەوە لێی نزیك دەبنەوەو دوای ئەوەی دڵنیایان دەکاتەوە کەبەزیندوویەتی نێژراوەو ئەوان بەهەڵە وایانزانیوە مردووە، کەمێك ترسیان دەڕەوێتەوەو پرسیاری چۆنیەتی هاتنەدەرەوەی لەگۆڕ لێدەکەن و ئەویش لەوەڵامدا دەڵێت:

( هەر کەناشتیانم بەئاگا هاتمەوەو زۆر هاوارم کرد کەدەرم بهێنن و لەنێو ئەو گۆڕە تاریکەدا بەجێم نەهێڵن، بەڵام هەرچیم کردو کۆشام بێسوود بوو، ئەوە بوو کاتێك شەو درەنگان دوو فریشتەی تایبەت بەلێپرسینەوەی مردووان هاتنە لام و



سەیریان کردم، هەر یەکسەر هەر دووکیان پێکەوە گوتیان:" خۆ نەمردوویت، تۆ لێرەو لەنێو دنیای مردوواندا چی دەکەیت؟!".. لێتان ناشارمەوە لەو کاتەدا لەترساندا هەموو گیانم هەڵدەلەرزی و هەر چەندم کرد نەمتوانی هیچ وەڵامێکیان بدەمەوە.. باش بوو یەکێکیان بەوەی تریانی گوت:" دەبێت کارێك بکەین، کەسێکی زیندووی لێی بەئاگا بهێنین و بەهەر شێوەیەك بێت لەنێو ئەم گۆڕە دەریبهێننەوە!"..ئەویتریان گوتی:" پێویست ناکات هیچی بۆ بکەین، ئەو کەسانەی کەبەزیندوویەتی دەنێژرێن، خۆیان بەئیرادەی خوا دەچنە خەونی کەسێکی زیندووەوەو کەسە زیندووەکەش بەهانایانەوە دێت". دوای ئەوەی جێیان هێشتم، نەمدەزانی چی بکەم تابچمە نێو خەونی کەسێکی زیندووەو داوای لێبکەم دەرمبهێنێتەوە.. هەرچەندە هیچم پێنەکراو بەتەواوی ئومێد بڕاو بووم، بەڵام پاش ماوەیەك پیاوکوژێك کەشەوان لەگۆڕستانەکەدا دەخەوت، بەرەبەیان گۆڕەکەی هەڵدامەوەو هەر کە بەزیندوویەتی بینیمی گوتی:

( ئەرێ تۆ ئەم شەو نەتهێشت بخەوم و سەد جار هاتیتە خەونم و هەر چەند دەمگوت، باشە بەیانی دەرتدەهێنمەوە، جارێکی تر دەهاتیتەوە خەونم و دەتگوت، بەڵام لەیادم نەکەیت، تۆ پیاو کوژیت و ژیانی کەست بەلاوە گرنگ نییە، بەڵام ئەمە بۆ خوا بکە، هەرچەندە پێموانییە باوەڕت بەخواش هەبێت.. ڕاست دەکەیت من هیچ کاتێك باوەڕم بەخوا نەبووە، چونکە ئەگەر

خوایەك لەم دنیایەدا هەبووایەو ئەو قەدەری هەمووانی دیاری بکردایە، ئەوە دڵنیام نەك لەقەدەری مندا بەڵکو لەقەدەری هیچ کەسێکی نەدەنووسی تاببێتە پیاوکوژ، ئەگەر ئەو هەبووایە هەموومانی بەپاکی و بێتاوانی دەهێشتەوە.. دەمەوێت پێت بڵێم من لەبەر خوا تۆ دەرناهێنمەوە، رەنگە لەبەر ئەوە دەرتبهێنمەوە کەشەوێکی تر خەوم لێحەرام نەکەیت، یان نازانم رەنگە هەروا حەزبکەم جارێکیش باشەکردن تاقی بکەمەوە، بەهەرحاڵ زوو وەرە دەرێ و بەخێرایی ونبە لەبەرچاوم ئەگینا رەنگە هێندەی پێ نەچێت هەر بۆ خۆشیی ورگت بدڕم.. بەپەلە لەگۆڕەکە راسام و تاهێزم تێدا بوو هەڵهاتم، راکشانی نێو گۆڕ هیچ کاری نەکردبووە هێز و توانام، تەنانەت ئاوڕیشم لێنەدایەوە تاهیچ نەبێت سوپاسی بکەم ).

یەکێك لەوانەی گوێی لەسەلمان دەگرت گوتی:

( من شوانم و زۆر جار لەگەڵ مێگەلەکەمدا نزیك ئەو گۆڕستانە ماوینەتەوەو نەمزانیوە پیاوکوژێکی تێدا دەخەوێت، خۆ ئەگەر وابووایە ئەوە یەکەم کەس ورگی منی هەڵدەدڕی.. رەنگە ئەوەی بەهانای ئێوەوە هاتبێت خدری زیندە بێت و نەیویسبێت بیناسیتەوەو خۆتی لێکردبیتە پیاوکوژ ).

تا ماوەیەکیش کەس لەحیکمەتی گەڕانەوەی سەلمان حاڵی نەبوو، چونکە زۆر ئاسایی تر بوو کەلەنێو گۆڕەکەدا بمرێت، لەوەی کەکەسێك بەهانایەوە بچێت و بەزیندوویێتی لەگۆڕی بهێنێتە دەر!؟.



پێش بوومە لەرزە گەورەکەی شاری ینامێلس بەچەند رۆژێك، سەلمان پاش ئەوەی لەکۆشکی میر هاتەدەرەوە، سەرۆکی پاسەوانانی میر بەفەرمانی میر، دەهۆڵ ژەن و جاڕچییەکی وەپێش سەلمان خست و بەدەهۆڵ ژەنین و جاڕدان سەرجەم خەڵکی شاریان لەشوێنێکی دیاریکراودا بۆ کۆکردەوە.

سەلمان کەتا ئەو دەمەش هیچ ئەزموونێکی لەوتار گوتن و قسەکردن بۆ خەڵکێکی ئاوا زۆر نەبوو، بەڕادەیەك شڵەژابوو، ئەگەر دەهۆڵ ژەن و جاڕچییەکە زۆریان لێنەکردایە، هەر یەکسەر بەبێ ئەوەی هیچ بڵێت هەڵدەهات.

بەڵام زۆری ئەوان دواجار سەلمان– ی خستە قسەو بەدەنگێکی لەرزۆکەوە گوتی:

( پێش ئەوەی دەهۆڵ ژەن و جاڕچی میر ئێوە بۆ ئێرە بانگهێشت بکەن، من لای میری بووم.. هەر بەیانی زوو خۆم گەیاندە لای و پاش تکایەکی زۆر هێشتیان بیبینم.. دەبوو بیبینم.. چونکە ئەوەی لەخەوندا ئەم شەو بینیوومە شتێکە پێوەندی بەچارەنووسی هەمووانەوە هەیە.. وەك دەزانن من پاش ئەوەی خرامە گۆڕەوە، بەئیرادەی خالق رزگارم بوو، ئەو دەم نەخۆم و نەئێوەش لەحیکمەتی چوونە نێو گۆڕ و دواتر هاتنەدەرەوەم حاڵی نەبوون، بەڵام لێتانی ناشارمەوە من پێشتر سەبارەت بەکەسایەتی ئەو کەسەی کە لەگۆڕەکەی هێنامە دەر راستم پێنەگوتن، چونکە ئەو زاتە پیاوکوژ نەبوو، وەك ئەو دەم یەکێکیشتان گوتی رەنگە خدری زیندە بووبێت، نەخێر ئەویش

نەبوو.. ئەوەی منی لەگۆڕ هێنایە دەر جادووگەرێکی سەر و سیما سەیری نامۆ بوو، ئەو شەوەی من لەنێو گۆڕدا بووم، ئەو رێی گەیشتبووە گۆڕستانەکە.. هەر بەیانی کەگۆڕەکەی هەڵدامەوە، گوتی هەرگیز دەرمنەدەهێنایتەوە ئەگەر نەمزانیایە دەرهێنانەوەی تۆ لەگۆڕ پێوەندی بەپێشبینییەکەوە هەیە دەرحەق بەشاری ینامێلس و من لەلایەن هێزە غەیبییەکانەوە راسپێردراوم تا لەڕێگەیەکی دوورەوە بێمە ئەم گۆڕستانەو شەوێك تێیدا بمێنمەوە تابزانم کامە مردووی بەزیندوویێتی نێژراوە..کاتێك پێمگوت، ئەی بۆ هەر خۆت نەچوویتە شار و بەخەڵکەکەیت رانەگەیاند..لەوەڵامدا گوتی:

" یەکەم من کەسێکی نەبینراوم و تەنها ئەوانە دەتوانن بمینن کەبەزیندوویێتی لەگۆڕ دەهێنرێنە دەر و لەلایەکی تریشەوە هاتنە دەرەوەی تۆ لەگۆڕو گەڕانەوەت وایان لێدەکات باوەڕ بەپێشبنییەکە بهێنن.. دیارە ئەو گرنگییەی کەهێزە غەیبییەکانیش بەو شارەی دەدەن لای منیش پرسیارەو وەڵامەکەشی نازانم و هیچیشم لەوبارەیەوە لیٚ مەپرسە.. پاش گەڕانەوەت چاوەڕێبە تا لەخەوندا پێشبینییەکەت پیٚ ڕادەگەیەنین، ئەو دەم بچۆرە لای میر و بەقودرەتی هێزە غەیبییەکان ئەویش باوەڕت پێدەهێنێت و دواتریش خەڵکەکەی".

دوێنیٚ شەو لەخەوندا پێم ڕاگەیەندرا کەئەگەر ئەمڕۆ هەر هەمووومان زۆر بەخێرایی ئەم شارە جێنەهێڵین، ئەوە کەسمان



لەئێوارەدا بەزیندوویێتی نامێنین، چونکە ساتەوەختی دەستپێکی ئەو بوومەلەرزەیەی ئەم شارە سەرو ژێر دەکات لەئێوارەدایە، ئەگەر دەتانەوێت نەمرن هەر ئێستا ماڵ و حاڵی خۆتان جێبهێڵن و بەرەوە گۆڕستانەکە بکەونە ڕیٚ، لەوێدا هەمووومان سەلامەت دەبین و کەس زیانی پێناکەوێت ).

ساتیا پاش گێڕانەوەی ئەوەی پێشتر لەناکاو راوەستاو گوتی:

( پێدەچێت هەر ئەوەندەم سەبارەت بەو سەلمانە لەیاد مابێت، زۆر دڵنیاش نیم لەوەی کەبۆم گێڕایتەوە، رەنگە هەندێك شتم لەخەیاڵی خۆمەوە خستبێتە سەر ).

## خۆکوشتنی ساتیا

پێش ئەوەی لەگەڵ ساتیا بچمە نێو ئەو کلێسە کاسۆلیکییەی کەدەکەوتە ژێر سێبەری کۆمەڵێك درەختی چڕ و پڕی هەمەچەشن، پێشتر لە شاری ینامێلس تەنها کلێسەیەکی ئەرمەنییەکانم بینیبوو کەزۆر جیاواز بوو لەکلێسەی کاسۆلیکەکان. لەکلێسەی ئەرمەنییەکاندا هیچ وێنەو کۆتەڵێکی مەسیح و مریەم– ی تێدا نەبوو. کاتێك لەو برادەرە ئەرمەنییەم پرسی کە لەگەڵی چووبوومە نێو کلێساکە گوتی:

( ئێمەی ئەرمەنی لەنەوەی هایك– ی کوڕی نوح– ین، دەتوانیت پارچەی کەشتیەکەی نوح لەکلێسەکەی ئێمەدا ببینیت، ئێمە باوەڕمان بەوە نییە مەسیح خوداوەند بێت.. مەسیح کەسێکە وەك ئێمە، تەنها ئەوەندە هەیە لەپێناو ئێمەدا گیانی بەختکرد، ئەگەر ئەویش نەبووایە یەکێکی تر لەجێی ئێمە گیانی خۆی بەخت دەکرد.. ئێمە لەدوعاکانماندا پاش ئەوەی سێ جار هاوار بۆ خوداوەند دەکەین، دواجار دەڵێین: ئەی ئەو کەسەی لەپێناو ئێمەدا گیانی خۆی بەختکرد.. بەڵام ناوی کەس ناهێنین. ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە خوداوەندە نەك مەسیح، مەسیح تەنها مرۆڤێکە وەك ئێمە!؟ ).



لە کلێسای کاسۆلیکەکاندا بۆنی شێداری و کۆمەڵێك بۆنی تر بەچەشنێك تێکەڵ دەبوون کە بۆ ماوەیەك کەسانی رانەهاتوو بەو بۆنانە سەریان وەگێژ دەچوو. لەو ساتەدا کەچووینە ژووریٚ کەسانێك خەریکی هەڵکردنی کۆمەڵێك مۆم بوون. کۆتەڵی مەسیح زۆر بەبەرزییەوە هەڵواسرابوو، ئەوەی مریەمیش لەسووچێکی بەشی سەرەوەی کلێساکەدا دانرابوو، بەڵام وەك زۆربەی کۆتەڵەکان، عیسای بەساوایی لەباوەشدا نەبوو، بەڵکو عیسا لەنێو منداڵدانییەوە سەری هێنابوویە دەرو بەشێوەیەکی نائاسایی سەری هەڵبڕیبوو، سەری عیسا زۆر گەورەتر بوو لەسەری ساوایەکی ئاسایی و چاوەکانیشی زیاتر بەچاوی مرۆڤێکی کامڵ دەچوون، وەك لەوەی بەچاوی ساوایەك بچن.

ساتیا پاش چاوگێڕانی بەکلێساکەداو قەدەرێك رامانی لەو باڵندەیەی لەو دەمەدا هاتبووە نێو کلێساکەو بەبەرزییەوە باڵەفڕەی بوو، هاتە بەردەم کۆتەڵەکەی مریەم و سەرەتا زۆر بەتەوس و گاڵتەپێکردنەوە تێی دەڕوانی و جار جارەش دەخەنییەوە، بەڵام لەناکاو وەك ئەوەی شتێك روویدابێت، بەچەشنێك پەشۆکا کە تا ئەودەمەش پەشۆکان و شڵەژانی لەو چەشنەم بەڕووکارییەوە نەبینیبوو، لەو دەمەدا زۆر بیرم لەهۆکاری ئەو شڵەژانەی کردەوە، تەنانەت پەیوەستیشم کرد بەهاتنە دەرەوەی نائاساییانەی سەری مەسیح لەنێو منداڵانی مریەمەوە...؟!.

ئیدی پاش ئەوەی لەکڵێساکە چووینە دەرو قەدەرێك ڕێمان کرد، هەر ئەوەندەی پرسیاری هۆکاری ئەو شڵەژانەیم لێکرد، لەناکاو دەستیکرد بەڕشانەوەو بەو چەشنە بەردەوام بوو.. بێئاگا چەندین شەقاممان تێپەڕکردو ڕشانەوەکەی هەر بەردەوام بوو.. پەیتا پەیتا دەڕشایەوەو زەرداوێك لەزارییەوە دەهاتە دەر، بەسەر زۆر ئۆتۆمبێلی ڕاوەستاوی کەنار شەقامەکاندا ڕشایەوە، لەزۆر کەنار و سووچی شەقامەکاندا بەچیچکانەوە دانیشت و ڕشایەوە، بەم شێوەیە بەردەوام بوو،

تاگەیشتینە نزیکترین خەستەخانەو پاش ئەوەی ئیستیمارەیەکم لەزانیاری پێویست سەبارەت بەساتیا پڕکردەوەو ناو و ئەدرەسی خۆشم لەخوارەوەیدا نووسی، کارمەندێکی ڕەش پێستی ئەوێ پێی گوتم، کەئیدی دەبێت بڕۆم و سبەی بۆم هەیە بێمەوە بۆ ئەحواڵ پرسینی و لەئێستادا چارەسەرکردنی بۆ ئەوان جێ بهێڵم... بەبێهوودەییەوە خەستەخانەکەم جێهێشت...

بەدرێژایی ئەو شەوەی کەساتیا لەخەستەخانە بوو، بیرم لەهۆکاری ئەو شڵەژان و تێکچوونە نا ئاساییەی دەکردەوە، بەڵام هەرچییەکم کردو کۆشام هەر لەخۆمەوە پەیوەستم دەکرد بەبینینی سەری مەسیحی هاتووە دەرەوەی نێو منداڵانی مریەم و خەیاڵم بۆ هیچ شتێکی تر نەدەچوو.

پێشتر هیچ کاتێك لێم نەبیستبوو کەنەخۆشییەکی هەبێت!؟ تەنانەت بەڕووکاریشیەوە دیار نەبوو کەهیچ دەرد و



نەخۆشییەکی هەبێت.. کەڕۆژ بۆوە بەخێرایی خۆم گۆڕی و بەپەلە خۆم گەیاندە نێو خەستەخانەکەو هەر بەبینینی دەمووچاوی کارمەندە ڕەش پێستەکە شتێك شڵەژام، پاش ئەوە هەستی بەشڵەژانم کرد خۆی خەریکی پێچانەوەی جانتاکەی کردو لەوەدا بوو لەدەرکەی سەرەکی خەستەخانەکەوە بچێتە دەر، بەپەلە بەری دەرکەکەم پێگرت و گوتم:

( – چیبووە؟

– دەوامی من تەواو بووە، دەتوانیت لەگەڵ ئەو کارمەندە قسە بکەیت کەلەجێی من دەوام دەکات؟.

– تکایە ئەو نەخۆشەی کەلاتانە کەسێکی زۆر گرنگە لام و چیبووە پێم بڵێن!؟.

– بەڵام ڕەسمیاتی ئیشەکەمان وایە، من ئیتر سەلاحییەتی گوتنی هیچ شتێکی تایبەت بەنەخۆشەکانم نییە...).

هەرچەندە زۆر بەجدییەتەوە قسەی دەکردو سوور بوو لەسەر هەڵوێستی و منیش نەمدەزانی بۆ بەو شێوەیە بەوە گرتبووم، خۆ دەکرا بەقسەی بکەم و لەو کارمەندە بپرسم کەلەجێی ئەو دەوامی دەکرد.. ئیدی لەناکاو گوتی:

( ساتیا خۆی کوشت؟!.. ئەگەر نەشهاتیتایە پۆلیس بانگهێشتیان دەکردیت بۆ تەحقیق؟!).

هەواڵی خۆکوشتنی ساتیاو پۆلیس و تەحقیق و دەستبەسەرکردن و ناردنەوە بۆ وڵات و دنیایەك وێنەی پچڕ پچڕ و تێکچڕژاو تێکەڵ بوون، بۆ ساتێك هەموو هیوایەك

لەبەرچاومدا داڕما، بەتایبەت دەمزانی دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە بۆ هۆکارێك دەگەڕێن تا پەناهەندەکانی پێ بنێرنەوە، نەمدەزانی خۆکوشتنی ساتیا لەنێو خەستەخانەیەکی ئەواندا چ پێوەندییەکی بەمنەوە هەیە لەکاتێکدا دەبێت ئەوان بەرپرسیاربن لەخۆکوشتنی، لەو ساتەدا کەدەبوو خەفەت بۆ ساتیا بخۆم و بیر لەو بوونەوەرە بکەمەوە کەتوانی درێژترین بەسەرهاتم بۆ بگێڕێتەوە کەتاوەکو ناسینی ئەویش گوێبستی بەسەرهاتێکی ئاوا درێژ نەبوو بووم، ماجەراکانی سەلمانی فارسی وەك ئەوەی ئەو بۆی گێڕابوومەوە، بوو بووە بەشێکی خەیاڵ و ئەندێشە پەرتەوازەکانم. ئەو بوونەوەرە یەکەمین مێینە بوو خۆیم بخاتە بەردەست، سەرباری زۆر شتی تریش کەلەو کاتەدا بەتێکەڵ و پێکەڵی بەبەرچاومدا گوزەیان دەکرد.. کەچی بیستنی ناوی پۆلیس و تەحقیق، ئەو هەستە قووڵانەمی شێواند کەبەرانبەر بەو زاتە هەمبوون، چەندم کرد نەیانهێشت لاشەکەی ببینم و وەك دەستبەسەرێك پاسەوانەکانی خەستەخانەکە لەژوورێکدا دەرکەیان لەسەر کلۆم دام.. هێندەی نەبرد پۆلیس گەیشتە لام و لەگەڵ خۆیان بردیانمە بەردەم بینایەکی کۆن کەزیاتر بەشوێنەواری قەڵایەکی داڕماو دەچوو، ماوەیەکی دوور و درێژ تەحقیقی ئەوەیان لێکردم کەئاخۆ هۆکاری خۆکوشتنی ساتیا چی بووە؟!.. ڕاستیەکەی ئەوە پرسیارێك بوو خۆم بەشوێن وەڵامیدا دەگەڕام، لەهەمووشی سەیرتر خۆکوشتنی بوو لەنێو



خەستەخانەیەکدا، وەك موحەقیقەکە بۆی باسکردم شەو درەنگان بەنەشتەرێك کەچنگی کەوتووە شادەماری خۆی بڕیوە.

هەرچییەکم لەبارەی ساتیا– وە دەزانی لەنووکە چەندین جار بۆم گێڕانەوەو جەختمکردە سەر ئەوەی لەو ماوەیەی دوایدا من هیچ لاقەم نەکردووەو کاری سێکسیم لەگەڵی نەکردووە، پاش فەحسکردنی چەند دڵۆپە سپێرمێکم لەڕاستی قسەکانم دڵنیابوون، چونکە مەبەستی سەرەکی ئەوان دۆزینەوەی ئەو کەسە بوو کەلەم دواییەدا پێوەندی سێکسی لەگەڵی هەبووە، چونکە پاش خۆکوشتنی شوێنی ئەشکەنجەدانێکی جەستەیی بەسەرتاپای لەشییەوە بووەو بەبۆچوونی موحەقیقەکەکان خۆکوشتنی پێوەندی بەو چەشنە ئەشکەنجەدانەوە هەبووە، کەلەکاتی سێکسدا کەسێك لەگەڵیدا کردوویەتی، ئەوە بوو دواتر چەند وێنەیەکی جەستەیان پیشاندام و بەچاوی خۆم سەرباری چەندین شوێنی ئەشکەنجەدان ئەو دوو زامە قووڵەم بینی، کەبەشێوەی خاچێك لەسەر پشتی بوو.

ئیدی بەبێ ئەوەی بکەری ئەو کارە بدۆزنەوە، پاش ماوەیەك ئازادیان کردم.. هەر ئەو ڕۆژەی کەئازاد کرام، بەتەنیا بەنێو شەقامەکانی ئەو شارەدا کەوتمە هەنگاونان، کەپێش خۆکوشتنی ساتیا جوانترین شار بوو بەلامەوە، بەڵام ئیدی بوو بووە ناشیرینترین شاری دنیاو بێجگە لەدیمەنی ڕشانەوەی بەردەوامی ساتیا هیچ شتێکی تریم وەبیر

نەدەکەوتەوە، چەند دەگەڕام و دەمویست خۆم بەشتێکەوە بخلافێنم، بەڵام دیمەنی ساتەوەختەکانی رشانەوەکەی ئەو، لەناخەوە تێکی دەدام و وامدەزانی هەموو شوێنێکی ئەو شارە شوێن رشانەوەی ساتیا– یە.



## ماجەرای دوایەمین سەلمانی فارسی

هێندەی نەبرد نەزانینی ماجەرای دوایەمین سەلمانی فارسی، بوو بووە گرفتێکی دەروونی و زۆر بیرم لەوە دەکردەوە، بۆ پێش خۆکوشتنی ئەو ماجەرایەشی بۆ نەگێڕامەوە.
چەند دەمویست بۆ خۆم مەزەندەی بەسەرهاتی ئەو زاتە بکەم، یان هەر هیچ نەبێت لەخەیاڵی خۆمەوە حیکایەتێکی بۆ داتاشم، بەڵام بێ توانایم لەئاست گێڕانەوەی حیکایەتەکاندا دەبووە رێگر و ئەمە جگە لەوەی ئەوەی ئەو دەیزانی و دەیتوانی سەبارەت بەکەسایەتییە مێژووییەکان بیگێڕێتەوە، کارێك نەبوو من دەرۆستی بێم.. هێندە نەزانینی دوایەمین ماجەرای سەلمانی فارسی کاری تێکردبووم، تا گەیشتبوومە ئەو بڕوایەی ئەو لەبەر ئەوە خۆی کوشت تا ماجەرای دوایەمین سەلمانم لابکاتە لوغز و نهێنی و هێندەی تر وابەستەی خۆیم بکات، چونکە پاش خۆکوشتنی و بەماوەیەك زۆر شتی ئەوم لەبیرکرد، بەتایبەت ساتە سێکسییەکانم لەگەڵی، چونکە

نەمدەتوانی وێنای سێکس کردنێك لەخەیاڵی خۆمدا بەرجەستە بکەم کە لەگەڵ کەسێکی لەئێستادا مردوو ئەنجامم داوە، هەستم دەکرد سەرباری ئەوەی بێ ڕێزییە بەرانبەر بەمردوویەك کەبیر لەو ساتانە بکەمەوە، لەهەمان کاتیشدا تارمایی ئەو یادەوەریانە ئەگەر برووسکە ئاساش بەخەیاڵمدا گوزەری کردبایە، ڕشانەوەکانی ساتیای بیر دەخستمەوەو بەمەش بەدەر لەئیرادەو ویستی خۆم گەدەم تێکەڵ دەهات و هێڵنجم دەدا.

ماوەیەکم بەو چەشنە بردە سەرو دواجاریش لەڕۆژێکی باراناویدا بڕیارێکی سەیر بەخەیاڵمدا هات، ئەویش نووسینەوەی ماجەراکانی سەلمانی فارسی بوو بەپەڕاندنی ماجەرای دوایەمین سەلمانی فارسی و بەڵکو گۆڕینی حیکایەتەکانی ساتیا– ش بەچەشنێك کەناوی دوایەمین سەلمانی فارسی نەیەت و نەچێتە ریز بەندی سولالەی سەلمانەکانەوە.. دەمزانی دەتوانم ناوی دوایەمین سەلمانی فارسی لەگێڕانەوەی ماجەراکاندا بسڕمەوە، بەڵام هێشتاکە لەوە دڵنیا نەبووم ئاخۆ بەڕاستی پاش نووسینەوەی ماجەرای سەلمانەکان و پەڕاندنی دوایەمین سەلمان، بەهەمان شێوەش لەزەینیشمدا دەسڕێتەوەو ئیدی هیچ نامێنێت تامن بەساتیاوە شەتەك بدات، ئاخۆ دەکرا بەندبوونم لەماجەراکانی سەلمان– دا بەنووسینەوەی نەهێڵم و جارێکی تر وەك پێش ناسینی ساتیا ئازاد ببمەوە؟!.. ڕەنگە پێش ئەویش ئازاد نەبووبێتم بەڵام هەر



هیچ نەبێت، بەم چەشنەی ئێستا هیچ شتێك نەبوو بەخۆیەوە پەیوەستم بکات و ئاوا گیرۆدەی بم!؟.........

**کۆتایی**

# کتێبە چاپکراوەکانی یانەی قەڵەم

| ز | ناوی کتێب | بابەت | ناوی نووسەر | ناوی وەرگێڕ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | فریوو خۆحەشاردان | چیرۆك | عەتا محەمەد | |
| ٢ | ئایین (هزر سیاسەت) | فیکری | کۆمەڵێك نووسەر | یاسین عومەر |
| ٣ | بەیەکداکێشانی شارستانێتی | فیکری سیاسی | سامئیل هانتینگتۆن | ئاوات ئەحمەد |
| ٤ | سوەیلا | رۆمان | شارام قەوامی | |
| ٥ | رۆژی هاتنەکەی عودەی | چیرۆك | ئاوات عەبدوڵڵا | |
| ٦ | سیماکانی عەقڵانیەتو خورافە | | فالح عەبدولجەبار | ئاوات ئەحمەد |
| ٧ | وەنەوشەکەی چیرۆك | چیرۆك | کۆمەڵێك نووسەر | شیرین.ك |
| ٨ | نەبەهەشت لەسەر زەویدایە | فیکری | کۆمەڵێك نووسەر | ئومێد عوسمان |
| ٩ | فیمینیزم | فکری | نورە فەرج | عەبدوڵڵا تاهیر |
| ١٠ | لەروانگەی خۆرئاواوە | فکری | کۆمەڵێك نووسەر | ئومێد عوسمان |
| ١١ | منداڵباز | رۆمان | فەرهاد پیرباڵ | |
| ١٢ | کیمیاگەرانی وشە | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | کۆمەڵێك نووسەر | یاسین عومەر |
| ١٣ | گوزارشتی مۆسیقا | هونەری | فواد زەکریا | حەمە کەریم |
| ١٤ | خەمەکانی رۆشنگەری | فکری | هاشم ساڵح | ئاوات ئەحمەد |
| ١٥ | یەڵماز گۆنەی | | کۆمەڵێك نووسەر | حەمە کەریم |
| ١٦ | هەناسەی پێخەفەداخراو | چیرۆك | چنوور سەعیدی | |
| ١٧ | سادقی هیدایەت | لێکۆڵینەوە | حەمە کەریم عارف | |
| ١٨ | یادەوەرییەکانی کۆڵانێکی خاپوورکراو | چیرۆك | سیامەند هادی | |
| ١٩ | | شیعر | کەمال ئەمینی | |
| ٢٠ | تیانووسی پاشای هیچ | شیعر | یاسین عومەر ئیبراهیم | |
| ٢١ | لەسێبەری پرسیاردا | دیدار | سەمەد ئەحمەد | |
| ٢٢ | زەمین وەك پرتەقاڵێك شینە | شیعر | پۆل ئیلوار | فەرهاد پیرباڵ |
| ٢٣ | گێلاسی خوێن | رۆمان | عەتا محەمەد | |
| ٢٤ | حەرامترین | چیرۆك | عەلی پێنجوێنی | |
| ٢٥ | رەنگە کاڵبووەکانی دنیا | شیعر | گەروس عەبدولمەلیکیان | مەریوان هەڵەبجەیی |
| ٢٦ | کۆنترۆڵی میدیا و راگەیاندن | راگەیاندن | نوام چۆمسکی | کەریم قادر پوور |
| ٢٧ | مۆزارت، شمشاڵی ئەفسوناوی | هونەری | ئەنیس مەنسور | مامۆستا ئەحمەد |
| ٢٨ | ئەفرێنەرانی خۆر ئاوا | فکری | هاشم ساڵح | ئومێد عوسمان |
| ٢٩ | دەریایەك لەوشە | دیدار | مهاباد قەرەداغی | |
| ٣٠ | داهێنان و مەرگ | لێکۆڵینەوە | سەلاح حەسەن | |
| ٣١ | ژنێ لەبەردەم وەرزێکی | ژیان و بەرهەم | فروغ فروغزاد | ئازاد بەرزنجی |
| ٣٢ | گەڕان بەدوای قولاییدا | چیرۆك | پاتریك زوسکیند | شیرین. ك |
| ٣٣ | پابەندبووین ئەدەبی | لێکۆڵینەوە | رمضان الصباغ | ئاری عوسمان |
| ٣٤ | مێروولەو کۆتر | منداڵان | ئیزۆپ | جەبار سابیر |
| ٣٥ | من و باپیرەو نەنە | منداڵان | ستیوارت همپڵ | جەبار سابیر |
| ٣٦ | دیالۆگ، خەندە، ئازادی | لێکۆڵینەوە | میخائیل باختین | هادی محەمەدی |
| ٣٧ | مامزێر | رۆمان | کاروان کاکەسوور | |
| ٣٨ | ئێمە گوناهین | چیرۆك | هیوا ئەمین نژاد | |
| ٣٩ | شەبەنگی بوون، زایەڵەی.. | راڤەی دەق | هەندرێن | |
| ٤٠ | خۆشم ئەوێی شێتەگیان | منداڵان | ستیوارت همپڵ | جەبار سابیر |
| ٤١ | فریشتەکان | چیرۆك | رەسوڵ یۆنان | جەبار سابیر |
| ٤٢ | پاییزی عومری من | شیعر | ژاوێن شاڵی | |
| ٤٣ | نەتەوەو حەکایەت | وتاری | رێبوار سیوەیلی | |
| ٤٤ | گەمەی اقیژە | شانۆیی | ژان ژینێ | دلاوەر قەرەداغی |